# شانۆ

## باوەڕ

## و

## رەسەنایەتی

هەڤپەیڤینێک

لەگەڵ هونەرمەند < حەمە رەشید هەرەس > دا

PDF4Kurd

# شـــــــانـــــۆ

## بـــــاوەڕ

## و

## رەســــــەنایەتی

هـــەڤپەیڤینیـــێک

لەگەڵ هونەرمەند > *حەمە رەشـــــید هـــــەرەس* < دا

## هـــەڤپەیڤینیـــێک

لەگەڵ

# > *حەمە رەشید هەرەس* < ی

## هـــونـــەرمـــەنـدا><><><

لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری > **خـوێـنـدکـاری کـــورد** < ی

ڕێکخراوی خوێندکارانی سـۆسـیالیستی کورد لە ئەوروپا= سـۆکسـه=

2714 بەهاری/ 2002

==========================================

چەند ووشەیەکی پێویست .....

ئەگەرچی هونەری شانۆ قورساییەکی پێویست و ڕەگوریشەیەکی بە بەراورد بە لایەنەکانی دیکەی هونەر و ئەدەب لە نێو ئێمەدا نییە ، کەچی لەو تەمەنە کورت و پڕ لە هەوراز و نشێوەیدا کە تۆماری کردووە ، لاپەڕەی گەش و پڕ لە مانا و سەرکەوتنی دیاری بۆ نەخشاندووین . سەروەری ئەمەش وەک سەرەتا ، دەستپێک ، لەخۆبووردوویی و ڕەنج کێشان بۆ ئەو هوەنەرمەندە مەزنانە دەگەڕێتەوە کە سەرباری چەندین باری ناهەموار و ژیانی تاڵ و بێلەزەتی بندەستی و تەنانەت ئاستی پەسەند نەکردنی ئەو هونەرە لەلایەن ئەقڵ و کۆمەڵگای پڕ لە دابونەریتی چەسپاوی کوردەوارییەوە ، جێی ڕێزلێنان و مایەی دڵخۆشییەکی بەرچاوە .

ئیدی بۆ هەموان ئاشکرایە، کە هەڵبژادنی خانەیەکی هونەری لەم بابەتە و خۆدۆزینەوە تێیدا و هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوونی چەند دژاورو پڕ لە بەرپرسیارێتیە .

هونەری شانۆ ، گەر لە ئاستی ئەو ئەرکانەدا بێت ، کە پێی ناسراوە و لێی داوا دەکرێت ، هونەرێکی ڕاستەوخۆی کاریگەری بەزەبرە ودەتوانێ بارستاییەکی گەورەی گۆڕان لەگۆمەڵدا لەئەستۆی خۆی بگرێ . بۆ ئەو بارودۆخەیکوردی تێدایە ، شانۆ توانیویەتی گوزارە لەکۆمەڵێ پرسی دۆزی کورد و ڕەهەندی هونەری خۆی بکات .

لەگەڵ دەرککردن بەم ڕاستییانە و تین و تاو سەندنی گیانی بەرخۆدان و بەگژاچوونەوەی سیاسەتی داگیرکراوی و دابەشکراوی کە ساڵەهایەکە لە لایەن دوژمنانی کوردەوە سیستەماتیکانە دەرهەق بە کورد پیادە دەکرێ ، هونەرمەند " حەمە رەشید هەرەس " بە هۆشیاریی و باوەڕێکی تەواوە چارەنووسی خۆی لەگەڵدا گرێ داوە و ڕەنج و ماندووبوونی لە پێناودا دەکێشێ.

هونەرمەند " هەرەس " بۆ ئەو خەم و مەبەستانە چۆتە سەر شانۆ تا گوزارە و نمایشتی ئەو باسانە > دۆزی نەتەوەکەی < بە باوەڕ و هەڵوێستێکەوە بکات ، کە هەبوون و چارەنووسی هەموومانی پێوە وابەستەبووە . خۆدۆزینەوەی ئەویش لە پنتێکدا ، کە کێشەی نەتەوەکەیەتی ، خستییە سەر خولیای کەوتنە تێکۆشان بۆ خەون و ئاواتە پیرۆزەکان ... ئەمەش لە بەرهەمەکانیدا بەڵگەی ڕاستیمان لێی بۆ بەدیار دەکەوێت . پنت وسەنگەری کوردایەتی بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە ئەو مەودا بەرین و پڕ لە مانا و ئامانجەیە، کە بەهەناسەیەکی گەرمەوە لە هەلومەرجێکی زۆر دژواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا و لە ژێر باری ستەمی نەتەوایەتیدا وەک ئاسۆی ڕزگاری و کێڵگەی مەعریفی ڕووی تێکراوە و خراوەتە کارەوە .

چەندایەتی و چونایەتی بەرهەمەکانیش لە هەر پلە و ساتێکدا بوون و ئاوێنەی باڵانمای واقعی کوردستان و دەرەتانی جموجوڵ و پەسەندکردن بووە. لە نێو هەناوی نەبوون یان کزی و لاوازیی دیاردەیەکەوە ، تێهەڵچوون بۆ پێکهێنان و شوناس پەیداکردن یان بەخشین کراوە . ئەمەش بەڵگەی ڕاستی و حاشاهەڵنەگری ئەو مەسەلەیەن ، کە کاری شانۆ و مێژووەکەی سەخت و پڕ لە ئەستەم بووە .

ئەم چاوپێکەوتنە بەسەرداچوونەوەیەکی مێژوویی و تۆماری بە ئاگای زۆر لایەن و کون و قوژبنی ڕاستییەکانە، کە > هەرەس < ی هونەرمەند هەم تێیدا بەشدار و هەم ئاگاداری بووە . لەتەک ئەم ڕاستیەدا دەکرێت ئەمە بە ئاوڕدانەوەیەکی بە پەرۆشانە و گەشتێکی هونەرمەند بۆ دنیای شانۆی کوردی و بیرەوەرییەکانی دابنرێت .

پرسیارەکان بەهاری 2001 ئاراستەی هونەرمەند کروان و لە ئەیلوولدا وەرامیان دراوەتەوە و ئێستا لە دووتوێی ئەم بەرگەدا دەکەوێتە بەردەست ئێوەی خۆشەویست .

ئێمەی سـۆکسە .. کە باوەڕمان بە رۆشـنبیری نەتەوەییـانە هەیە ، خۆمان بە بەختیار دەزانین ئەم بەرهەمە بخەینە بەردەسـتی خوێنەرانی کورد و هیواداریین بەم کارەمان خزمەتێکی چکۆلانەی کتێبخانەی هەژاری کوردمان کردبێت .

لیژنەی رۆشنبیری بەهاری 2002

**>< دەتانەوێ بـە شانۆ چی بکەن ؟ رەخنەگرتن ، گۆڕان ، بەرەوپێشچوون ؟! کام لەم چەمکانە ئامانجی کاری هونەری ئێوەیە؟ ئەی شانۆ دەتوانێت لـەم بـوارەدا چ رۆڵێک ببینێ ...بە تایبەتی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی ولاتی ئێمەدا ؟ دیارە بە بەرچاوگرتنی ولاتی داگیرکراو و دابەشکراو ؟ .**

شانۆ لای من رێگایەکە ئەوەی باوەڕم پێەتی تیایدا دەری ببڕم . وەک چۆن ئەدیبێک باوەڕی بە مەسەلەیەکە و لە ئەدەبەکەیدا رەنگی پێدەداتەوە یان شـێوە کارێک لە تابلۆکانیدا دەری دەبڕێت . یان ... یان ...لێرەدا ئـەوە دەڵێم هونەرمەندی وا هەیە هەر لەبەر ئەوەی دەرکەوێ پێی نەنگ نییە ، لە شـانۆیەکەوە بۆ شانۆیەکی تر لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ یان لەسەر تەلی هەر فەلسـەفەیەک سەما بکات ، ئەگەرچی هەر لە میانەی دوو شانۆدا دوو چەمکی دژ بە یەک بدا بەدەسـتەوە . بەو هونەرمەندانە دەگوترێت بازرگانانی هونەر . هونەرمەند دەبێ خاوەنی نامـەیەکی دیاریکراو بێت لە ناخیدا بۆی قووڵ بووبێتەوە و بیگەیینێت و داکۆکی لێ بکات .

تەرازووی منیش بۆ رەسـەنێتی و نارەسەنی هونەرمەند ئەوە کێشانەکەیەتی . . ئەوەی مایەی شـانازی منە هەرگیز بۆ ئەوە نەگەڕاوم رووناکی لـە کوێ بێت خۆم بدەمە بەر تیشکەکـەی تا دەرکەوم ، بەڵکو من بۆ ئەو بابەتە گەڕاوم کە خۆم باوەڕم پێی بووە . هەر لەبەر ئەوەشـە من بەرهەمم لەچاو رۆژانێکی دوور و مێژوویەکی سی و ئەوەندە سـاڵەدا زۆر کەمە . بەڵام ئەوەی کردوومە هەموو خزمەتی یەک بۆچوون دەکەن ئەویش بیری کـوردایەتییە . جا نووسەر و دەرهێنەرم هەڵبژاردووە لە تەکیاندا کارم کردووە ، باوەڕم بـە دەقێک نەبووبێ لێی نزیک نەکەوتوومەتەوە . لەبەر ئەوە کاری شانۆیی دەبێت کۆمەڵە هـونەرمەندێک پێی هەڵبسێت ، کە یەک بیروبۆچوون کۆیـان بکاتەوە . ئەمەش بۆ من زۆر ئاسان نەبوو لەسەر هەڵبژاردنی دەقەکان مشت و مڕ و سـەر ئێشەی زۆرم بۆ دەهاتە پێشەوە . ناچار لە ساڵانی پێش ئاوارەییم خۆم دەستم کرد بە دەق هەڵبژاردن و وەرگێڕان و ئامادەکردن و نووسینی .

ئەوە بوو لەسەرەتای هەشتاکان و تا ناوەڕاستی هەشتاکان چیرۆکەکانی [ میراتی و کابرا سەیرەکە ، گوڵاڵە ، دوژمنی گەل ] م وەک ئامادەکردن یان نووسـین خستە سەر شانۆ و خۆشم وەک ئەکتەر یان یاریدەدەری دەرهێنەر کارم لەناویاندا کرد .

بەراستی ئەو ساڵانە ساڵانی زێڕینی من بوون ، چونکە ئەو کاتە لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکاندا کارم دەکرد و برادەرانی هونەرمەندم لەو کۆمەڵەیە زۆر پشتیان گرتم . بە تایبەتی هـونەرمـەند > تەهـا خەلیل و عەبدولی حەمە جـوان < ی هاوڕێم کە بیروبۆچوونمان زۆر لە یەکەوە نزیک بوو هەر چیەکم بنووسییایە دەبوایـە رووناکی سەر شانۆ ببینێ و بێتە بەرهەم . ئەوەشی کە دەمنووسی ، کتومت خزمـەتی بیری نەتەوەیی کوردی دەکرد . لەوانە چیرۆکی ( گوڵاڵە ) زۆر بە ئاشـکرایی ئەوەی پێوە دیارە . مـن ئەکتەرێکی شانۆیی ، بەڵام

نەبوونی دەقی شانۆیی و سستی نووسەرانی شانۆیی و وەرگێڕانی شـــــانۆیی وایای لێکردم ، ناچار دەســـت بکەم بە نووسین و هەڵبژاردنی دەقی بێگانە و گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستاندا . جا وەک ئەکتەر ئامانجی من لەم هونەرەدا ئەوەیە ، بتوانم توانایەک بەکار بهێنم بۆ قۆســـتنەوەی هەر بارێک کە لەکاتی نواندنی دەکەوم بەسەریدا بیکەم بە بناغە و لـــەو بناغەیەوە رەخنەیەک ، داهێنانێک ، گۆڕانێک هەڵچنم . ئەمەش جاری وا هەبووە لە دەرهێنان و تەنانەت لە دەقیش چوومەتە دەرەوە و مافم داوە بە باڵگرتنی نواندنەکە و فڕین بۆ ئەو مەبەســـتەی خـــۆم دەمەوێت . ئەمە جـــار جـــار کێشەشی بۆ دروستکردووم . من زۆرجار دەقەکە بەسەند و کۆمپیالە و قاڵب نازانم و کتومت خۆمی پێوە نابەستمەوە . تەنانەت ئەگەر خۆشم بیاننووسم . من شانۆ بەو گۆڕەپانە پیرۆزە دەزانم کە لە ویژدانی بینەرم نزیک دەخاتەوە و لەگەڵ بینەردا لەناو یەکتریـدا تێکەڵ دەبین . هـــەروەک چۆن دینداڕێک لە جێگایـــەکی پیرۆزی وەک مزگەوت وکەنیسە لەگەڵ خۆشەویستی خواوەند و پێغەمبەراندا ئاوێتەی یەکتر دەبن ، ئێمەیش ئاوهاین .

خـــــۆ میحرابی مزگەوت و کەنیسەش هەر شانۆیە ، بۆیە منیش هەر شانۆیەک راستی بکاتە ئامانجی و جەماوەر چەواشـــــە نەکات و لەبەرەی نەتەوەکەیدا بێت ، ئەوە وەک ئەو شوێنە پیرۆزانە وان بۆ من . لەوە بترازێت جاری وا هەیە شـــانۆ وەک چایخانەیەک یا سێرک و کاباریێەک دەبێت تەماشـــا بکرێت و کاتی رابواردنی تیایدا بەسەر ببرێت . شانۆ حەپی خەو نییە، ئەسپێکی بەرەڵا نییە ، ئوتومبیلی بێ برێک نییە . جەماوەر خەو لێبخات و چەواشەیان بکات و بەرەو هەڵدێریان بەرێت .

شـــانۆ لای من ، منی کوردی وڵات داگیرکراو و پارچەپارچەکراو ئەمڕۆ ئەبێ ئەو مەچەکە نەترسە بێت یەخەی جەماوەر راتەکێنێ، جارِی رووخاندنی فەلســـــــەفەی چەواشەکەر و ریسواکردنی بیروباوەڕی تێکدەری هاوردە بدات . لەهەمان کاتدا جارِی بنیاتنانی رێگاچارەی راســـت و دروســـتی نەتەوەیی بدات و هەڵوێســـــــت لەو تاقیکردنەوانەی نەتەوەکەمانەوە وەربگرێت ، کە ئەگەر هەر نەتەوەیەکی خاوەن کیان ، تا بێ کیانیش ئەو تاقیکردنەوە دەوڵەمەندەی هەبوایە ـ دەبوایە شانۆکانیـان تەژی بوایە لەو بەرهەمانەی ئەو چەمکە نیشان دەدەن . تەنانەت کارێکی واش بکـرایە ، کە ببوایەتە بابەتی شـــانۆ بێگانەکانیش بەکورد . کـــــەچی بەداخەوە هەوڵدان لەو بارەیەوە زۆر کەمە . ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ خەملاندنێکی چەواشە . ئەمڕۆ گەنجە هونەرمەندەکان دەتوانم بڵێم ئینتەلایان لەناو لەبەرکردندا پێکراوە .

ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم و ئێستاکەش هەر کە دێنە سەر قسەکردن لەمەڕ شـانۆوە هەر لە (تسبـس) و (ئەسخیلۆس ) و ( سۆفوکلیس )و ( یوبیدس ) ەوە تا دەگاتە ســـەر مارلو و شکسپیر و مۆلێر و چیخەف و ستانسلافسکی و برێخت و کێ و کێ و ئینجا لۆرانس ئۆلیڤیە و جان لوی بارۆ و ...هتد . هەموو ئەمانەی بە رۆژی لە دایکبوونیانەوە لەبەرە و هەرچی بەرهەمیشیان هەیە بۆت ریز ئەکا و شانازیش بە خۆیەوە دەکات کە زۆر رۆشنبیرە .

من ناڵێم ئەمە راست نییە یان نابێ وا بێت ، بەڵکو ئەوە دەڵێم کە تۆ ئەم هەموو هـــەوڵانەت داوە ، چۆن لە شـــانۆی کوردیدا چۆن رەنگت پێداونەتەوە ؟؟! باشـە هیچ بەرگێکی کوردیت کردووە بە ئەزمونەکانی ئەواندا و بیخەیتە سەر شانۆکەی خۆت ؟ خۆ ئەگەر وا نەبێت یاڵڵای دەکرد مێژووی ژیانی خزمە مردووەکانیشت دەرخ دەکرد ، بەمنی کوردی بێ وڵات چی؟؟! .

هـــــەندێ کەس > زۆر کەمن < دەبێژن شانۆی نەتەوەیی نییە ، بەڵکو شانۆ بە زمانیی نەتەوەیەکـــی

دیاریکراو دەپەیڤیت . بەڵام ئـــەوانە بیانەوێ یا نا ، مۆرکی نەتەوەیی بوون  بە شـــانۆوە دیارە ، بەتایبەت کاتێ دەقێک دەخرێتە ســەر شـــانۆ کولتوور و هیما و ئەندێشەی ئەو نەتەوەیە تا رادەیەکی زۆر دەنوێنێ و دەدەبڕێت .

شـانۆ  بەشێکە لە کولتووری نەتەوەیەک ، ج جیاوازی کولتووری چەند بێت ، ئەوا جیاوازی شانۆش لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر هەمان دووری لە خۆی دەگرێت .

ئەم بۆچوونە زیاتر لەو کەســـانەوە دێت کە شـارەزای کولتوورەکەی خۆیان نین و دەیانەوێت لە کولتووری ئەوروپاییەکان  یان کولتووری ئەو نەتەوانەی ســـەردەستەی نەتەوەی کوردن لە ســـەرانســـەری کوردســـــتاندا بخولێنەوە . جا ئەوانە هەرچی بەرهەمێکی جیهانی بـکەن دور بێت لەکولتوری کوردەوە رەنجیان دەچێتە سەربەشی  بێگانە بە کوردەوە . ئەو هونـەرمەندەش  بیەوێت و نەیەوێت دەبێتە هونەرمەندێکی ئێرانی ، عێراقی ، تورکی یان سووری . پیرۆزی بێت و نموونەی ئەوانەش زۆرن .

یەلماز گۆنای خۆ زۆر لە مێژ بوو لە سینەمای ترکدا کاری دەکرد و ساڵەهای ساڵ  لەناو سینەمای ترکدا بزر بوو، بەڵام کاتێ بوو بە یەلماز گۆنای ، وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار ، کەدەستی دایە خزمەتی نەتەوەکەی بەو هونەرە . هەروەها کاکی قوبادی زۆر دەمێکە لە ســینەمای ئێرانیدا کار دەکات ، بەڵام نەبوو بە هیچ تا >> کاتێک بۆ ئەسپە مەســـــتەکانی << بەرهەممهێنا . خەلیل شەوقی ، قاسم محمد ، روناک شەوقی وەک ئەکتـەر ،وەک دەرهێنەر و وەک نووسەر ئەمانە هەموو جێگەی شیاوی خۆیان هەیە لە شانۆدا ، بەڵام شانۆی عێراقی و عـەرەبی . هەمووش بە دەمی خۆیان بە خۆمیان گوتووە ئێمە کوردین ، بەڵام داخمە هەرچەندە هونەرمەند بن ، بەڵام من چۆن سەیری ئەفسەرێکی کورد دەکەم لەسوپای عێراقی عـەرەبیدا نابێتە پێشمەرگەی کوردستان ئاواش سەیری هونەرمەندێکی زمان کوردی دەکەم لەسەر شانۆی بێگانە .

*>> هـــــونەرمەند بە گشتی و شانۆکار بەتایبەت پێویستە تا چ ئاکارێک شـــارەزایی باری کۆمەڵایەتی و پاشخانی مێژوویی و هەلومەرجی سیاسی نەتەوەکەی بێت ؟ ئەم بـە ئاگابوونە چ یارمەتییەکی هـــــــــونەرمەند لە کارەکانیدا دەدات ؟ .*

+ پێشمەرگەیەک بەلای منەوە پێش ئەوەی چەک هەڵگرێت و بداتە شـــــاخ و کێو دەبێت لە پێشدا جوگرافیای کوردستان بزانێت . .. لە کوێ دارســـتان هەیە لە کوێ کانیاو هەیە دووری کانییەک یان سەرچاوەیەکی ئاو لەوی ترەوە چـەندە ، ئەشکەوت ، قەدبڕ ، رەز و باخ ، دێهاتەکان باری ژیانیان و ئاستی خەڵکەکـەی بۆ کورپەروەری ، هۆز و بنەماڵەکانیان دۆستایەتی نێوانیان ، دوژمنایەتییان . ئـــــــەگەر ئەمانە نەزانێت و لێی بە ئاگا نەبێت ، دەرنابات و بگرە زوو تێدەکەوێت . دەتـــــوانم بڵێم ژیانیشی هەمیشە لەمەترسیدایە و تەنانەت سیفەتە شـۆشگێڕییەکەی تەواو ناکات ، کە پێویستە هۆشیار و زرنگ و زانیاری بەرفراوانی هەبێت .

هونەرمەندیش هەمان ڕێوشوێن تەواوکەری کارەکـــــەیەتی . بەتایبەتی ئەکتەر و دەرهێنەر . جارێ بە لای منەوە کفرە دەرهێنەرێک ، بۆ نمونە درامایەک دەربهێنێ رووداوەکانی لە لادێیەک دابێت و ئەویش لادێـی نەدیبێت و تێیدا نەژیابێت . یـــان رووداوەکانی لەناو ئاغاودەرەبەگدا بێت و ئەمیش سەری لەسیستەمی دەرەبەگایەتی تەقەی بێت . یان چایخانەیەکی میللی و ئەمیش رۆژانە چەند کاتێکی تێدا نەردبێتە سەر . یان رووداوەکە لە چینە باڵاکانی کۆمەڵەکەماندا رووی دابێت و ئەمیش سەری نەکردبێت بەو جۆرە ماڵ و خانەوادانەدا

. یان مێژووی نەتەوەکەی شارەزا نەبێت و شانۆگەرییەکی مێژوویی نەتەوەکەی بەرهەم بهێنێت ، یان خاوەنی فەلسەفەیەکی دیاریکراو نەبێت و چیرۆکێکی وا بەرهەم بهێنێت کە باس لە بنەماکانی بوونی بیری نەتەوەیی کوردی یان هەر فەلسەفەیەکی تر بکات . جا ئەمانە هەندێکی پێویستە بیانخوێنێتەوە و تاوتوێیان بکات وەک بابەتە مێژوویەکان . بەڵام هەندێکی تریان پێویستی بە ئامادەبوونی هەیە وەک خودی خۆی وەک بابەتە کۆمەڵایەتییەکە .

ئەکتەر و دەرهێنەری کورد دەبێ قاڵبووی ناو بازارەکە و دیوەخانەکە و جادە و کۆڵانەکان و چینەکانی کۆمەڵەکەی لە نەخوێندەوارێکەوە تا خاوەن بڕوانامەی بەرز ، لە کرێکارێکەوە تا جوتیارێک و لەوانیشەوە تا سەرمایەدار و دەرەبەگێک . ئینجا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و هتد .... ئەگەر هونەرمەندی شانۆ بەم جۆرە نەبێت ، هونەرەکەی درۆزن و بەرهەمەکەشی شلۆق دەردەچێت . کەواتە پێداویستییە شاراوەکانی هونەرمەند بارستاییەکی شیاوی فەلسەفی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییە . بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نەتەوەکەیەوە هەیە ئینجا دەوروپشتەکەی دوای ئەوەش هەموو جیهان .

شانۆش ئاوێنەی هەر هەموو ئەوانەیە کە باسمان کرد و بە زیادیشەوە . ئاوێنەش راستگۆیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی پێچەوانەی دەکاتەوە. جا ئەگەر ئاوێنەیەک بە تەڵخی وێنە نیشان بدات ، ئاوێنە نییە و هونەرمەندیش ئەگەر بە تەواوی هەلومەرجەکە بەرجەستە نەکات و داهێنەرانە نەیگەیەنێت ، ئەوە هونەرمەند نییە .

زۆرجار بووە بینەر وتوویەتی فلانە ئەکتەر دەورەکەی لێنەهات . ئەوە دەرک نەکردنە بە نهێنییەکی تر ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئەکتەرە فڕی بەسەر ئەو پاشخانە ـ باکڕاوندەوە نییە و ئەو کەسایەتییەی ئەم رۆڵەکەی دەبینێ بە خەویش نەیدیوە . بۆ نموونە برادەرێک دەیویست رۆڵی تلیاکخۆر ببینێ ، کەچی لە ژیانیدا تلیاکیشی نەدیبوو چجای تلیاکخۆری . لەهەموشی گرنگتردڵسۆزییە بۆ بابەتەکە با هونەرمەند زۆر تێگەیشتووش بێت لەبارەی هەموو ئەو چەمکانەوە کە لێی دواین ، کە دڵسۆزی نەبوو دیسانەوە ریسەکە دەکاتەوە خوری .

لەم ماوەیەدا ئەکتەرێکم دی لە بەرهەمێکدا رۆڵی سەرۆک مەفرەزەیەکی بەعسە فاشستەکانی وەرگرتبوو ، هەر هەمان ئەکتەر کاتێک لە کوردستان بووم ، خودی خۆی بەعسیش و جەیشی شەعبیش و خۆفرۆشیش بوو . هەر کە دیم راستەوخۆ جارانیم بیرکەوتەوە . سەیرم کرد هەر خۆیەتی و رۆڵی خۆیشی دەبینێ ، جا چونکە راستگۆ نەبوو ، رۆڵەکەی زیاتر کۆمیدی بوو لەوەی بینەر لێوی لێ بکرۆژێت .

بینەری ساویلکەش دەیانگوت بە خوا دەورەکەی خۆش بوو هەر دەتووت خۆیانن هیچ جیاوازی لەگەڵ راستیدا نەبوو . جا ئەگەر ئەو بەئاگابوونە دڵسۆزی و پاکێتی بچێتە تەکیەوە ، ئەوا رۆڵەکە دەبێتە رۆڵێکی خوێنمژانە و بینەر دێتەوە بیری یان ئەوەی لەلا بەرجەستە دەبێت کە لە زیندانەکانی کوردستاندا ئەمنەکان چیان بەسەر رۆڵەی نەتەوەکەماندا هێناوە و جارێکی تر رێگە نەدرێت ئەو دێوزمانە بێنەوە باشووری کوردستان ، بەڵام کاکی ئەکتەر هەرچەندە ئەوە رۆڵەکەی بوو ، کەچی بە شێوەیەکی تر گەیاندی . کەواتە دڵسۆزی بۆ بابەتەکە مەرجی یەکەم و سەرەکییە .

>> *چ کەلێن وناجۆرییەک دەکەوێتە نێوان دەقێکی شانۆیی و پرۆسەی نمایشکردنی ئەو دەقە؟ دەرهێنەر چەند رۆڵ لەم بوارەدا دەگێڕێت و چەند بۆی هەیە " ئازاد " ە بەویستی خۆی مامەڵە بەدەقەوە بکات ؟ بەکورتی جیاوازی نێوان تیوری و پراکتیک لەم بوارەدا چۆن دەبینن ؟*

*لە کاتێکدا ئێوە لە هەردوو بواردا ئەزموونتان هەیە ؟ .*

+ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێم چاکە نموونەیەکی زیندوو روونی بکاتەوە . چیرۆکی ( بازرگانی ڤینیسیا ) ی شکسپیر رۆڵێکی سەرەکی کە رووداوەکانی ئەو چیرۆکە بە زۆری لە دەوری ئەو کارەکتەرە دەخولێنەوە ، ئەویش کارەکتەری " شایلوکە " شایلوک جوولەکەیەکی سووخۆری دڕندە و جەرگ قایمە . دەیەوێت لەجیاتی ئەو پارەیەی داویە بە > ئەنتۆنیو < ئەگەر لەماوەی خۆیدا نەیداتەوە ، یەک کیلۆ گۆشت لەسەر سنگی > ئەنتۆنیو< بکاتەوە .... هتد .

ئەم چیرۆکە لەسەر شانۆ لە ئەڵمانیا نمایش کرا . کاتەکەشی کاتی کەفوکوڵی نازییەکان بوو دژی جوولەکە . دەرهێنەر و ئەکتەرەکان کارێکی وایان کرد رەوایی بدەنە قەڵاچۆکردنی جوولەکە لە ئەڵمانیادا. هەمان بە زۆری چیرۆک لە رووسیای ئەو کاتەدا نمایش کرا لە لایەن دەرهێنەرێکی جوولەکەوە . > شایلوک < یان وەک فریشتەیەک بەرجەستە کرد کە چۆن بە ناڕەوا پلانی بۆ دادەنێن مافە رەواکەی بدەنە دواوە . چیرۆکیش هەرهەمان چیرۆک بوو بێ دەستکاریکردن .کەواتە جۆری جوڵانەوە و یاریکردن بە دەربڕین لە لایەن هونەرمەندانی سەر شانۆکە ، ئەوا دەقەکەش دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە . ئەکتەر دەتوانێ یەک ووشە یان یەک رستە بە چەندەها جۆر دەبڕێت . جاری وا هەیە ئەو دەربڕین و جولانەوەیە بە پێچەوانەی ویستی نووسەرەکە و فەلسەفەکەشی .

ئەمە لە کاتێکدا هونەرمەندەکان بیانەوێت نامەیەک بگەیینن کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی . خۆ ئەگەر دەقەکەش و هونەرمەندەکانی سەر شانۆش کتومت لە هەمان بۆچووندا یەکبگرنەوە ئەو کاتە هونەرمەندی شانۆیی دەبێتە ئەڵقەیەکی گەیاندن لە نێوان نووسەر و بینەرەکانیدا . نموونەیەکی تریش شانۆگەری [ سەلەی نانکەر و تەنەکە ] ە . نووسەر زۆر هەوڵی دابوو مەسەلە چینایەتییەکان زیاتر بەرجەستەبن ، بەڵام هونەرمەندانی ئەو شانۆگەریانەیان ئەنجامدا ، مەسەلە نەتەوەییەکەیان تێدا هێنایە پێشەوە و زەقیان کردەوە .

*>< نووسەر و دەرهێنەر و رەخنەگر لەکوێدا دەتوانن پێکەوە هەڵکەن و بەدیدی هەر دوو لا دەقێک ، شانۆنامەیەک ، کارێکی هونەری دەوڵەمەند بکەن و گوڕوتەوژمی بدەنێ ؟.*

+ لە زۆربەی شانۆییەکاندا نووسەر ئامادە نابێت . بەتایبەتی ئەگەر ئەو شانۆییە دەقەکەی هی نووسەرێکی بێگانە بێت ، یان نووسەرەکەی نەمابێت . لێرەدا بەلای منەوە وا راستترە دەقەکە بە دەستپاکییەوە پێشکەش بکرێت و دەستکاری بیر و ناوەڕۆکی نەکرێت . بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەقە لەلایەن کەسی دووەمەوە ئامادە نەکرابێتەوە . ئەوکاتە بۆ ئامادەکەر هەیە بە پێی بۆچوون و ویستی خۆی دەستکاری بکاتەوە . یان جاری وا هەیە نووسەرێک سوود لە دەقێکی تر وەردەگرێت و خۆی بە جۆرێکی تر دایدەڕێژێتەوە .

ئەمەیان من لە شانۆگەری } گوڵاڵە{ دا پێی هەڵسام . هەروەها لە} میرات { ی قاسم محەمەد } کابرا سەیرەکە { ی نازم حیکمەت دا . من پێم وایە دەقی شانۆیی تا دەکرێت لەلایەن ئەکتەرێکی نووسەرەوە یان دەرهێنەرێکی نووسەرەوە بێت هیچ نەبێت وەک ئامادەکردن لەلایەن ئەو هونەرمەندانەوە کە شارەزان . نووسەری کورد تا ئێستا لەو باوەڕەدا نیم بتوانن وەک هەستی ئەکتەر و دەرهێنەر چیرۆک بنووسن . جارێ لە ساڵانی

حەفتاکاندا زۆر کەم نووسەرمان هەبوو کە بزانن شانۆش چییە ؟ زۆر کـەمیان هەبوو وەک بینەریش ئامادەی شانۆگەرییەکان ببن . دوایی کە زانییان شانۆ لـە برەودایە ، جەماوەرێکی رۆشنبیر تامەزرۆی شانۆگەرین ، ئەوجا ئەوانیش کەوتنە خۆیان و لێمان نزیک دەبوونەوە و هەریەکەو لەلای خۆیەوە چـــەند هـــــەوڵدانێکی ئەنجامدا . بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم هەر ئەو دەقانە سەرکەوتنیان بۆ نوســرا کە لە لایەن ئەکتەر و دەرهێنەرەوە دەنووسران . نموونەش زۆرن .

ئەگەر چاوێکی خێرا بە نووسینەکانی ئەحمەد سالار و تەلعەت ســـامان و جەلیل زەنگەنە و بەندە و ... هتد بگێڕین لە راستی بۆچوونەکەی مـن نزیک دەبینەوە . بۆ مەسەلەی رەخنەگریش وەک لە زۆر بۆنەدا باســـم کردووە ، رەخنەگری ئاکادیمیمان نەبووە. بەتایبەتی لەدەرەوەی شانۆ هەرچی رەخنەگری سوودبەخش هەبووبێ هەمووی هەر خۆمان بووین . ئەمە بەراشکاوییەوە دەڵێم ، تا ئێستا نەم بیستووە و نەم دیوە رەخنەگر پێش پێشـــکەشکردنی بەرهەمێک ئامادە بوو بێت و ئامۆژگاری بەکەڵکی دابێت . هی وا هـەبووە هەرواش بووە یەکجار چیرۆکەکەی لەسەر شانۆ وەک بینەرێم دیوە و دوایی شـــەلم کوێرم لە رۆژنامەکاندا بۆی دابەزیوە . زۆر بە دەگمەن نیشانیان دەپێکا و ناوەرۆکی باســـــەکەیان هەڵدەسەنگاندن و باسێکی پوخت و بابەتیانەی بە سوودیان دەدا بەدەستەوە. یان بە واتایەکی دیکە ئێمەی هونەرمەند هیچ سوودێکمان تیادا نەدەبینی جاری وا هەبوو لەلایەن هەندێ رەخنەگرەوە لەســـــەر شانۆگەرییەک دەنووسرا و بە هەمووی ئەگەر کۆت بکردایەتەوە کۆمەڵێک بە یەکـا دەهاتن و لەوە زیاتر هیچی تری نەئەدا بەدەستەوە .

زۆر بە دەگمەن رەخنەگرمان دەدی پێش بڵاوکردنەوەی رەخنەکـــــەی پێوەندی بە نووسەر یان دەرهێنەرەوە بکردایە . مـــن تەنیا یەک رەخنەگرم دیوە پێش رەخنەکەی پێوەندی پێوە دەکردین . ئەویش کــاک } ئەحمەد رەجەب {بوو . ئەو کاتانە وابزانم پەیامنێری رۆژنامەی [ بیری نوێ] ش بوو . ئەگەر هەلومەرج رێی بدایە ئەم برادەرە لەبواری رەخنەوە دەیویست شتێ بە شتێ بکات . ئاسۆیەکی گەش چاوەڕێی دەکرد .

هـــەروەهــا کاک ئەحمەد ئابڵاخی و ئەنوەر قادر رەشید و چەند رەخنەگرێکی تر هەوڵدانیان هەبوو . بارودۆخی نالەباری ئەوکاتە ئەمانیشی لەم بوارە دوور خستەوە .

جــا لێرەدا داوای لێبووردن لـــــــــە خوێنەری ئازیز دەکەم ، ئەوە بۆچووونی منەو دەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاســـت و کۆتایی هەشـــــتاکان . دوای ئەمانە چ گۆڕانکارییەک روویداوە نازانم ، وەلێ ئەوەندەی من ئاگام لێیـــــەتی لە لاوازبوونی بەرهەمەکان و بینەر و رەخنە بەولاوە هیچی تر نییە .

ئەم سێ خاڵەی ئاماژەمان پێدا یەک تەواوکەری ئەوی دیکەن .کاتێ بەرهەم لاوازبێ ئەوە لێی بێگومانم مانا نەبوونی بینەر و لاوازی رەخنەشـــە . دەنا خۆشبەختییە بۆ هونەری شـــانۆ ، ئەگەر نووســــەر و دەرهێنەر و رەخنەگر بۆیان بلوایە بە هاریکاری هەرسێ لایان شانۆگەرییەکانیان برەخسانایە .

*>< پێتان باشـــــــــە شانۆ بۆ جەماوەری کورد رۆڵی دکتۆر یان دەرمان ببینێت ؟.*

+ هەردووکیان ، چـونکە هونەر بەگشتی بۆ منی کورد دەستنیشانکردنی دەردەکانی کۆمەڵە و لە هەمان کاتـدا ئەگەر رێگاچـــارەی بۆ نەدۆزێتەوە ، ئـــەوە هونەرێکی ئیفلیجە ... هەندێک هەن هونەر بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە . منیش حـەزم دەکرد ئەو پشتەم لێبکردایەتەوە ، بەڵام کە سەیری هەلومەرجی ژیان و

چارەنووسی نەتەوەکەم دەکەم ، پێم کفر و ناڕەوا و نا راستیی و نا هونەرییە ، هەرچی هەیە لە پێناوی خزمەت و چارەسەری دەردەکانیدا نەبێت . ئەوانەی وا بۆ هونەر بە تایبەتی بۆ شانۆ ناچن ، دەیانەوێت لە ژێر هەر ناوێک ، بۆچوونێک ، فەلسەفەیەک یا قوتابخانەیەکی جیاواز بەو ئەرکە شانۆ بە بارێکی تردا بەرن . ئەوا من سووک و ئاسان دەڵێم خۆشی لەدوژمنەکانمان...بەڵام من تا ئێستا ئەوەم نەگووتووە، چونکە دەروێشانی ئەو بۆچوونانە تا ئێستا لەناو جەماوەری کوردا و بە تایبەتی بینەری شانۆ لە ریزی نەبوواندان .

بێگومان ئەوانەی دەیانەوێت لە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی دەردەکانی کۆمەڵ ، شانۆی کوردی بۆ وولاتان و دەربەدەرکردنی بەرن ، نەیان توانیوە نە داهێنانێکی وا بخەنە رەوت ، نەجەماوەرەکە بەو بالۆرەیەی لێی دەدەن قایل بکەن . وەک لە زۆر بۆنەی تردا لێی دواوم ، ئەوەی نەتوانێت هەلومەرجی نەتەوەکەی گوزارە لێبکات و بەرجەستە بکات لەگوفتار و رەفتارەکانیدا .

ئەوەی لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی نەتەوەکەی ـ وەک ئاماژەمان پێدا ـ سەری تەقەی بێت ، دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی بە بیانوی پێشکەوتن و نوێخوازی و ئەزمونگەری و ...هتدەوە ، بەڵێ بەم بیانووانەوە چاوڕاو لە جەماوەر بکات و گوایە شتێکی تازەی هێناوە و خۆی پرۆفیسۆرە و بەڵام خەڵک تێی ناگات . من ئەمە بە }بەرگە نوێیەکەی پادشا{ ی دەزانم .

تۆ وەرە سەیری کۆمەڵەکەت کە " کاڵا دەبێت بەقەد باڵا بێت " کۆمەڵێکی سەرکوتکراوی چەواشەکراوی دەستی جۆرەها دوژمنی دڕندە ، ئەمە چۆن هەزمی > بێکێت وکامۆ وسارتەر < دەکات . چووزانێت دەڵێن چی ؟ هەر نەبێت لەبەر ئەوەی ئەو دنیا و گەردوون و چەمک وبواری ژیان و هەلومەرجی پێشکەوتنەی ئەو ئەوانە بەرهەمیان تێدا نووسیوە ، جارێ بەم نامۆیە و لە شێوازی تارمایی خەون و خەیاڵ بەولاوە هیچی دیکەی لێ رامان ناکات . دەنا خۆ بوونی ئەو بەرهەمانە وەک خوێی چێشت جار جار زیان نادات ، تاوەکو بینەر بزانێت لەودیو ئەویشەوە بابەتی تر هەیە . بەڵام کاکی > وجودی ـ Existentialist < هەموو جارێک بەرهەمی ئەمانە وەک چەکوش بگرێت بەدەستەوە ، مێشکی بینەری پێبکوتێتەوە وا دەکات . جارێ یەکەمیان لەبەر ئەوەیە بەدەقی خۆماڵی ناوێرێت و پەی بە نهێنییەکانی نابات . ئەمەش بەڵگەی نامۆیی خۆیەتی بە هەموو شتێکی نەتەوەکەی لە زمان و مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەڵکەوتی جوگرافی و سیاسی و بگرە بارە رۆشنبیری و سروشتییەکەی وڵات و نەتەوەکەی . ئینجا لەبەر ئەوەیە کە دەزانێت هەرچی بکات ناگاتە بارستایی ئەوانەی زۆر دەمێکە پێشی ئەویان داوەتەوە و لەم مەیدانەدا جێ دەستیان رەنگینە . ناچار بە شتی نامۆی نارەسەن و کرچ و کاڵ بە ناو و ناونیشانی سەیرو عەنتیکەوە سەمای سەر شانۆی نەزۆک دەست پێدەکات و قسەی قەڵەو قەڵەو و پڤ هەڵدرواویش دەفرۆشێ بە هەندێ مشتەری نەزان و ساویلکە .

ئەمەش وەک ئاماژەم پێدا خەونی دوژمنانی کوردیشە هەر بۆیەشە وەک بەڵگە بۆ قسەکانم بازاڕی ئەمانە لە شتی خۆماڵی زیاتر و گەرمتر بوو ، وە فشار و گوشاری هێندەیان لەسەر نەبوو .

جا سەیر دەکەین لە رووی مێژووییەوە ئەو بابەتە هونەرمەندانە نەک لە ریزی یەکەمدا نین بەڵکو لە دووەم ریزیشدا بەرچاو ناکەون . دەبا لە ریزی هەرە دواوە بۆ خۆیان بگەڕێن . ئەوەی دەقاو دەق بۆ نەتەوەکەی نەڵێ ونەچێتە قوڵایی دەروونیانەوە و دەست نەخاتە سەر ئازارەکەی وکۆڵنجەکەی نەشێلێ ، بەتەمای دەستی رێز نەبێت و دوای خۆیشی هیچ ناو ونیشانێک جێناهێڵێت و بەر نەفرەتی جەماوەر و مێژوو دەکەوێت . دیارە کە من وا بەو توندییە دێمە گۆ ئاراستەی قسەکانم لەهەموومانە ، تەنها پاڵ پشتم ئەوە باری کولەمەرگی و میحنەتەی

نەتەوەکەمە و ئـەو چاوەڕوانیی و داخوازی و پێداویســـــــتیایەنە کە لێم چاوەڕوان دەکات و ئەرک و شـــەرەفمە بە ئەنجامیان بگەیەنم .

منیش حەزم دەکرد خەڵکی وڵاتێکی ســـەربەخۆدار بوومایە و نەتەوەیەکی وەک هەر یەکێک لە گەلانی ئەسکەندنافی بوومایە ، یان فەرەنســــــییەک یان هەر هیچ نەبێت عەرەبێک ، فارسێک ، ترکێک بوومایە . ئەوکاتە منیش پێم کـــەمی نەبوو شانۆم بکردایە بە چاپخانە و کابارییە، نەک قوتابخانە .

ئـــەو هونەرمەندەی کەشوفشی ئەوە دەکات شانۆی هاوردە وەک خۆی دەسەپێنێ بەسەر جەماوەری کوردا . بێ ئەوەی ئەو شێوازە بۆ خزمەتی کۆمەڵەکەی بگونجێنێ و بەرگێکـی کوردی نەکات بە بەردا و تاموچێژێکی خۆماڵی نەبێت . من بۆی بچم و گوێ لــە بلّمە بلّمی ئەو بگرم . ئەمرۆ تەکنەلۆژیا ئەمەندە پێشکەوتووە ، بە فلیم و ڤیدیۆ و ســـی دی و کۆمپیتەر و هــتــد دەتوانم لە سەرچاوەکانیەوە نزیک بمەوە .

بــێــگـــــومان هیچ لاســــاییەکیش وەک رەســــەنەکە نییە .

*>< چــۆن دەتوانرێت پەیوەندی نێوان [ شانۆ ، تەلەفویون ، ســـــینەما ] هاوئاهەنگ بکرێت ؟ کاریگەرێتی کام لەمانە زیاترە و بۆ ؟ ئایا لە دنیای ئـەمرۆدا ئامێری TV کە لە ماڵی هەر کەســــێکدا هەیە بایەخی ئەوانی دیکەی کـەمتر نەکردۆتەوە ؟ یان ســــینەما و فلیمی ئەمەریکی جێی بە شانۆنامەکـــانی شکسپیر و مۆلێر و برێخت و گۆرگی و شاگردانی دیکەی ئەم بوارە کەمتر نەکردۆتەوە ؟.*

+ بێگومان جیاوازی ئینجانەیەک کە گوڵی نایلۆنی دەســــــتکردی تێدا بێت لەگەڵ ئینجانەیەکی تردا کە گوڵی سروشتی زیندووی تێدا بێت چەندە ، ئەوا جیاوازی نێوان شانۆ لە لایەک و تەلەفزیون و سینەما لەلایەکەی ترەوە نیشان دەدات . یان دەتوانین بڵێین شانۆ ئەگەر رووی فەرشێک بێت ، ئەوا تەلەفزیون و سینەما ئەودیوێتی .

بێگومان هـــەر درامایەک دەتوانرێت بە شێوەی سینەمایی یان تەلەفزیونی نیشان بدرێت ، بەڵام وەک شانۆیی و لەســــەر شانۆ لە بوارێکی سنووردارادا دەرەخسێت و دیمەنەکانی هەمووی شــــانۆکە دەیگرێتە باوەش . بەڵام تەلەفزیون و ســــــینەما سنووریان بۆ نییە و بوارەکەیان پانوبەرینە و سەربەستی جوڵانەوە و هەڵســــــوکەت تیایدا ئازادترە . هەروەها ئێستا سینەما لە بواری کۆمپیوتەردا شەقاوی زۆر بەرینی ناوە . فێڵە ســــینەماییەکان شاراوە و نزیک لەراستییەوەن . ئەمانە کەمتر بۆ شانۆ لواون . ئێستا سینەما بۆتە بازرگانییەکی زۆر گەورە> دوالت دیزنی < ئەو کۆمپانیا گەورەیە زیاتر لە چارەکێکی سەرمایەی جیهانی بەدەستەوەیە پەلی هاویشتووەتە ناو بازرگانییە گەورەکانی تریشەوەکە زۆر دووریشە لە بواری سینەما .

هـــەروەها تەلەفزیون ئەویش بەهەمان شێوە بۆتە بازرگانییەکی گەورە و چەندەها گروپی جۆراوجۆر شێوە کۆمپانیایان وەرگرتووە و لەکاردان، بەتایبەتی لەئەمەریکا .

بەڵام ئەمانە دەتوانم بڵێم تاموچێژیان بە دراما نەهێشـــــتووە . زیاتر هەڵوەدای پارەن لەوەی بە تەنگ هونەرەکەوە بێن .

تـەکنەلۆژیا جێگەی هونەرەکەی گرتۆتەوە . دەربڕین کۆمپیوتەر دەیکات ، کامێرا کۆمـــپیوتەر کۆنترۆڵی دەکات . گەنگترین ئەکتەر دەهێنن وای لێدەکەن دەیکەن بە گەورەترین ئەســـتێرەی سینەمایی ، زۆربەی زۆری

ئەوانەی لە سینەمادا ڕۆڵ دەبینن بە پارە و ســــەرمایەی خۆیان بوونەتە هونەرمەندی سینەمایی و تەلەفزیونی . هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە هونەرمەندی شانۆیی وەک هونەر بەرزەباڵاترن .

ئەمە وەک ســــینەماو تەلەفزیون و ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەی لە ئەوروپا و ئەمەریکا هەیە . بەڵام لای ئێمەی کورد تا ئێســـتا نەگەیشتووین بەو تەکنەلۆژیا و تەکنیکانە . تەنانەت ئەو چەند فلیم و چەندەها بەرهەمە تەلەفزیونییەی هەمانە .

دەتوانم بڵێم بێ رتوش ، رەنگیان داوەتەوە . جا ئەگەر هـــونەر بن یان نەبن هەر خودی خۆیانن و تەکنیک ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی نییە لە یارمەتیدانـــی هەر ئەکتەر و دەرهێنەرێکدا ، بۆ ئەوەی زیاتر لەوەی هەیە نیشانی بدات . لەسینەمادا کۆمپیوتەر لە مکیاجکردنیش یـارمەتی دەدات ، باڵابەرزی و کورتە باڵایی و جوانی و ناشرینی ، ئەمانە هەموو دەتـوانرێت لە سینەمادا رەنگبداتەوە و بگوڕدرێ . بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بۆ لوانەی سـینەما و تەلەفزیون ، شانۆ هەر تاموچێژ و تایبەتمەندی و مانای هونەری خۆی هـەیە و جیا لەوان بینەری هەمیشەیی هەیە . چونکە شانۆ هونەرێکی زیندووترە . من لەئەمەریکای باکوور دەژیم ، لە> ئۆنتاریوی ـ کەنەدا ـ < شارێکی بچکۆلە هەیە پەنجا کیلۆمەترێک لێمەوە دوورە . شارەکە ناوی > ستراد‌فۆرد < ە . لێرە شانۆیەکی لێیە ڕۆژانە فیسیڤاڵی شـــــانۆیی لێدەکرێت و هەموو بەرهەمەکانی شکسپیر و مارلۆ و جۆن شتاین بیک و جارجارەش بەرهەمی نووســــــەری تریشی تێکەڵاو دەکەن . ئەکتەرەکانی هەر هەموویان لەبارستایی و بگرە ئەکتەری جیهانین .

ئەم شارە لەجیهاندا بەهۆی ئەو شانۆیەوە ناوبانگێکی مەزنی بۆ خۆی دروستکردوە لــە هەموو باکووری ئەمەریکا و ئەوروپاوە بۆی دێن . بلیتەکەشی ئەمەندە گرانە کە دەق بیست ئەوەندەی نرخی بلێتێکی سینەمایەکیانە . مانای100 دۆلار نرخەکەیەتی ، کەچی ڕۆژ نییە هۆڵەکەی کورسییەکی بەتاڵی تێدا بمێنێتـــەوە . زۆربەی ئەوانەی ساڵی جارێکیش ناچنە سینەما یان هەرناچن ، بەڵام بۆ هـــــەموو بەرهەمێکی ئەم شانۆ مەزنە ئامادە دەبن و هەرگیز بەینی تێناخەن .

جـــــا جیاوازی شانۆ لەگەڵ سینەما و تەلەفزیوندا ئەوەیە کەوا چی تێدا پێشکەش دەکرێت و کێن ئەوانەی پێی هەڵدەستن ئەوان شتی مەزن پێشکەش دەکەن و کەمتر یان هەر فوو ناکەنە خۆیان . جا ئەو شـــــانۆیانەی کە دەقەکانیان نوێیە و نووسەری ئەمەریکی و کەنەدی دەیانووسن ، هەمان ئەو ئەکتەرانەش نمایشــــی دەکەن . هەر هەمان شێواز و ڕێوشوێنی شـانۆیە کەوا لە هەموو شوێنێکدا وەک کەڵچەری میللی خۆیان داهێنانی تێدا دەکەن . جـا داهێنانەکەش پەیوەندی بە سـەلیقەی نووســەر ، دەرهێنەر ، ئەکتەرەوەیە ، کەسیشمان نەدیوە لەسەر شانۆ بفرێت وەک برادەرێک لە ووتووێژێکدا لەم بەینەدا خوێندمەوە شتی وای ووتووە فڕینە فڕین .

*>< ئایا هونەرمەندی شانۆیی دەتوانێت ببێتە هونەرمەندی تەلەفزیونی و سینەما ؟.*

+ بێگومان ئەوە دەشێ . ئەوە نابینین ئەو هەمـــوو هـــونەرمەندە مەزنانەی جیهان زۆربەیان لە شانۆوە دەستیان پێکردووە . بەلای منەوە هـەر هونەرمەندێک ئەگەر لە سینەمادا نەتوانێت بچێتە سەر شانۆ ، ئەوا هونەرمەندێکـــی بە توانا نییە ، چونکە شانۆ زیاتر سەلیقە وبەهرەی هونەرمەند دەردەخات . لەسەر شانۆ هەر هەڵەیەک روو بدات لەلایەن ئەکتەرەوە تازە وەک فیشەک وایە کەدەرچوو ناگەڕێتەوە بەپێچەوانەوە لە سـینەمادا

بینراوێک دەتوانرێت ئەمەندە دووبارە بــکرێتەوە تا دەرهێنەرەکە پێی رازی دەبێت . بەڵام وەک ووتم لەسەر شانۆ ئەگەر ئەکتەر هەڵەیەکی کرد ، دەرهێنەر لە پشـت پەردەوە مەگەر هەر قژ بڕنێتەوە . لەوە زیاتر هیچ ناکرێت .
جـا بۆیە دەڵێم هەر ئەکتەرێکی سەر شانۆ لەسینەمادا بەتواناتر دەبێت . بۆ نموونە زۆر لەو بەرهەمانەی لەشانۆوە دەمانبردە بەر کامێرای تەلەفزیون ، مەگەر بەدەگمەن دووبارەکردنەوەی تیادا روو بدایە ، چونکە ئەکتەری شانۆیی دەقی بەوەوە گرتووە کە لەبەر کامێراش کۆنترۆڵی بینراوەکە بکات و زیاتر رۆڵەکەی لە ئامێز بگرێت .
ئەکتەری شانۆیی زیاتر بڕوای بەخۆیەتی . ئەم بڕوا بەخۆبوونەش لەبەر کامێراش هەر هەمان بڕوایە ، چونکە ئەزموونی شانۆیی لە تەکیدایە . بەڵام ئەکتەرێکی سینەمایی کە شانۆی تاقی نەکردبێتەوە ، ئەوا بڕوای بەکامێراکەیە . بڕوای بەوەیە ئەگەر توانای رۆڵەکەشی نەبێت ئەوا کامێرا بۆی دەشارێتەوە . وەک ووتمان لە ســــــینەمادا فێڵ زۆرە ، بەڵام ئەوە بۆ شانۆ نارەخسێت .

*>< چ داهێنانێک لە بواری شــــــانۆی کوردیدا هەیە جێی سەرنجتان بوو بێت / بێت ؟ ئەی ئێوە بە هیوای چ داهێنانێکن ؟.*

+ داهێنان مانای لابردنی شێوازێک و هێنانی شێوازێکی نوێ و جیاواز بە شــێوازی پێشووە . لە شانۆی کوردیدا ئەمە تا سنوورێک چووە پێشەوە . لە چەمکی دیکۆر و پەردە و رووناکییەوە تا سنورێکی تریش پەیڕەویکردنی شێوازێ کــە پێیان دەگووت > بڕیخت < ی کەئەمەشیان هەر بەو شێوە کتومتە نەبوو . ئەوە نەبێت کە دیواری چوارەم نەما وجارجارەش ئەکتەرەکان دەچوونە ناو جەماوەرەوە یان لەکاتی نمایشدا لەگەڵ بینەرەکان دەدوان ، رووناکی و تاریکی دیمەنەکانی دەگۆڕی نەک پەردە .
ئەمانە هەندێک داهێنانبوون لە ساڵانی حەفتاکاندا کەوتنە ناو شانۆی کوردییەوە و بەداهێنان لە شانۆی کوردیدا دادەنران ، بەڵام وەک شانۆ بەگشتی ئەگەر کتومتیش پەیڕەو بکرایە ئەوا شێواز و قوتابخانەیەکی تایبەت بوو . جــــاری وا هەیە داهێنان بارێکی نێگەتیڤانە دەدا بەدەستەوە .
بــۆ نمونە دەرهێنەرێک دەیەوێت لەشـــــانۆییەکی تایبەتدا داهێنانێک بدات بــە دەستەوە بۆ ئەوەی شــانۆ بەرەو بارســــتاییەک و ســتاتیکێکی بەرز ببات ، کەچی بەپێچەوانەوە شێوازەکەی دزێو دەبێت و لەباتی سەرکەوتن خۆی تووشی نووچدانێکی ترسناک دەکات و دەبێتە مایەی گاڵتە و لاقرتێی بینەران و هـــــەرس نەکردنی ئەو هونەرەی دەیدا بە دەستەوە . ئەمەش بە زۆری تووشی ئەو دەرهێنەرانە دەبێت ، کە لە کاتی هەڤپەیڤین و بۆنەکاندا زۆر دەڵێن و ناچار دەیانەوێت تـازەگەرییەک بهێننە ئاراوە . جا ئەگەر ئەم زۆر بڵێیانە هەر لە بنەڕەتەوە سـەلیقەی هونەرەکەیان نەبێت ، دەکەونە ئەو چاڵەوە. زۆر هەن شــەش شـــــەش و حەوت حەوت دەدەنە بەری ، وەلێ هەرچی چۆنێک پەلەقاژە بکەن و هەڵبەزنەوە ، هەر نامۆ و خەوشن بە هونەرەکەوە .
داهێنان بەلای منەوە ئەو پاڵەپەستۆیە نییە بە مێشکی خۆتی بدەیت تا شێوازێک بدۆزیتەوە و ناوی بنێیت داهێنان ، بەڵکو داهێنان بەندە بەو بەهرە و سەلیقەیەی کە هەتە. ئەمەش هەزارەها کتێب و وانە و قوتابخانە بگەڕێیت چنگت ناخات . ئـــەمە دیارییەکە خواوەند و سروشت پێیان داویت و تۆ ناتوانیت بیســــــەنیت و بیکڕیت و قەرزی بکەیت . ئیدی زۆر لەو خەیاڵبازییەی بەناوی داهێنان و تازەگەرییەوە قسەی لێ دەکرێت ناراستە و سواربوونی ئەسپی خەیاڵ و نامەسئولانە قسەکردنە لە شانۆ و هونەر و زۆر شتی دیکە . هەڵبەتە گەلێ لایەنی

داهێنان پێویســـــــتی بە پاڵپشتی پرۆسێسێکی گەشەکردن و بەرەو پێشچوون هەیە .

لەو میحنەتەی ئەمڕۆ کوردی تێدایە ئاستی ئەو بەرەوپێشچوون و گەشەکردنە دیارە چــەندە ، بۆیە پێویستە هونەرمەند لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر ریالیست بینتر بێت و باز بەسەر هەقیقەتەکاندا نەدات و قەوارەی خۆی و دەوروبەرەکەی بزانێ. دەنا وەکو تر هــەر کەس دەتوانێ کۆمەڵێ ڕســـتە و دروشــم بە کوردی کاوێژ بکاتەوە و بیافرۆشێت بە جەماوەر ، بەڵام مێژوو چی دەڵێ ئەوە شـتێکی دیکەیە . هەر لەسەر بەهرە و توانای خۆڕسکی دەڵێم بنەماڵە هەیە هــــــەر کە گۆرانی دەڵێن زۆربەیان دەنگیان خۆشە و ناسک دەچڕن . هەر لە هەمان بنەماڵەدا تیایدایە دەنگـــی خۆش نییە . کەواتە ئەوەیان لە جینەکــانیدا دەنگَ خۆشی نییە . نیگارکێشان ، ئەدەب ، مۆسیقاژەنین ، خەتخۆشی ....هتد ئەمانە هەمووی بەندە بە بەهرەو سەلیقەوە .

ئەگەر وەک مەســـــەلەیەکی ڕێژەیش بۆی بچین ، ئەوا زیاد لەسەدا هەشتای هەر هونەرێک دەبێت بەهرەو سەلیقە بناغەکەی بێت . هەموو کـــــەس دەتوانێ گۆرانی بڵێت، بەڵام هەموو کەس دەنگی خۆش نییە . هەر کەســـــێک دەتوانێ نیگارێک بکێشێ ، بەڵام هەموو کەس نیگارکێش نییە . ئەوەی حەزی لە شـــــانۆ کرد مەرج نییە تیایدا پێشکەوێت ، جا با وەک تیوری گەورەترین شارەزا بێت . چـــونکە ئەمە هونەرە خەڵک سەیری ئەوە دەکەن تۆ چی دەدەیت بە دەستەوە و چی پێشــــــکەش دەکەیت و توانات چەندە . وەســــتای وا هەیە شـــتی ئەوتۆی بە خـــەیاڵدا دێت ، گەورەترین ئەندازیار دەرکی پێناکات ، چونکە وەستای خانووەکە ســــەلیقەکـــــەی پێچاوێتی لە کــــــــــارەکەیەوە ، بەڵام ئەندازیارەکە بە پلەیەکی بەرز دوا ناوەندی تەواوکردووە هەر لە خۆیەوە بواری ئەندازیاری هەڵبژاردووە .

چـــەندەها جار ئەندازیارەکان لای خۆمان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک پرسیاریان لە وەســـــتا باش و خاوەن ئەزموونەکان کردووە و دەرئەنجامیش دەســــــتخۆشانە لە ئەندازیارەکە کراوە . بەڵام خۆشبەختانە لە شانۆدا کارەکە وا نییە . بەهرە و سـەلیقە و داهێنان هەر ئەکتەر خۆی خاوەنێتی و بە دەست خۆیەوەیەتی . بەدەگمەن بــاس لە داهێنان دەکرێت لە بواری داهێناندا .

جـــا لێرەدا من وەک ئەکتەرێک لە داهێنان دەدوێم لەبەر ئەوە پێشــــەکی هیچ پرۆژەیەکم بۆ داهێنان پێ نییە ، بەڵکو داهێنان ئەوەیە لە کاتی ئامادەکـــــردن و دەستکردن بە بەرهەمێک ئەو داهێنانە خۆی دێتە ناختەوە . ئەوەش پەیوەســتە بەو بەهرە و سەلیقەیەی لێی دواین . جاری وا هەیە لە خوێندنەوەی دەقێکدا شتێکــــی تازەئامێزت دەگرێت . جاری وا هەیە لەسەر شانۆ ، جاری وا هەیە بە ڕێگادا دەڕۆیت سەرنج لە دیاردەیەک دەدەیت . ئەمە لە شانۆدا ڕەنگی پێدەدەیتەوە . جا ئـەمانە بە بیری زڕە هونەرمەندی بێ بەهرەدا نایەن . لەوانەیە کــــاکـــی هونەرمەند بەلای زۆر دیاردەدا تێپەڕێت کە پەیوەندی بەو شانۆیەوە هەیە کە ئەویـــش لـــە هەمان کات و ساتدا نمایشی دەکات . بەڵام ئەو هەر ئاوڕیش لە دیاردەکە ناداتەوە. بـــۆ ؟ چونکە سەلیقە و بەهرەکە نییە ، ئیتر چی پاڵی پێوە بنێ هەندێک لێی رابمێنێ .

زۆرجـــار شـــتی تازە هاتووە بە خەیاڵمدا خۆشم سەرم سوورماوە لێی . بۆ نموونە کۆمەڵەیەکی کوردی باکوور لە یۆنان داوایان لێکردم شانۆگەری نەورۆزیان بۆ بکەم . منیش چیرۆکێکم لــــــە بارەی نەورۆزەوە زۆر بە سادە و ساکاری نووسی بۆ ئەوەی ئەوان نمایشی بکەن و منیش دەرهێنانەکەی ئەنجام بدەم . ئاهەنگەکە دوو هەفتەی مابوو زیاتر لە دە ڕۆژ مـــن لەگەڵیان خەریک بووم ، چونکە ئەکتەر نەبوون زۆر خۆم بە ڕەنجەڕۆ دەزانی و ئەوانیش دەیانزانی کەوتوونەتە ژێر بارێکی زۆر گرانەوە . دوای دە ڕۆژ ماندووبوون و سەرقاڵی نەیان دەزانی چۆن

خۆیانم لێ دەرباز بکەن . مەزنەکەیان هاتە لام و ووتی هەڤاڵ بە خوادا نەمانزانی نواندن ئەمەندە گرانە ، ئێمە نەشێین ئەمە بکەین . بەراستی ئەوکاتە خۆم زۆر بێنرخ هاتە پێش چاو . ووتم توخوا وەرە (ئەوکاتە نزیکەی بیســت ساڵ بوو خەریکی شانۆبوم) نەمتوانی ئەو شانۆگەرییە بەئەنجام بهێنم . راستی ئەوەبوو ئەوان دەموچاوی منیان دەخوێندەوە کە لێیان رازی نیم و نمایشەکەیان نەک هــەر لاوازە، بەڵکو هەر قێزیشی لێدەکرێتەوە . ئێ منیش ئابڕووی خۆم نابەم ، بەم شێوەیە ئەو بەرهەمە نیشانی جەماوەر بدەم . بەتایبەتی لە ئەتینا و لە شوێنەواری کەڵە هونەرمەندانی وەک < ئەســـــخیلۆس و ســـۆڤوکلیس و یوربیدس و تسبس > هەر پێم کفربوو . ناچار ووتم باشە با ئاهەنگەکە شـــــانۆگەری تێدا نەبێت ، بەڵام لە ژێرەوە دائەوەشام و نیگەران بووم ، بە خۆم دەگووت ئـــــافەرم هونەرمەندی شانۆ ، ئەوەتا دەستەوسان ملت نا بۆ نەبوونی شانۆگەری و توانـــــــای ئەوەت نەبوو بیسەلمێنی هونەرمەندیت !. ئەو رۆژەی ئاهەنگەکە دەســــــتی پێکرد مانگی 88/3 بوو رۆژی 3/22 دەبوایە ئێمە لە< لاڤریۆ> وە بەرەو ئەتینا بڕۆین . کە بە پاس سەعات و نیوێک دوور بوو میوانێکیشمان هەبوو ناوی مـیران بوو کوڕی کاک حەمە عەلی قادر کامەلا بوو و ئێستا وا لە ســوید دەژی ، پێش ئەوەی بچینە ناو پاسەکەوە بە ئاشتی هاوسەرم ووت شتێکم هاتووە بە خەیاڵ دەمەوێت درامایەک پێشکەش بکەم . دەمەوێت [ عومەری خاوەر ] ئەو شەهیدە سونبوڵییەی کارەساتی هەڵەبجە کە مناڵەکەی لە ئامێزدایــە ، بیکەم بە درامایەک . پێش نیوسەعات چی کردووە و چۆن فڕۆکە مەرگچێنەکانی بـەعس هەڵەبجەیان کیمیاباران کردووە ، هەتا ئەو کاتەی عومەر خاوەری شـەهید لەگەڵ مناڵەکەیدا گیان دەسپێرن . من ئەوە لەو درامایەدا بەرجەستە دەکەم . بـــــە ئاشتیم ووت بێ ئەرک ئەو بووکە شوشەیە وەک مناڵەکەی عومەری خاوەرمەلۆتکە بکە و هەقت نەبێ ... لە پاســـەکەشدا هەندێ ووتووێژی ئاساییم فێرکردن . ئیدی چیرۆکێکی ڕێکوپێک ئامادە بوو ... بــە کورتی شانۆگرییەکەمان نیشان دا و هەر یەک چۆن عومەری خاوەر لە وێنەکــــــەدا کەتبوو منیش کۆتاییەکەیم کرد بەو وێنەیە . هەر کتومت بە جلی کوردییەوە وەک ئـەو . بە کابرای سەر رۆناکی هۆڵەکەشـــــــــم ووت هەر کە وەک وێنەکەم لێهات تۆ سێ جار تیشکەکە بدە لە من و سێ جاریش لەوێنەکەی عومەری خاوەر . ئیتر شانۆگەرییەکە کۆتایی هات و مانای چیرۆکێکی نیوسەعاتی بوو .

ئیدی لێرەدا چەند سەرکەوتوو بووم ئەوە بینەر دەیزانێت . وەلێ ئەوەندەی خۆم بزانم کە سەرکەوتوبوم ئەوەیە کە لەپاش تەوابوونی کارەکەم لەدوکانێک شتم بۆ< شایی > کچم دەکڕی . پێم وایە بایی پێنج ســـــەد دراخما بوو ، هەندێ یاری و شیرینی بوو ، کە ویستم پارەکەی بدەم کابرای دوکاندار ووتی هەرچییەک دەکڕی هەمووی لەســـــەر ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە . منیش ئاوڕم لێدانەوە هەندێک خەڵکی یۆنانی بوون لـــــە ئاهەنگەوە ئەوانیش ڕێیان کەوتبووە ئەو دوکانە و لەوە دەچوو بەدوای مندا هاتــبن بۆ ئەوەی لە هەلێکدا خۆیانم پێ بناسێنن . ووتیان . نرخەکەی لەســــەر ئێمەیە ، تۆ بەو شانۆگەرییە خۆت دەرخست کە لەبواری شانۆدا لێهاتوویت . زۆرکارت تێکردین .

هەمووومان گریاین هەرچەندە کوردیش نازانین ، بەڵام لە هەمووی گەیشتین . ئێستا دەزانین کە هەڵەبجە بەراســــــتی چی بەسەر هاتووە ، تکایە لێمان گەڕێ با نرخی ئەو شتوومەکەی کڕیوتە لەسەر ئێمە بێت . چی تریش دەخوازن حـــــەزدەکەین پارەکەی لەسەر ئێمە بێت . جا لەو کەفوکوڵی هەڵەبجە ولەو لانەواز و بێ کەسییەی خۆمدا لە باتی ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە ، قوڕگم پڕبوو لە گریان و بەحاڵ پێم کـــــرا بڵێم سوپاستان دەکەم .

لێردەدا مەبەستم لە داهێنانەکەیە . من بەو بەرهەمە بۆ کۆمەڵە کوردییەکــە و جەماوەکەشم سەلماند ، ئەگەر

بەهرە و سەلیقە هەبێت داهێنان ئاسانە . ئیتر هەر دوای ئەوە من لەناو کۆمەڵەکەدا بە چاوێکی تر سەیردەکرام . ئەوەش زۆر بوو بۆ من ، منێکی پەناهەندەی بێکەس لەو وڵاتە و لەو هەلومەرجەدا . جا ئەوەی کردم من بە داهێنانی دەزانم . هەموو نەریتێکی پرۆڤە و دەرهێنان و رووناکی و دیکۆر و هەلومەرجەکانم پەڕاند و بەتاقی تەنها لەگەڵ خێزانەکەمدا درامایەکی کتوپڕیمان دا بەدەستەوە و پێنج سەد دراخماش لە گیرفانماندا مایەوە . ئەو پارەیە تامی هەموو ئەو سەروەتانە دێنێ کە هەندێ کەس بە ریایی و ماستاوکردن دەستیان دەکەوێ و خۆیان و هونەرەکەی پێ سووک دەکەن . ئیتر لەوە بترازێ دەبێت چاوەڕێی فریشتە و بەهرەی داهێنان بکەم ، ئێستاو داهاتویش ئەگەر تەمەن یەخەگیری کۆتایی نەبێت .

### >< *چۆن چەندایەتی و چۆنایەتی دەقێ بۆ نمایشکردن دیاری دەکەن ؟*

+ بە پێی هەلومەرج یان لە ئەنجامی خوێندنەوەی چەند دەقێکدا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی یان بە بەریەوە بێت ئامادە بکرێت یان سوودی لێ وەرگیرێت و دایبڕێژێتەوە ، بەو شێوەیەی خۆم مەبەستم بێت . .. ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریشەوە لەپڕ شتێک دێت بە ئەندێشەما و لە شانۆنامەیەکدا گەڵاڵەی دەکەم و دەینووسمەوە . جاری واش هەیە برادەرێک دەقێک دەهێنێت و دەیخاتە بەر دەستم یان بۆم باس دەکات و ناوەڕۆکەکەی دەچێت بە مێشکما کە بابەتێکی رێکوپێکە و لەسەر شانۆ سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و بینەران تامەزرۆی دەبن . کام شانۆیی بینەری لێتەکییەوە ئەوە کارەساتە . بەراستی هێنانی دەقی مردوو بێ تام و چێژ و دوورکەوتنەوەی بینەر لێی گەورەترین رەنجەڕۆبوونە .

من تەنها جارێک ئەوەم بەسەر هاتووە ئەویشساڵی 1969 بوو دەقەکەش لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد دەنکَ گەورە)بوو . رێزم هەیە بۆی زۆر دەستی گرتم ، بەڵام ئەو دەقە کە ناوی > گۆڕهەڵکەند< بوو من رۆڵە سەرەکییەکەیم دەدی لەگەڵ مامۆستا ( عومەر عەلی ئەمین ). هەرچەندە پێم ووت ئەم چیرۆکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و هەڵە و پەڵەی زۆرە و جوڵانەوە و تاموچێژی تێدا نییە . بەڵام نەیسەلماند و سەرەڕای ئەوەش دەرهێنانەکەشی هەر خۆی بوو .

من کە رۆڵی شتێکم دەدی دەیووت لە کاتی قسەکردنی ئەکتەرەکانی تردا بە هیچ شێوەیەک نەجوڵێیتەوە بۆ ئەوەی بینەر پێنەکەنێت و دیالۆگەکانی نەبیسترێن . وای لەو شانۆگەرییە کرد بینەر خەو دەیبردەوە و پێش کۆتاییەکەی دەچوونە دەرەوە .

ئێستاش ئەوەم لە بیرناچێتەوە . لەبەر ئەوە پێش هەڵبژاردنی چیرۆکەکە زۆر بیر لەوە دەکەمەوە کە ئایا ناوەڕۆکەکەی بینەر رادەکێشێ یان نا ...سەرکەوتن بەدەست دێنێ یان نا !؟ نموونەیەکی تر برادەرێک رووی لێنام لە چیرۆکێکدا رۆڵی سەرەکی ببینم و خۆیشی دەری بهێنێ . کە چیرۆکەکەی دامێ ، هەرچەند سەرم هێنا و سەرم برد ووتم ئەمە رەنجەڕۆم دەکات . بەڵام ووتم با بزانم لەسەر شانۆ چۆنە ؟ ماوەی هەفتەیەک لەسەر شانۆش پرۆڤەمان کرد سەیرم کرد زۆر وێرانە و خەڵکەکە تاقەتی ئەو فەلسەفە ووشکانەیان نابێت . ئیتر بەراشکاوی پێم ووت ئەمە سەرکەوتن ناباتەوە ، هەرچەند بیانووی هێنایەوە ، ووتم بەخوا برا من لێرەوە ماڵئاوایت لێدەکەم . هیوام وایە سەرکەوتوو بیت بەڵام بەخوا بڕواناکەم ..... ئیتر ئەوانەی لە چیرۆکەکەدا رۆڵیان دەبینی یەک دوانێکی تریش بە دوای منا وازیان هێنا و بۆی نەخرایە سەر شانۆ. پاش ئەوە گروپێکی تر

مۆڵەتیان بۆ وەرگرت و هێنایانە ســــەر شانۆ . لام وایە سێیەم ڕۆژی بوو چووم بۆ سەیری ، نازانم ئەو ســەعات و نیوەم چۆن لێ ڕۆیشت . خۆزگەم بەو خەڵکە دەخواست کە جێیان دەهێشت و لەنیوەیدا دەچوونە دەرەوە . بەڵام من وەک هونەرمەندێکی شانۆ رووم نەدەهات بچمە دەرەوە . ناچار تا کۆتایی دانیشتم . زۆرجاری تریش ئەوەم بەســـەر هاتووە بەتایبەتی لە > دووڕەکَ < ەکەی فازڵ جاف دا . لـــەبەرئەوە چیرۆک پێش دەستنیشانکردنی لە مێشکی خۆمدا زۆر تاووتوێی دەکەم و پرسیاری زۆر دەکەم .

تەنانەت لەکاتی پرۆڤەکانیشدا ، بۆچوونی برادەران وەردەگرم . ئیتر دەق ئەوە نییە ئەگەر خۆت بەچاکت زانی ملی پێوەنێیت ، بەڵکوهەڵسەنگاندنێکی چاکی دەوێت . ئەبێت شارەزای بۆچوونی جەماوەر بێت چەند لـــەگەڵتا دەبن و چۆن وەری دەگرن ؟ چییان فێردەکات ؟ لەم بابەتە دەقەکانی تر ســــەرکەوتنی بەدەستهێناوە ؟ یان نا ؟ چەند پێش جەماوەر دەکەوێت و بەمەرجێ لێیان دابڕ نەبێت . ئـــەمانە دەبێ پێش کات لێکیان بدەیتەوە ، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بۆ کوردی ئەم ســــەردەمە چی هەڵبژێری ؟، مەرگەسات یان کۆمیدی یان تێکەڵیان بکەیت !!.

بەلای منەوە تێکەڵیان بکەیت چاکترە ، چونکە کۆمێدی رووت بەهاکانی شانۆ بزر دەکات بەتایبەتی لای ئێمە . جاری وا هەیە هەر ئەوەندەی ماوە ئەکتەرەکە بێتە ناو هۆڵەکەوە و ختوکەی بینەران بدات . زۆر کەس هەن وەک ئەکتەری گەورە ناسراون ، بەڵام ئەکتەر نین . شەکەڕۆکەن و هێشتا لای ئێمە ئەو کێشانە دروست نەبووە .

ئـــەکتەر دەبێت بزانێ چی دەدات بەدەستەوە . زۆر هەن وا دەزانن هەر ئەکتەرێک ختوکەی هەســـــتی دا و دایە قاقای پێکەنین ئیتر ئەوە چاکترین ئەکتەرە . ئەویش جاری وا هەیـــە دەیداتە بەری هەموو بەهایەکی رۆڵەکەی دەخاتە پێناوی گاڵتەجاری و شـەکەرۆکەییەوە . من لە کاتی نمایشی >> شارلی شاپلن << دا دەگریم . زۆری تریشم دیوە وا بیر دەکەنەوە ، بەڵام ئەو شێوازە دەربڕینە لای ئێمە دەگمەنە .

مەرگەســــاتیش بینەری کورد وەک ووتم ناجوڵێنێ ، چونکە خۆی لە گەورەترین مەرگەســـاتدا دەژی و هیچ مەرگەساتێکی سەر شانۆ لە مەرگەساتی خۆی راستتر و باڵابەرزتر نییە و بگرە زۆر کورتەباڵاشە ، چونکە ئەوەی ســــــەر شانۆ لێرەو لەوێ دەشێ جۆرێ لە فەنتازیای تێکەڵ کرابێت . لەبەر ئەوە چیرۆکێک سـەرکەوتن دەدات بەدەســــــتەوە و هەســـــتی بینەر بەلای خۆیدا رادەکێشـــێ ، بە هەردوو چەمکەکە مامەڵەی لەتەکدا بکەیت . رەنگە کەسانێک ئەمە نەســــــەلمێنن ، بەڵام من وەک تاقیکردنەوەش لەسەری رۆیشتووم ( میراتی ) و(سـەلەی نانکەر) دوو نموونەی ئەم بۆچوونەمن . هەر یەکەیان بە پڕاوپڕی هۆڵەکە زیاتر لە یەک مانگَ نمایشـــــکران و بەدەگمەن کورسی بەتاڵ لە رۆژانی کۆتایشدا دەدۆزرایەوە . هۆڵ جمەی دەهــــــات و بینەران بە زەوق و مەبەستێکی بە بایەخەوە دەهاتنە سەیری ئەو نمایشـــــــتە . ئەو کاتەی دەشمان وەستان هەر لەبەر ئەوەبوو پشوویەک بدەین و مەسـەلە ماندووبوونی خۆمان بوو ، لەبەر ئەوەی هەر یەکەمان سەرقاڵ و ماندووی کاری ســــەرەکی ژیان و پەیداکردنی بژێوی بوو . لەتەک ئەو ئەرکە سەختەی ژیاندا خۆمان بۆ بەرهەمهێنان و نمایشتی شانۆ ئامادە دەکرد .

لە کۆتایشدا چیرۆکێک هەڵدەبژێرم ، بینەر هەڵویستی لێوەرگرێت . دەیخەمە سەر کەڵکەڵەی یاخیبوون لە دیاردە نامۆ و ناقۆڵاکــــان لە تاقیکردنەوەکانی خۆی نزیک دەکەمەوە و سەرلەنوێ دایدەرێژمەوە . فێری ئەوەی دەکـــــــەم ژیان بەری بڵاوە و بە هەرچی جۆرێ بێت دەتوانێت خۆی بدزێتەوە و ببێتە مرۆڤێکـــی پۆزەتیف و رەنجی بەخەسار نادەم . بە ناخی خۆیدا شۆڕی دەکەمەوە و بە ناخی خـــۆی ئاشنا دەکەم . کەنارگیری لای من

ئەستەمە . بێهوودەیی هەروەها . ئامانج وونکـــردن و ڕۆچوون و خلیسکاندنی بینەر . ئەوە کاری هونەرمەندی نەتەوەیی نییە .

ئێمە دەبێ نەک هونەر بەڵکو گشت کات وسات و هەڵسان و دانیشتن وکاروکردە و هەموو خەمێکمان خۆ دروستکردن بێت، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشـــــیاری مرۆڤی کورد بێت . ئەگەر هەندێ کەس ئەم بۆچوونەیان لەلا پەشـــــم بێت ، ئەوا نەک وەک هونەرمەند ڕەوا نییە وەک کوردێکیش تێیان بڕوانرێت . چونکـــە ئێمە هەلومەرجی خاک و نەتەوەکەمان جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجی هەر هەموو خـــاک و نەتەوەکانی سەرزەمین ، ئیتر بە چ پێوانە و تەرازوویەک ، وڕێنە و فەلسەفەی بـــۆشی هاوردە بسەپێنم بەسەر نەتەوە بندەستەکەمدا !؟ چۆن سووکایەتی بە ســـــــەروەری مرۆڤە پۆزەتیڤەکانی نەتەوەکەم بکەم و لەگەڵ گەجەر و گوجەردا هاوتایان بکەم و بیانکەمە گاڵتەجاڕی خەڵکی . ئەگەر هونەرەکەم نەگەڕێ بۆ بنەمایەکی ژیانی ســـەربەرزی و نەیکاتە فەلسەفەی خۆی ، ئەوا دەیخەمە ناو کولەکەی تەڕەوە و نەبێ باشترە .

>< زمان توخم و رەگەزی یەکەمی شـــیعرە . ئەی بۆ شانۆ چەند گرنگە و پێویستە ؟. ئایا یەکەم رەگەز بۆ شانۆ چییە ؟.

+ هەمان ڕاستی و چەمکیش بەسەر شانۆدا دووبارە دەبێتەوە . پێم وایە زمان توخم و رەگەزی شانۆشە . بە تایبەتی ئەگەر زمان لە شـــــانۆدا کولتووری هەمان نەتەوە دەربڕێ کە شانۆ پێی دەپەیڤێت .

>< *تیۆریکی شانۆیی یان ڕێبازێکی تایبەت هەیە تـــــۆ پابەندی بیت و کاری پێ بکەیت ؟.*

+ ئەمە دەقەکە دەستنیشانی دەکات و تیۆریکی گونجاوی بۆ دەڵدەبژێرێ . جـاری وا هــــەیە لەبەر ئەوەی تۆ بە ڕێبازێکی تایبەتی بتەوێ دەقێک نمایش بکەیت ، دەبێت ئامادەی بکەیتەوە . بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ شـانۆنامەیەکی کلاسیکی وەک خۆی بخەیتە سەر شانۆ ، ئەوا ڕێوشـــوێنە تەقلیدییەکە ڕێبازی ( **ئه رسطى** ) بۆ هەدەبژێری ، بەڵام ئەگەر بتەوێت بۆ نموونە بە شـــــێوەی > بریخت < ی نیشانی بدەیت ، ئەبێت دووبارە ئامادەی بکەیتەوە و بیخەیتە ســـەر شێوەی بریختی . هەتا ئێستا لە کوردستان ئەم دوو شێوازە باوە . هەروەها قوتابخانە و ڕێبازی تریـــش هەن بێجگە لە داهێنانی نوێ .

بەلای منەوە ناوەڕۆکی دەقەکە گرنگە . ئیتر هەر چۆنێک بیگەیەنیت ئەوە کـــار ناکاتە سەر مەبەست . گرنگە لەلای من گەیاندنی مەسەلە و بابەتێکە بەشێوەیەکی هونەری و پەیڕەوی جوانی بکەیت . هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت . هونەر بوارەکەی پان و بەرینە . ئەگەر دەقی بەهێز و ئەکتەری بەهرەمـــــــــەند هەبێت ، بەهەرچی شێوازێک ، بە هەرچی ڕێبازێک دەری ببڕیت ، یەک چەمک و ڕاســـتی و خاڵ و مەبەست گرنگە ، ئەویش تێرکردنی هەستی جەماوەرەکەیە و تا چەند لـــەوان نزیک دەبیتەوە . ئیدی بە پرسیار ورووژاندن یان بە وەڵامدانەوەی پرســـیارە گرنگە و شاراوەوە و ئاڵۆزەکان بێت . ئەمڕۆ کلاسیکی باو لە جاران زیاترە ، هـــــەرچەندە قوتابخانە و شـــێوازی تازەش هاتۆتە ئاراوە . بەڵام لە ناو باخی هـــــونەردا هەر کلاسیک سەوز و پاراوە . نەمریش هەر بۆ ئەو دەمێنێتەوە .

ئه‌مه‌ش هه‌ر له‌خۆمه‌وه‌ نالێم . له‌م رۆژانه‌دا له‌ ستۆرێکی ڤیدیۆدا له‌ کارمه‌ندێکم پرسی چ جۆره‌ ڤیدیۆیه‌ک زۆر ده‌فرۆشـــرێت ؟!. ووتی کلاسیک به‌ تایبه‌تی ئه‌گه‌ر بۆ ماوه‌یه‌ک سینه‌ما و ته‌له‌فزیۆن ئه‌و به‌رهـــه‌مانه‌ لێنه‌ده‌ن ، ئه‌وا رێژه‌ی فرۆشتنه‌که‌ی به‌رزتر ده‌بێته‌وه‌ . ئه‌مه‌ نه‌ک هه‌ر وه‌ک نمایش به‌ڵکو وه‌ک مۆسیقا و نیگارکێشان و گۆرانی و سه‌ما و هه‌موو دیارده‌ و چه‌مکه‌ هـونه‌رییه‌کانی دیکه‌ . من وای بۆ ده‌چم هه‌ر هونه‌رمه‌ندێک به‌ کلاســـــیک نه‌وێری، په‌نا ده‌باته‌ به‌ر ته‌جرید و بێهووده‌یی و شقڵی و پقڵی . ده‌یه‌وێت بینه‌ر بۆ ئه‌و چـــــــه‌کانه‌ راکێشێت گوایه‌ ئه‌مه‌ هونه‌ری راسته‌قینه‌یه‌ . ئه‌مانه‌ وه‌ک ووتم ( به‌رگه‌ نوێیه‌که‌ی پاشا ) م بیر ده‌خه‌نه‌وه‌ . زۆرجار > به‌ تایبه‌تی لای ئێمه‌ < ده‌یانه‌وێ جه‌ماوه‌ری پـێ له‌ خشته‌به‌رن . هونه‌ر هونه‌ره‌ و پێویسته‌ هه‌روا هه‌بێ و بناســــــرێندرێ و کاری پێ بکرێت ، فێڵ و فه‌ره‌ج پوولێک ناهێنێ . ئه‌وه‌ تۆ و ئه‌وه‌ بینه‌ر مــانای ئه‌وه‌ ئه‌رز و ئه‌وه‌ گه‌ز ، ئه‌وانه‌ی هیچیان پێ نییه‌ و له‌ بازاڕی هونه‌ردا مامه‌ڵه‌ ده‌که‌ن ، دیاره‌ له‌ هیچ بازارێکدا پـــــاره‌ی قه‌ڵب ناخوات . جا خوای ئه‌کرد به‌ جانتا له‌و پاره‌یه‌ت هه‌ڵده‌ڕشـــــــــت . ئیدی ئه‌و زره‌ هونه‌رمه‌ندانه‌ی که‌ ده‌ڵێن ئه‌مان له‌ ئاستی جه‌ماوه‌ر و بگره‌ هونه‌رمـه‌ندانی دیکه‌ش به‌رزترن و بۆیه‌ لێی تێناگه‌ن ، با بچێت بینه‌ر و ئه‌کته‌رانی شـــیاو به‌و قوتابخانه‌یه‌ی خۆی بدۆزێته‌وه‌ !! . یه‌کێک له‌و بابه‌ته‌ هونه‌رمه‌ندانه‌م له‌م شـــاره‌ی که‌نه‌دا که‌ تێیدا وه‌ک ئاواره‌یه‌کی کورد ده‌ژیم ووتی> گوایه‌ < ئه‌و ده‌رهێنه‌رێکـــــی مه‌زنه‌ ، به‌ڵام جه‌ماوه‌ری نییه‌ . بانگهێشتی کردم بۆ شـــــــانۆگه‌رییه‌کی که‌ به‌ نیاز بوو نمایشتی بکات . کاتێ چووم سه‌یری شانۆکه‌م کرد ، ئه‌وه‌ی لێی تێگه‌یشـــــــــتم شانۆیه‌که‌ی چیرۆکێکی بێهووده‌یی ـ عه‌به‌سی بوو . قیروســــیا له‌و هه‌موو دیالۆگه‌ بێ عافوا و جوڵانه‌وه‌ زۆره‌ ملێیانه‌ . کۆتاییه‌که‌ی ســـــه‌یر بوو .

ئه‌کته‌رێک که‌ رۆڵی که‌سایه‌تی سه‌ره‌کی ده‌بینی هه‌رامه‌که‌ی نیشانی جه‌ماوه‌ر ده‌دا و پاشان سوســـه‌جێکی > هوت دۆگ < ێکی له‌ جیاتی ئه‌و ده‌خسته‌ سه‌ر مێزه‌که‌ و به‌ چه‌قۆ که‌رت کـــه‌رتی ده‌کرد و به‌سه‌ر ئه‌و ده‌ ، پازده‌ که‌سه‌دا که‌ له‌ هۆڵێکی سێ سه‌د کورسیدا دانیشـتبوون ده‌ی به‌خشییه‌وه‌ . به‌وه‌دا زانیم ئه‌و ده‌پازده‌ که‌سه‌ش خوا لێی تێک دابوون و رێیان هـــــه‌ڵه‌ کردبوو . له‌ ژن و پیاوێکم پرسی ئه‌م شانۆییه‌تان به‌لاوه‌ چۆن بوو ، ووتیان > بۆڵ شیت<. ئیتر ئه‌و ده‌رهێنه‌ره‌ خوای ده‌کرد له‌ خه‌یاڵی خۆیدا مامۆستای برێخت و ستانسلاڤسکی و هه‌موو فسکێکانی تریش ده‌بوو . ئه‌وه‌ هه‌ستی بینه‌ره‌کانی بوون . ئێمه‌ش له‌و بابه‌ته‌مان هه‌یه‌ .

*>< ئێمه‌ی کـــورد خاوه‌نی کۆمه‌ڵێ نووســه‌ری شانۆیی سه‌رکه‌وتووین ، ده‌قی شانۆیی پوختین . ئه‌م راستییه‌ به‌ باوه‌ڕی ئێوه‌ چه‌ند وایه‌ ؟.*

+ ژێرده‌سته‌یی و سانۆر و کولتووری دواکه‌وتوویی به‌ســــــه‌ر کورددا سه‌پێنراو زۆر کاری کردۆته‌ سه‌ر ره‌نگدانه‌وه‌ی ژیانی کورد له‌ سه‌رانسه‌ری کـوردستاندا به‌شانۆشه‌وه‌ . ده‌قی شانۆیی ده‌بوایه‌ باس له‌ ئازادی نه‌کات ، باس له‌ شـــــۆڕش نه‌کات ، باس له‌ رێگای پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵگا نه‌کات ، باس له‌ ئازادی ژن و به‌شـــــــداریکردنی له‌ ئاوه‌دانکردنه‌وه‌دا نه‌کات . سه‌یر ده‌که‌ین ئه‌مانه‌ هه‌مووی له‌ چیرۆکه‌ شـــانۆییه‌کانی نووسه‌ری کورددا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌ .

ئێمه‌ با ئیمرۆ سه‌یری باشـــووری کوردســــــتان نه‌که‌ین . مه‌لی باڵکراو به‌چی باڵ بگرێته‌وه‌ ؟! . لای ئێمه‌ تا ئه‌وکاته‌ی ئاگام له‌ کوردســـتان بوو به‌ تایبه‌تی تا کۆتایی هه‌شتاکان . نووسه‌رانی شانۆ هه‌ر هونه‌رمه‌ندانی شانۆ

خۆیان بوون . [ ئەحمەد دەنگ گەورە ، عومەر عەلی ئەمین ، حەمە سدیق مەحمود ، تەها بابان ئەحمەد سالار ، تەلعەت سامان و بەندە ] و زۆری تریش . ئەمانە لە هەمان کاتدا هونەرمەندی شانۆکەش بوون . زۆربەی زۆری شانۆ لە سانسۆر دەدرانە دواوە و خاوەنەکانی رەنجەرۆ دەبوون . جگە لەمانەش نووسەری شانۆیی دەبوایە هەوڵی بدایە ژن لە شانۆنامەکەیدا نەبێت یان لە یەک دوانێ زیاتر نەبێت . ئەمانە کاری زۆریان کردە سەر پێشکەوتنی شانۆنامەکان . دەتوانم بڵێم کەرەسە و بنەمایەکی پتەو بۆ شانۆنامە نەهاتە پێشەوە . جا لەبەر ئەم هۆیانەش زیاتر پەنادەبرایە بەر ئامادەکردن و گۆڕین لە چیرۆکی بێگانەوە . زۆربەی زۆری نمایشە شانۆییەکانی تا ئەو کاتەی ئاماژەم پێ کردووە ، سەرچاوەکانیان هەر بیانی بووە .

نووسەرانی شانۆییمان هەبووە ، بەڵام نمایش نەکردنی بەرهەمەکەی هانی نەداوە بەردەوام بێ و پێشڕەوی بکات . شێخ سەلامی نەمر لە چلەکاندا (جولەکەی کۆڵگێر) ی نووسی . ئەمە شانۆنامەیەکی نەمرە ، ئەگەر بە بنەمای شانۆی کوردی دابنێین دەبوایە شانۆنامەکانی دوای ئەو لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا بوونایە . ( گڵکۆی تازەی لەیل ) و ( بووکی ژێر دەواری رەش ) ی ا. ب . هەوری و ( داستانەکەی شاسوار)ی ئەمینی میرزا کەریم زۆر شانۆیی تریش نەمریان بەدەست هێناوە. دوای ئەمانە شانۆنامەکان ئەو کەش و بارەیان بۆ نەرەخساو کە ئازادانە خزمەتی سەردەم بکەن . پەنا دەبرایە بەر سیمبۆڵ و تەمومژ، چونکە شانۆنامە وەک جۆرەکانی تری وێژە نییە لەسەر کاغەز و لە ژێر ناوی نهێنیشدا بێتە بەرهەم . تەنگژەکە لێرەوە دەست پێدەکات . ئەو کولتوورە دیکتاتۆرییەی رۆژهەڵاتی بەگشتی یخ داوە بۆ نەگبەتی لە کوردستان لە هەموو بارەیەکەوە وێرانەی بەجێهێشتووە .

ئێستاش ئەو بارە هەر نەڕەویوەتەوە . ئەدەب و هونەر لە کەشوهەوایەکی ئازاد و سەربەستدا هەڵدەکشێ . جا ئەم کەشوهەوایە تا چ سنوورێک بۆ قەڵەمی کوردی لواوە ؟ بەڵام ئێمە بەو بەراوردە شانۆنامەی کوردی لەبەرچاوبگرین و دەتوانین مافی ئەوەی بدەینێ کە چاک دڕی بەو تەنگژانە دا داوە و خۆی دۆزیوەتەوە .

*>< دەنگ ، رەنگ ، مۆسیقا ، رووناکی ، دیکۆر ، سیناریۆ و تەکنیک هەموو توخمی پێکهێنەری شانۆن . بەکامیان زۆر ئاشناو هۆگری و بە کامیان نامۆیت ؟ هەبوونی ئەمانە یان نەبوونیان چ مانایەک بە ئێوە و شانۆ دەبەخشێت ؟.*

+ شانۆگەری بەمانە پێک دێت و هەریەکەیان یەکێکن لەو کۆڵەکانەی شانۆگەرییان راگرتووە . بێگومان بوونیان پێویستە .جاری وا هەیە هەرهەموویان دەبێ ئامادەییان بۆ بکرێت . جاری واش هەیە بێ مۆسیقا و دیکۆریش شانۆگەری دێتە بەرهەم .

بەلای منەوە گرنگ نواندنی بەهێزە لە لایەن ئەکتەری بەهێزەوە لەتەک دەقێکی بەهێزدا ئەگەر ئەمە لوا ئەوا ئەوانی دیکە هەمووی دەشارێتەوە . بۆ نموونە ئەو کاتانەی لە کوردستان بووم وەک تەکنیکی شانۆیی شانۆکانمان زۆر هەژاربوون . هەر لە هەژاری شانۆکە و هۆڵەکەوە تا دەگاتە سەر رووناکی و دەنگ و ماکیاج و تەنانەت دەرهێنانیشەوە ، بەڵام ئەمانە هەمووی بەو نواندنە بەرزانە و بە هێنانی ئەو دەقە بەهێزانە دەشاردرانەوە . هەرچەندە لەوانی تریشدا داهێنانمان دەکرد .

بۆنموونە لە مەستەکی و ئەسیتۆن چاکترین کەتیرەمان دروست دەکرد بۆ لکاندنی ریش و سمێڵ بەدەم وچاوەوە

. هەرچەندە ئەمە لە رووی تەندروسـتییەوە هەڵەیە و زیانی بۆ پێسـت هەبوو ، بەڵام چاریش نەبوو.
ماکیاج بە زۆری ئەوانەبوون ژنان بەکاریان دەهیءنا ، چـونکە مکیاجی شانۆمان دەست نەدەکەوت . رووناکی زۆرجار گڵۆپمان دەخستە ناو جـام و مەنجەڵەوە و پرۆجکتۆرمان پێ دروست دەکرد . لە بیرمە چیرۆکێکمان لەبەر رۆشـنایی لۆکسدا کرد ، چونکە هەر بە ئارەزوو کارەبای هۆڵەکەیان لە کاتی نمایشدا دەبڕی . جا ئەمانە وای لە من کردووە ، زۆر ئاسـایی هەموو جێگایەکم پێ دەکرێتە شانۆ و بێباکانە نمایشی خۆم دەکەم و وا دەزانم لـە باشترین شانۆی جیهانیدا کارەکەم پێشکەش دەکەم . بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە ئەو بابەتەی دەمەوێت هونەرییانە بیگەیینم .

ئیتر لە رازاوەترین شـانۆدا بێت ، یان هەژارترین شوێن ، تەنانەت گەر شانۆش نەبێت . کورد ووتەنی تەشـی رێس تەشی رێس بێت بەکلکی کەرەکەشی دەتوانێت بڕیسێت .

*> ئەو کارانەی تێیدا بەشـداربوون کامانەن ؟ چ رۆڵێکی خۆتان هەتا ئێستا زۆر لا پەسەندە ؟.*

+ لە سـاڵی 1967 دا دەستمان کرد بە پرۆڤەی چیرۆکی ( بڕیار و ئەنجام ) ی ئەمینی میرزا کەریم . وا بزانم مانگی یازدە و دوازدە بوو . . لەسـەرەتای مانگی یەکی 1968 دا نمایشمان کردوو و من رۆڵی کچێکم دی ناوی > شـیرین < بوو . کەسایەتی سەرەکی شانۆگەرییەکە بوو . بەو چیرۆکە سەرەتایەکمان بۆ شانۆی کوردی ژیانەوە ، کە لە ساڵی 1960 ەوە شانۆ لە کوردستاندا نەمابوو. ئەم شـانۆگەرییە بە هەوڵی مامۆستایەکمان ( عەبدولقادر نووری ) کە ئێستا لە رووسـیایە ، هاتە بەرهەم . دوا بە دوای ئەوە شانۆ لە کوردستاندا بووژایەوە و> تیپی نواندنی سلێمانی < دامەزرا و ئێمەش بە یارمەتی ئەم مامۆستایەمان > کۆمـەڵەی هونەر و وێژەی کوردی < مان دروستکرد و مۆڵەتی کارکردنی پێدرا . نامەوێت زۆر لەسـەر ئەوە بڕۆم ، چونکە لە گۆڤاری [ رامان ] لە هەڤپەیڤینێکی دوورودرێژدا لەسەری دواوم . لەتیپی نواندنی سلێمانیدا چیرۆکی شانۆیی ( سەرینی باداری )1968 و(مـۆڵەت ) 1969 و ( گۆڕهەڵکەن )1970 مان هێنایە بەرهەم .

لە هەرسێکیـاندا رۆڵی سەرەکیم تێدا بینی . پاش ئەوانە لەگەڵ > عومەر عەلی ئەمین < دا چەند چالاکییەکی ترمان ئەنجامدا . هەمووی بەرهەمی بچووک بوون .

هـەر ساڵی 1970 لە هەولێر لەگەڵ هونەرمەندی دۆستم تەلعەت سامان چیرۆکی ( بووکـی پەردە) مان خستە سەر شانۆ . لەوێ رۆڵی پۆلیسە کوێرەکەم وەرگرت و لە نزیکـەوە شارەزای شانۆی ئەو شارە خۆشەویستەش بووم . بەڵێ ساڵی 1969 کاتێک لە سـلێمانییەوە چیرۆکی > سـەرینی باداریمان < بردە ئەوێ هێشتا شانۆی تێدا نەپووژابووەوە . بۆ راسـتی بۆچوونەکەشم ئێمە لە هۆڵی گەلی هەولێر نمایشمان کرد . دوو دانە رۆژ کۆڵکێشـی ئەوێمان کرد فەردە خورمامان لێ گوێزایەوە ، چونکە هۆڵەکە رازێندرابووەوە بە گـەنجینەی خواردەمەنی . ئیتر دوای ئەوە هونەرمەندانی هەولێریش دەستیان کرد بە بـەرهەمهێنانی شانۆیی . بەتایبەتی پاش ئەوەی تەلعەت سـامان و فەرهاد شـەریف و سـەعدون یونس خوێندنی شانۆیان تەواوکرد > لێرەدا رۆڵی سەباح عەبدولرەحمان بزر نەکەین < ، چونکە ئەویش شانبەشـانی ئەمان خزمەتی شانۆی کوردی کرد .

ساڵی 1968 بۆ یەکەمجار لەمێژووی کەرکوکدا ئێمە بەکوردی چیرۆکی> نـەورۆز< مان لە هۆڵی بەهووی

بەلەدیە نمایش کرد . ئێمە هونەرمەندان [ عوســمان چێوار و عەبدولی حەمە جوان و مستەفا ئەحمەد و بەندە ] وچەند هونەرمەندێکی دیکــــە بووین . ئەو کاتە سەرمان لە تەکنیکی ئەو هۆڵە سووڕمابوو . وەک شـــــانۆکە و رووناکی و دیمێر و پرۆجیکتۆر و ئەو هەموو کەرەســـــە پیاشکەوتووانەی دیکە . > ســــەلمان فایەق کاکەیی < دوو رۆژ سەرلەنوێ دەرهێنانەکەی جێبەجێ کردەوە . زۆرمان پێخۆش بوو . زۆر شتی نوێی لێوە فێر بووین . هۆڵەکە لەکاتی ئاهەنگەکەدا جمەی دەهات ، هــەر ئەو شەوە تەلەفیزیونی کەرکوک چەند دیمەنێکی نمایشەکەی لێدایەوە . ئەو شەوە شەوێکی مێژوویی بوو . پاشان بەهۆی ئەوەوەی لە ساڵی 1970 دا کرام بە مامۆســتا لە گوندە دوورەکاندا ، نەمتوانی بەشداری زۆر چالاکی بکەم . تەنها لە پشووی هاویندا بۆم دەلوا لە یەک شانۆگەریدا بەشداری بکەم .

ســـــاڵی 1971 شـــانۆگەری > بازرگانی ڤینیســـیا< ی شکسپیرمان بۆ چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی هێنایە بەرهەم . لەو شـــانۆگەرییەکدا رۆڵی > ئەنتونیو < م وەرگرت . پاش ئە مێژووە لەگەڵ عوسـمان چێواری برادەرم و کەمال سابیر و عومەر عەلی ئەمین چەند هەوڵێکی ترماندا . لەوانە سێ ، چوار بەرهەمی تەلەفزیۆنی بوون ، بەڵام هەرچی کردمان و کۆشاین رێگەیـان پێنەداین تۆماری بکەین . یەک مۆڵەتی هاوینیشم بەتەواوی لە کیس چوو .

ساڵی 1972 بیرمە شــــــەوێکیان لە یانەی مامۆستایان من و دڵشاد مەریوانی بەهەشتی دانیشتبووین ، مشـــــتومڕی ئەوە هاتە پێشەوە ، کە پێویستە کارێکی وا بکەین شانۆ بەرەو بارێکی رێکوپێکتر بەرین . ئەو تیپە شــــانۆیانەی هەبوون لەگەڵ تەماکانی ئێمەدا یەکانگیر نەدەبوون . جـا بە هۆی نزیکیمانەوە لە برای هونەرمەند ئەحمەد سالار ، کە دەمانزانی هەمان بۆچــوونی ئێمەی هەیە ، لەبەر ئەوە بڕیارمان دا تیپێکی شانۆیی دابمەزرێنین ، تەکانێک بەرەوتی شـــانۆی کوردی بدات و ببێتە هاندەرێک بۆ هونەرێکی پێشکەوتوو .

ساتێ چووینە لای کاکە سالار و مەبەستەکەمان لای روونکردەوە یەکسەر ووتی هەر لە سـبەینێوە دەستی پێ دەکەین . بۆ ئەو مەبەستە یەک یەک ئەو هونەرمەندانەمان هەڵبژارد و دەستنیشانکرد کە پەیوەندییان پێوە بکەین ، ژمارەمان بوو بە هەشت .

ئیتــــــــر ووتمان ئەمەندە بەسە و پاش چەند کۆبوونەوەیەک پرۆگرامی >> تیپی پێشڕەوی شـــانۆی کوردی << مان ئامادەکرد و بەچەرمەسەری و سکەخشکێ پاش ساڵێک ئەملاولا مــۆڵەتی میریمان بۆ وەرگرت . یەکەم بەرهەممان کە (( هوتێلی لانەوازان )) بوو دابەزاند . بەم کارەمان بازێکمان بە هونەری شانۆ دا . ئەم بەرهەمە ساڵی 1973 لە تەلەفزیون تۆمارکراو مـــن رۆڵی > رەفیق < م وەرگرت . پاش ئەو بەرهەمە لە ساڵی 1974 دا بە چیرۆکی (چریسکەی زێڕ) کە رۆڵی سەرەکیم هەبوو. لەگەڵ هونەرمەندان عــومەر عەلی ئەمین و فـــوئادی حەمەومین ئاغا و ســـمکۆ عەزیز بەشداری یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردیمان لە بەغدا کرد.

پاش ئەوەش شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکردەوەوە و ساڵێک لە شانۆ دابڕام ، بەڵام کارەکەم لە شۆڕشدا هەر نزیک بوو لەنواندنەوە ، ئەویش گۆیندەی ئیزگەی > دەنگی کوردستان < بووم . پاش هەرەس کـە هاتینەوە بەرهەمێکمان بە ناوی >> رەجەب و پیاوخۆرانەوە << خستە سەر شانۆ . لەوێدا رۆڵی شاعیرێکی سەر لێشێواوم دی . > سیروان هەڵقرچاو < . ئەو چیرۆکە نزیکەی یەک مانگَ لەسەر شانۆ نمایش کرا و هێز و گوڕێکی نوێی بە جەماوەرکە دا . خەڵکەکەش لەچاو نەترســـــی ئێمە سەریان سووڕمابوو ، چونکە سەلمانمان شۆڕشی چەکداریش نەبێت ، ئەوا شۆڕشی رۆشنبیری هەر بەردەوامە و نابڕێتەوە . ساڵی 1977 چیرۆکی >> مۆڵەت << لە

نووسینی > محیێدین زەنگەنە < مان خستە سەر شانۆ . ( من میوانی ئەو بەرهەمە بووم ، چونکە پەیوەندیم بە زانکۆوە نەبوو ) ، رۆڵی سەرەکی > ئیاگو < م وەرگرت و ئەو کاتە زۆر رەخنەگر لەسەریان نووسی .> ئەحمەد رەجەب< رەخنەگر و پەیامنێری رۆژنامەی بیری نوێ بەم شێوەیە لەسەری نووسی . " حەمە رەشید هەرەس لە شانۆگەرییەکەدا رۆڵی ئیاگوی بە شێوەیەک بەرجەستە کرد تا گەیشتە لوتکەی دراما " . جەماوەرەکەش وا لەگەڵ رۆڵەکەمدا وا ئاوێتە بووبوون ، خۆشم سەرم سوورمابوو . لەو شانۆگەرییەدا سەلماندمان کە هونەرمەندی کورد تا چ ئاستێک بە بەرهەمی وا ئاکادیمی و بەرز دەوێرێت . هەر ئەو ساڵە بەهەشتی دڵشاد مەریوانی برادەرم هاتە لام و ووتی چیرۆکێکم ئامادە کردووە بە ناوی > پەروانە <وە ، بەڵام بڕوا ناکەم بە هیچ جۆرێک مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت لەلایەن تیپە هونەرییەکانەوە .

بەڵام من لەگەڵ کاک محەمەد پێنجوێنی رێک کەوتم ، ئەو کاتە بەرێوەبەری رۆشنبیری جەماوەری بوو کە بەبێ مۆڵەت لەوێ بەرهەمی بهێنین . یەکەمجار ملم بۆ ئەوە نەدا ، چونکە ئەو دائیرەیە سەر بە بەعس بوو ، بەڵام کاکە دڵشاد ووتی گەر ئێمە لە ماڵی خۆیاندا ئابڕوویان بەرین بۆ نا ؟! . چیرۆکەکە هەمووی دژی بەعسە و دژی زیندان و ئازاردانە . پاش ئەوەی چیرۆکەکەم خوێندەوە ، ووتم ئەمە ئەگەر لەژێر عەبای شەیتانیشدا بکرێت کارێکی گەورەیە و بۆم سەلماند .

ئەم بەرهەمەمان لەگەڵ هونەرمەندان > شەماڵی عەبە رەش و بکر رەشید < و چەند هونەرمەندێکی تردا بە ناوی رۆشنبیری جەماوەرەوە دامان بەزاند . پاش ئەوەی دوو حەفتە لە سلێمانی نیشان درا ، دوای ئەوە بردمان بۆ > سەلاحەدین < لە هەولێر، لەوێش نیشان درا . ئەو ئێوارەیەی نیشانماندا **عبدالغفار صایغ** ئەمینداری گشتی لاوان لەگەڵ کاک محەمەد سدیق مەحمود ئەمینداری کشتوکاڵ و چەند ئەمیندارێکی تریش ئامادەبوون . پاش کۆتایی شانۆگەرییەکە عبدالغفار دەڵێت " پێویستە هەر ئێستا دڵشاد و جەلیل زەنگەنە ، کە دەرهێنەر بوون لەگەڵ حەمە رەشید هەرەس و شەماڵ و بەکردا دەبێ بگیرێن . هاتن بۆ لای من ووتیان خۆتان بشارنەوە . منیش ووتم جا لەمە سەربەرزیتر هەیە ؟ خۆشاردنەوەی چی ! ئەوە ئێمە و ئەوەش ئەوان . کاک حەمە سدیقی پارێزەر>محەمەد سدیق مەحمود < پێی ووتبوون ئەوانە هونەرمەندی کوردن ، ئاوا بە ئاسانی ناتوانیت ئەوە بکەیت . ئەوان دژی تۆقاندن و رژێمێک بوونەتەوە ، تۆ دەتەوێ ئەو رژێمە بکەیت بە بەعس . لێرەدا تۆ تاوانباریت . بەهەرحاڵ زۆر داکۆکی لێکردبووین . سوپاس بۆ کاکە حەمە سدیق .

ساڵی 1980 لەتیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بەشداری شانۆگەری>گوڵەمێخەک < م کرد . لەو شانۆییەدا رۆڵی مامۆستایەکی شۆڕشگێڕم دی ، بەڵام ئەو دڵە خۆشەم بەم تیپە نەماو لەسەر هەندێک هەڵوێستی دژایەتی ساردی کەوتە نێوانمان . هەر زوو دڵشاد مەریوانی بەهەشتی دوورکەوتەوە . ئێمەش کە دامەزرێنەرانی سەرەکی تیپەکە بووین ( من و ئەحمەد سالار و حیکمەت هیندی ) و چەند هونەرمەندێکی دیکە تیپەکەمان بۆ ئەوانە جێهێشت کە مانەوە . هەر دوا بە دوای جێهێشتنی تیپی پێشڕەو لە > کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد < باوەشمان بۆ کرایەوە و لەگەڵ هونەرمەندانی ناوبراودا لەوێ تێهەڵچووینەوە . ساڵی 1981 چیرۆکی > سەلەی نانکەر < مان خستە سەر شانۆ . لەو چیرۆکەدا رۆڵی > عەزیزی پاسکیلچی < م وەرگرت . کاراکتەرێکی یاخی لە دامودەزگای سەرکوتکەر .

ئەو رۆڵەم زۆر بە دڵ بوو . لەم شانۆگەرییەدا تەنگژەی زۆرمان بۆ هاتە ئاراوە . بێ پێشەکی ئەو کچەی رۆڵی> سەلەی < دەدی پاش هەفتەیەک نیشاندان لە شانۆییەکە پاشگەز بووەوە . نەمانزانی چ مەسەلەیەک لە پشت ئەو

پیلانەوە بوو . شانۆیەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک وەستا . کاکە شەماڵی عەبە رەش > شادان< ی هاوسەری خستە جێگەی  ئەو کچە و منیش ئاشتی هاوسەرم خستە جێگای کچێکــی دیکە ، چونکە مەترسی ئەویشمان هەبوو واز بهێنێ . بەم جۆرە شانۆییەکە پاش هــەفتەیەک بە هێز و گوڕێکی زیادەوە نمایشکرایەوە . چەند رۆژنامەیەکی ئەو کاتە بە شــــــانازییەوە لەسەر شانۆییەکە و رۆڵی ئەم دوو ژنە بەهرەدارە شتیان نووسی .

سالی 1982 چیرۆکی > تەنەکە < ی یەشار کەمال لەلایەن  کاک فوئادی مەجید میســــــرییەوە ئامادەکراو و خرایە سەر شانۆ . پاش ئەوەی زیاتر لە سێ هەفتە لە ســــلێمانی و هەفتەیەکە لە هەولێر نمایش کرا . لە تەلەفزیونیش تۆمارکرا . رۆڵی ســــەرەکی > قایمقام <ەکەم بینی . ئەمیش یەکێک لەو رۆڵانەیە هەمیشە شانازی پێوە دەکەم ، چونکە ئەو بەرهەمە ســــــەرانسەر یاخیبوون بوو بەرانبەر سیستەمی سەرکوتکەری بەعسی داگیرکەر و دژی چۆڵکردنی گوندەکانی کوردســــتان ، وە زۆر چاونەترسانەش گەیاندمان . لە سالانی 1983 ، 1984 ، 1985 چیرۆکــــەکانی کە باسم کردن [ میراتی ، گوڵاڵە و کابرا ســــــــەیرەکە] م بە یارمەتی هونەرمەندانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بەرهەمهێنا . لـە میراتیدا رۆڵی قومووری کوڕی ئاغا و لە گوڵاڵەی سەرشانۆدا رۆڵی پشکۆ و لە کابرا ســـەیرەکەدا رۆڵی غەفوور شیلاوگی چەقۆکێشم تێدا بینی .

ئــەمــانــە هەمووی رۆڵی جیاواز جیاوازبوون و هەر یەکەیان بە نووســـــــین و ئامادەکردنەوە جێگای شانازی منن و لە مێژووی شانۆی کوردیدا خۆشــــــبەختانە دەدرەوشێنەوە . لێرەدا خۆنەویستانە خۆم دەخەمە پەناوە و دەڵێم بژی ئەو کەســەی بۆ هونەری نەتەوەکەی بەردێکی خستە سەر بەردێک .

شایانی باســـە لەمەڕ گۆڕینی زۆر چیرۆکی بێگانە بۆ کوردی ، جگە لەوانەی لێی دواوم ، چیرۆکی > یۆلیوس سیزەر < ی شکسپیرم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی کردە کوردی و لەوسەر شانۆ بە سەرکەوتوویی نمایشکرا و لەلایەن خوشکی هونەرمەند >بەدیعە دارتاش <ەوە دەرهێنرا . هەروەها >دوژمنی گەل< ی ئەبسن و > دایک < ی گۆرگی لە ئامادەکردنی برێختەوە و هەروەها > گــێژەن < ەکــــەی مرۆژیکم سەرلەنوێ ئامادەکردۆتەوە . چیرۆکی شــــــانۆیی شــەهیدی بەهەشتی و سیمبۆڵی هەڵەبجە > عومەر خاوەر< م سێ جار لە هەندەران نمایش کردووە . هەروەها پانتۆمیمیک دووجار لە یۆنان و جارێک لە لەندەنی ئۆنتارۆ و لە کـەنەدا و چیرۆکی شانۆیی > بێفەڕ < سێ جار لە شارەکانی ئونتاریوی کەنەدا و دووجـــار لە بەرلین لە ئاڵەمانیا . ئەمانە هەمووی لە نووسینی خۆم و دەرهێنانی هاوسەرەکــەم ئاشتی و خۆم رۆڵەکانیانم دیوە . هــەرســـــێکیان رۆڵی تاکە کەسی بوون . هەموو بەرهەمەکان جێگای شانازی منن و سەلماندویانە کەوا لەهەندەرانیش نەبڕاومەتەوە .

جگە لەهەموو ئەمانەش لێرە لە ئۆنتارۆ لەشاری کینچنەر نێردرامــە کۆلیژێک بۆ خوێندن College  Constoga  لەبەشی بازرگانی گشتیدا و پاش سێ ساڵ دبلۆمم بەدەست هێنا . لەو کۆلیژە دوو کۆرســی گەورەی شانۆم وەرگرت و سەرکەوتووانە بە پلەی بەرز دەرچووم .

مامۆستاکانی ئەو کۆرسانەش هونەرمەندی گەورەی کەنەدان . بۆم سەلماندن کە ئەو پلەیەی پێیگەیشـــتووم ئازایەتی کۆرسەکان و ئەوان نین ، بــەڵکو من بناغەکەم لە کوردســــتانەوە هەڵچنیوە و رەگو ریشــــەی بەهرەکەم بۆ ئەوێ دەگەڕێتەوە . لێرە بەزەییم بەو زڕە هونەرماندانەدا دێتەوە ، کە کەشوفش بەوەوە دەکەن خوێنــدنیان لە هەندەران تەواو کردووە و بڕوانامەیان بەدەســــتهێناوە . وەلێ لە دەوڵەتانێکدا ئەو بڕوانامەیەیان وەرگرتووە مامۆســــتاکانیان بە بوتڵێک ویســکی چل مۆریان بۆ پیا دەنێن . هەر لێرەدا با نموونەیەکی رووناککەرەوە بهێنمەوە . ” دۆستێکم لە سالانی سەرەتای نەوەدەکاندا ئاوارە بوو لە رووسیا برایەکی بەنیازی

بینینی و ســــــۆراخی بەدەســـــــتهێنانی خوێندن لە کەنەداوە چوو بۆلای . لە یەکێک لە زانکۆکاندا داوای ئەوەی کردبوو کە بیکەن بە قوتابی P :H.D دکتۆرا لەبەشی پزیشکیدا .

پرۆفیسۆرێک پێی ووتبوو من پرۆفیسۆری بەشی ئەندازیاری خانووبەرەم ، وەرە واز لەو بەشە بهێنە و بیکە بە ئەندازیاری . من لەماوەیەکی کەمدا بڕوانامەی دکتۆرات بەمەندە دۆلار دەدەمێ . ئێســـتا هەمان برای لە هەولێری پایتەخت قوتابی زانکۆی پزیشکییە . هەر دۆســــــتێکم لێرە لە کەنەدا کە P .H . D لە کشتوکاڵدا هەیە دکتۆرە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە هەنگاریا . بۆی گێڕامەوە ووتی " قوتابییە میــــسرییەکان کە دەچوون بە پیر برادەرەکانیانەوە لە فرۆکەخانە ، بۆ ئەوەی بێن و یەکەم ســاڵی خوێندنیان دەست پێ بکەن . پێیان دەووتن بەخێربێن دکتۆر . منیش دەمگووت قەیناکا ئێوە کۆنەکان کە ســـــاڵێکە لێرەن بەیەکتر بڵێین دکتۆر هەر نەیسە . بەڵام ئەمانە هێشـــــتا پێیان نەناوەتە زانکۆکەوە چ زوو نازناوی دکتۆرتان دانێ . ئەوانیش دەیان ووت مادام دکتۆرییەکەی مسۆگەرە ، کەواتە هەر لە ئێستاوە دکتۆرە .

*>< دیـــاردەی > یەکنەگرتوویی و پەرش و بڵاوی < نەخۆشـــــــییەکی گەورەی دنیای خوێندەواران و بەناو رۆشـنبیرانی کوردە . ئەم پەتایە چەند لە دنیای کاری ئێوە و بیرکردنەوەتان کـــــــاری کردووە ؟ چ هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی دراوە ؟ چی بە چاک دەزانن بکرێت ؟!.*

+ نەک هـــــەر کورد دەتوانم بڵێم هەموو نەتەوەیەک ئەم یەکنەگرتوویی و پەرش و بڵاوییەی بەخـــۆیەوە دیوە . ئیدی ئەمە کەم و زۆری کەوتووە . ئـیـــــرەیی بردن بە رۆشنبیرانی داهێنەر و ئەو پلە و پایەیەی لەناو جەماوەردا پێگەیشــــتووە ، دایکە گەورەی هەموو کێشەکانە ، هەر کەسە و لە بری ئەوەی هەوڵ بدات بگاتە ئاســــتی هونەرمەندێکی پێشکەوتوو یان هەر رۆشنبیرێکی مەیدانەکانی هونەر ، کەچی هـــەر لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو بهێنێتە ئاستی خۆی ، یان لە نرخی کەم بکاتەوە و دایبگرێتە خوارەوە . نموونەم بۆ ئەمەش زۆرە بەڵام لەبەر هەندێک هۆ بەتایبەتی نەورووژاندنی کێشەکە و کەوتنی بە بارێکی خراپتردا ، لێرەدا بەردێکی لەسەر دادەنێم .

لە کوردستان هونەرمەند و ئەدیبی گەورە زۆربەی زۆریان لە بەرەی نەتەوەکەیاندا بوون ، بەڵام چـــــەمەلەغەکان بە هونەر و ئەدەبەوە پەنایان دەبردە بەر دوژمن ، بۆ بڵاوکردنەوە و ریگادانیان . ئەمانە بە زۆری لەناو نووســـــەران و مۆسیقاژەنەکان و هونەرمەندانی شێوەکاردا تەشەنەی کردبوو. کەمتر شـــــانۆی گرتبووەوە . زۆر هەن نەنووسەرن و نەهونەرمەندن ، بەڵام ئەمەندەیان بەرهەمی گەندەڵ بۆ بڵاوکردوونەتەوە ، ئێستا ئەوانە لە نووسەر و ئەدیبی رەسەن زیاتر سنگ هەڵدەکێشن . خۆ دیـــاردەی خۆهەڵواسین بەلایەنە جۆراو جۆرەکانی کوردستاندا ئەم کێشەیەی بەربڵاوترکردۆتەوە

هـــونەرمەند و نووسەری وا هەن لەبەر دەستخۆشانەیەکی لایەنەکەی و وەرگرتنی خەڵات و بەراتێک ، پیرۆزترین بەهاکانی ژیان و لۆجیک پێ شێل دەکەن .

لایەنەکـــانیش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەوەندەیان فوو تێدەکەن زۆر لە قەوارەی خۆیان زەبەلاحتر . خۆ نازناوی هونەرمەند و نووسەری گەورە و شۆڕشگێڕ و داهێنەر و...هتد لە راگەیاندنی لایەنەکاندا بەڵگەیەکی ئاشکران . ئەو هونەرمەند و نووسەری گـــەورە و شۆرشگێری لای لایەنێک بێت مەرج نییە لەناو نووسەران هونەرمەندانی ســــــەر بە نەتەوەکەیاندا هەمان پلە و پایە بە دەستبهێنی بەڵکو هەموو جارێک پێچەوانەکـەی

ئەوەی پێکاوە . ئەم دیاردەیەش لە ناوەراستی سەدەی تازە رابردوودا زیاتر تەشەنەی کرد . دەتوانم بڵێم لایەنە چەپەکان داهێنەری ئەم دیاردەیە بوون ، پروپاگەندەی زۆریان بۆ ئەوانە دەکرد کە خزمەتی ئەو بیروباوەڕەیان دەکرد . بەڵام لەم سەدەیەدا وا رەخنەگران خەریکی ئەوەن ئەو پلە و پایەیەیان لێدەسەننەوە .

بۆ نموونە بیکاسۆ لەم بەینەدا برادەرێکم ووتی لە گۆڤارێکدا شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلم لەسەر پیکاسۆ و بەرهەمەکانی خوێندەوە . پاش ئەوەی زۆر رەخنە ئاراستەی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کراوە بە تایبەتی لەسەر بەرهەمەکانی دوایی . لە کۆتاییدا ووتراوە ئەگەر سەدەی بیست سەدەی گەورەیی و هونەرمەندێتی پیکاسۆ بێ ، لەم سەدەیەدا مافی راستەقینە دەدرێت بە هونەرەکەی . شایانی باسە چەپی فەرەنسا زۆر پشتی پیکاسۆی گرت و زیاد لە بارستایی خۆی باسیان دەکرد .

هەروەها لە کوردستانی خۆمان نموونەیەک دەهێنمەوە ، کە مەبەستم داگرتنی هیچ بەهرەمەندێک نییە ، بەڵکو روونکردنەوەی مەبەستەکەمە . > گۆران < ی شاعیر کەس نییە بڵێت داهێنەر و بەهرەمەند نەبوو ، کەچی ئەو پشکە زۆرەی بەر ئەم کەوتووە لە شیکردنەوەی شیعرەکانی و ئەو هەموو کۆڕ و سیمینار و یادکردنەوانە بەر شاعیرێکی وەک [ شێخ نووری شێخ سالح ، هەردی ، تەنانەت نالی و سالم و مەحوی ] ش نەکەوتووە . مەسەلەکە ئەوەیە پارتی کۆمەنیست هەمیشە لەپاڵ ئەو دیاردەیەوە بوو. با زیاتر لە پرسیارەکە نەچمە دەرەوە ، چونکە هێنانەوەی ئەم نموونانە پەیوەندی بە ئەمڕۆی کێشەکەوەیە .

هونەرمەندیی بێ لایەن و ئازاد هەمیشە لە لایەن لایەنەکانەوە پارێزیان لێگیراوە و ئەو گۆڕەپانەی بۆ خۆش نەکراوە سەربەستانە هونەرەکەی تێدا تاو بدات . ئەمانە بوونەتە ماکێکی ترسناک لە نێوان هونەرمەندانی سەر بە لایەن و هونەرمەندانی بێلایەندا . شانۆ ناسکترین شوێنە ئەم پەتایەی تێدا تەشەنە بکات ، چونکە هەموو هونەرەکانی دیکە بە تاکە کەسیش ئەنجام دەدرێت . وەک مۆسیقا و گۆرانی و هونەری شێوەکاری و ئەدەب و بە هەموو جۆرەکانییەوە ، بەڵام شانۆ کارێکە بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت و دەبێت ئەو کۆمەڵە بۆچوونێکی زۆر نزیک لە یەکتر یان بۆچوونێکی کتومت کۆیان بکاتەوە , بارستاییان وەک بەهرە و هونەر جیاوازی فراوان نەگرێتە خۆی . ئەمانە هەمووی دەبنە تەنگژە لە رەوتی بەرەو پێشچوونی شانۆدا . لەبەر ئەوە ئەم دیاردەی پەرش و بڵاویی و یەک نەگرتنە زیاتر رووبەرووی ئەم هونەرە دەبێتەوە و مشتومڕی بۆچوونە جیاوازەکان لێرەدا زیاتر رەنگ دەداتەوە . خۆ بیروبۆچوونی جیاواز خۆی لە خۆیدا پیرۆزە و هونەرمەند و رۆشنبیر لە رێی پلورالیزمەوە پێشکەوتن بەدەست دەهێنن . بەرەچاوکردنی هەندێ سنوور بۆ ئەم مەبەستە .

بەڵام هونەرمەندێکی رەسەن چۆن مامەڵە لەگەڵ جاشێکی دژ بە نەتەوەکەیدا بکات ، کە بە تۆپزی هاتۆتە گۆڕەپانی هونەرەوە و هەرچی بەهایە بۆ هونەرەکەی دانانێت . نموونە بۆ ئەمە یەکێک لە هونەرمەندانی تیپێکی شانۆیی لە سلێمانی بۆی گێڕامەوە ووتی " شانۆگەرییەکەمان لە تەلەفزیونی کەرکوک تۆمار نەکرد " ووتم بۆ ؟ ووتی دەرهێنەرە تەلەفزیونییەکەی کەرکوک بە دەرهێنەرە شانۆییەکەی خۆمانی ووت " دەمەوێت وێنەی خۆپیشاندانێکی حیزبی بەعس تێکەڵاوی مانگرتنەکەی ئێوە بکەم ، زۆر لەیەکەوە نزیکن و هێزو گوڕێکی زیاتر دەدات بە بەرهەمەکەتان ". دەرهێنەرەکەی ئێمەش کە ئەمەی بیست چاوی پەڕییە پشتی سەری و ووتی : شتی وا مەحاڵە !! دوایی دەهێنەری تەلەفزیونییەکە پێی داگرت و ووتی دەبێ بەمە رازی بن . دەرهێنەرەکەی ئێمەش رووی کردە ئەکتەرەکان و ووتی کەس بەمە رازی نەبێت ، چونکە دەیانەوێت ئابڕووی بەرهەمەکەمان بەرن . ووتی منیش لە هەموویان زیاتر پاڵپشتی دەرهێنەرەکەی خۆمانم کرد و یەکەم کەس ووتم

منیش نایکەم . ووتی کەچی فلان هونەرمەند!! کە چڵکاوخۆری بەعسە و دەمانچەی پێبوو منی بردە پەنایەکەوە ، دەمانچەکەی لێدەرهێنـــــام و ووتی ئەگەر نەیکەیت دەتکەمە قوربانی یەک فیشەک . منیش ووتم چیت لە دەست دێ دریغی مەکە .

بـەهەرحاڵ لە کۆتاییدا چیرۆکەکە نەکراو هاتینەوە بۆ سلێمانی . لەم بەینەدا گوێ بیســـتی ئەوە بووم ئەو هونەرمەندی جاش خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە .

مـــن..لەگەڵ پرش و بڵاوی و یەکنەگرتندا نیم ، بەڵام لەگەڵ بۆ تەوەرچوونام . هەر رۆشـــــنبیرەو بەرەو تەوەری خۆی بڕوات . هونەرمەندانی سەر بەنەتەوە و جەماوەر هەرگیز لەگەڵ زڕە هونەرمەند و جـــاش هونەرمەند دا یەکتری ناگرن . من لە ژیانی شانۆمدا هیچ کێشە و دابڕانێکم لەگـەڵ هەنگاوی دڵسۆزانەدا نەبووە و شانبەشانییان کارم کردووە . هەر سووکە داخزانێکم لێیان دیبێت خۆم کێشـــــاوەتەوە. وەکو دیکە هەندێ جۆری پرش و بڵاویەو یەکنەگرتن من بە دیاردەیەکی هۆشـیاری دەزانم . ئەو پرش و بڵاوییەی لە هۆشیارییەوە دەکەوێتەوە زۆر پیرۆزە بەلامەوە . شـانازی بەوەوە دەکەم لە شانۆدا کەسم نەخواردۆتەوە و تاسەر ئێسقان ململانێم لەگەڵ هونەرمەندانی هاوڕێمدا کردووە . برادەری خۆشەویستم دڵشـکاو کردووە ، چونکە دژی باوەڕی خۆم نەبوومەمەتەوە . ئەوەی گێرەشێوێنییەکی لە شـانۆ نزیک خستبێتەوە هەرچەندە زۆر خۆشەویستم بوو بێت ، ئەگەر بۆمی نەسەلماندبێت ، وەک گێرە شـــێوێنەکە سەیرم کردووە . کاتێکیش لێی خۆش بووم کە ددانی بە هەڵەکەیدا نابێت .

خـۆ ئەو کێشە گەورەیەی > کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستان < لە ساڵی 1983 دا باشـــــترین نموونەیە . خۆشـــــەویسترین برادەرم لە تەمەنی قوتابخانەی سەرەتاییەوە وەک برا بووین . لەســـر ئەوەی داکۆکی لە هەندێ گومانلێکراو کرد و دژی بڕیارەکانی ئێمە بووەوە >> هـــــەرچەندە ئەو بە دڵێکی پاکەوە ئەوەی کرد ، نەیدەزانی ئەوانە لە ژێرەوە چین << گەورەترین کەلێن کەوتە نێوانمانەوە و لەیەکتر دابڕان . بەڵام ئەنجامی ئەوە کۆمەڵەکـــــە هەمووی لە تەوەری بەرەی جەماوەردا مایەوە و بازێکی گەورەی بە شانۆدا وەک لە پێشەوە باسم کردووە .

لە هەر کۆمەڵێکی شـانۆییدا کارم کرد بێت ، دژی تۆپەڵبوون و چرپەچرپ بووم . دژی هونەرمەندی قرچۆک و ڕاڕابووم . نموونەیەکی تر هەر لەسـەر ئەم دیاردەیە .

سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووم . نامەیەکمان بۆ هات لە هونەرمەندێکەوە داوای ئەوەی کردبوو ، ئێمە نامەی بۆ بنووســــــین کەوا بەرهەمی هونەری هەیە و نەینێرن بۆ بەرەی شەڕی > ئێران ـ عێراق < . کاکـی زڕە هونرمەند جەیشی شەعبی بوو هەرەها کرابوو بە سەرۆکی دائیرەکەشی . منیـش بە کاک جەلال عەزیز و جەلیل زەنگەنە و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرم ووت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم نامەی بدەینێ ، چونکە ئەو مادام ملی بۆ جەیشی شەعبی ناوە و بەعســــییە و پیاوی ئەوانە ، دە دەبێت ئەوەش بکات و بچێتە بەرەی شەڕیشەوە بۆیان .

بەهەرحاڵ ئەوە ساڵی 1986 بوو، مانگی پێنج . دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم من هـەڵهاتم بۆ دەرەوە . ئەگینا دەبوایە ئۆغری بکردایە بۆ بەرەی شەڕی ئاغاکانی . دە ئەو زڕە هونەرمەندە ئێســـتا لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکۆییە و شەکەرۆکەی هەموو دیوەخانێکە . ئیتر من چۆن دابڕبوون لەو جۆرە کەســـانە بە دیاردەیەکی ئاســــایی نەزانم ؟ چۆن بەپیرۆزیشی نەزانم ؟ هونەرمەندی شانۆ مامۆستای جەماوەرە، دەبێت دڵسۆز بێت بۆ بیروباوەڕەکەی وجەماوەر . ئەمەش دەروێشی گەرەکەو شەونخوونی و قوربانیدان و زەحمەتکێشانی پێویستە ، گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا بە هەڵوێستەوە باوەڕی گەرەکە . جا لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ڕۆشنبیری کورد زیاتر

پێویســـتیان بەوەیە هەر لایەنە و بەرەو تەوەر و جەمسەری خۆی بچێت و لەوێدا یەکبگرن .

کــــێ لە لایەنی نەتەوەدایە و هونەرەکەی دژیان نافرۆشێت و خۆی لە سەنگەری ئابرووی نەتەوە و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا دۆزیوەتەوە ؟ وە کێش لەســـەر پەتی بەرژەوەندی یاری دەکات و ریزەکانی رۆشـــــــنبیرانی کورد تێکدەدات و چەمکی رۆشنبیر دەشوێنێت . ئەگینا لەو باوەڕەدا نیم رۆشـــــنبیری رەسەن و خاوێن حەز بە پرش و بڵاوی بکەن . نموونەیەکی تر هەر لە ناوەراســــــتی حەفتاکانەوە تا رۆژانی راپەڕین ، هەندێ نووسەری جاش رۆژانە لە دائیرەی ئەمـــــن کەوتبوون و بە هەموو جۆرە بیانوویەک پاساوی ئەو هەڵوێســـتە ناشیرینەیان دەدایەوە . ئەو نووسەرانەش چەمەلەغی خۆیان لە نووسەران هەبوو . ئەمانە نەدەچونە ئەوێ ، بەڵام دۆستی ئەوان بوون . هەرچەند جارجار دزەشیان بۆ باوەشـــی دوژمن دەکرد . لەسەر ئەو هەڵوێستە نووسەرانی کورد بوون بە دوو بەشەوە .

ئەم پەتایە تا سنوورێکیش هونەرمەندانی گرتەوە ، بەڵام چونکە شانۆ پێویستی بە جـــەماوەر و بە هونەرمەندانی ناسراو بوو ئەمەیان بە تەواوەتی بۆ نەچووە سەر . ئەو چەند کەســــــــانەی دەیانویســـت شـــانۆ بخەنە باوەشی دوژمنەوە ، توانایان بەسەر هونەرمەندانی رەسەندا نەشـــکا و مەرامە چەپەڵەکانیان بۆ نەهاتە دی . ئیدی فشە بەرهەمیان لەبنکەی بەعســـدا ئەنجام دەدا ، بێ ئەوەی ئەوکارانەیان لەسەر هونەری کوردی حساب بکرێت و تەنانەت لەخۆیان زیاتر بینەریشیان پێ کۆنەدەکرایەوە . دە ئەمانە ئێستا خزاونەتە ناو رۆشـــــنبیرانەوە بەو هەستە نەخۆشە نیوە ناتەواوەیانەوە کەوتوونەتە گێرەشێوێنی .

مـــــەخابن لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان بەرهەمەکانیان دەبینم . زۆربەیان کارێکی وایان کـــردووە شوێنی زۆر ناسکیان لە کوردستان گرتۆتە دەست . بشرۆ بیان دوێنە ، هەیەکە و خۆی بە شـــۆڕشگێرترین پێشمەرگە ناگۆڕێتەوە .

جا بەلای منەوە دەستنیشانکردنی ئەو مشەخۆرانە وکەلاکردنیان بەرەو تەوەرچوونی رۆشنبیرانی نەتەوەیی دەســـتەبەری یەکگرتن و خەملاندنی رۆشنبیری کوردە و پەی بردنە بە داهێنان و گەشـــــــەکردنی کولتوورەکە . لە لایەکی تریشەوە من ئەمە بە دیاردەی ساردوگەرم دەزانم . تا ئەو دردۆنگییەش روونادا هەندێک سارد و هەندێک گەرم نەبێت ئەوا کارەبا دروست نابێت و رۆشنبیرییەکە رووناکی بەخۆیەوە نابینێت . ئەمە زانستە ، ئەمە فیزیایە .

*>< نەبوونی نـاوەندێکی تەرخان بۆ هونەری شـــــــــــــــانۆی کوردی یان یەکنەگرتنی لە ژێر هەر ناو و رەشماڵێکدا چەند زیان لە هـــــونەرمەندانی کورد دەدات ؟.*

+ ئەم چەمکە پەیوەندی بەداهێنانی تاکە کەسی وکۆمەڵە هونەرمەنداتێکەوە هەیە. یەک ئامانج و بۆچوون کۆیان بکاتەوە و چەند کۆمەڵ و گروپێکیش ســــــەندیکایەک کۆیان بکاتەوە . هەر یەکە ، یان گرووپە نوێنەرێکیان لەو سەندیکایەدا هەبێت و جار جار بەرهەمێکی تێدا دابەزێنن . ئەگینا پەرەوازەبوونی بیر و ڕاو و پەیڕەوکـــــردنی چەندەها قوتابخانە و نوێخوازی ئەزموونگەری و .... چی و چی ، ئەمانە هەمـــووی دەبێتە یەکنەگرتنی شانۆکە . بۆ ئەمەش لەو بڕوایەدا نیم زیان بە شـــانۆ بگەیەنێت ، چونکە کاری هونەری بریتییە لە داهێنان و بەرەو پێشەوە چون . بەلای منـــەوە ئەمە نایەتە دی هەتا پێشبرکێ و ململانێ نەیەتە ئاراوە . مەبەســــتم لە ململانێ شیر و تیر

لەیەکتر سوین نییە ، بەڵکو ململانێیەکی پیرۆز لە خزمەت بەرزکردنوەی ئاستی شانۆ دا بێت و ئامانجی گشتی دەوڵەمەندکردنی ئەزموون و پاراستنی رەسانەیەتی و هەڵکشان بەرەو دنیای ئەفراندن بێت .

من لەوە دڵنیام ئەگەر ئەو گرووپانەی لە شارەکانی کوردستان کاریان دەکرد ، هەموو یەکگرتوو بوونایە ، لە یەک تاکە گرووپدا ئەوا شانۆی حەفتاکان و هەشتاکان ئەو گەشەکردنەی بەخۆیەوە نە دەدی . بەرەچاوکردنی ئەوەی جارجار یان هەمیشە کاری تێکەڵاویش بکەن . هەر گرووپە یارمەتی ئەوی تر بدات . بە داخێکی زۆرەوە ئەمە دەڵێم زۆرینەی هونەرمەندان لەکوردستان پابەندن بە بارە سیاسییەکەی ئەوێوە . دەسەڵاتە سیاسییەکەش کارێکی ئەوتۆی کردووە ، ئەگەر هەر هونەرمەندێک لە سایەی ئەواندا نەبێت ، رووناکی نابینێ . لەبەر ئەوە هونەرەکە سەرانسەر بۆتە دروشم و پیاهەڵدان و لە هونەر چۆتە دەرەوە . ئەمەیان زیاتر زیان بە هونەرمەندان دەگەیەنێت . جا ئەمرۆ هەر یەکگرتنێک هەبێت ، بێگومانم لەژێر سایەی هەردوو زلهێزەکەی کوردستاندا دێتە کایەوە . دە ئەمەیان زیان زیاتر دەگەیەنێت و هونەرەکە پاشەکشە پێ دەکات ، چونکە بە بریارێکی سیاسی و گەلێ جاران لە چوارچێوەی تاکتیکێکی ساتی و لەرزۆکدا ئەو هەنگاوەیان پێ دەنرێت . کاری ئەوتۆیش دەرئەنجام هونەرمەندان و بگرە جەماوەرەکەشی تووشی نائومێدی و نەزۆکی و قێز لێهاتنەوە دەکات . ئەم راستییەش لەو ئەزموونانەی هەمانە لە بوارەکانی دیدا بەروونی بەرچاو دەکەوێت .

شانۆ بە تایبەتی و هونەر بەگشتی دەبێت سەربەخۆ بێت و کۆنترۆڵ نەکرا بێت . هەر ئاراستەیەکیش وەرگرێ بە قەناعەت و بڕوای خاوەنەکانیانەوە بێت . دە ئەمرۆ هەر یەکگرتنێک لە کوردستاندا رووبدات، مانای قۆرغکردنی شانۆیە بۆ بەرژەوەندی لایەنێک یان باوەڕێکی سیاسی . شانۆش دەبێتە سەکۆیەک بۆ پیادەکردنی پیاهەڵدان و دروشم و پروپاگەندەی و پاشکۆیەتی سیاسەتی حیزبایەتی و هیچی دیکە . نموونەش زۆرن ، چۆن چەند زرە هونەرمەندێکی دەمارگیر بۆ لایەنەکەی بریاری پشتشکێن پیادە دەکەن . ئەوسا کاتێک دەزانین ئەو یەکگرتنە ئامانجی بەرەواژە دەدات بەدەستەوە .

دیارە ئەو پاشەکشە و لاوازی و کرچ و کاڵییەی ئەمرۆ شانۆی کوردی کردوویەتی و پێوەی دیارە ئەنجامی ئەو مۆڵ خواردنەیە لە ژێر سێبەری بەزەیی و بەژەوەندە ئەو دوو زلهێزەدا ، کە مەخابن ئەوانیش پاڵپشتی ئەو بارە نالەبارەن و کاریگەرێتی نەرێتییان لەسەر هەموو شتەکان هەیە . کەلێنی دابڕ دابڕ بوونی هەموو شتێکی کوردی قوڵتر و فراوانتر دەکەنەوە و دەیانەوێت هەموو شتەکان بە چاویلکەی ئەوا تەماشا بکرێ و سەنگ و تەرازووی ئەوان بۆ مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەکاندا بازاڕی هەبێت . هەڵبەتە ئەمەش زیانی گورچکبڕ لە مێژوو و مانا و بایەخ و ئاسۆی ئەفراندن دەدات .

### >< *ئاستی شانۆی کوردی ئەمرۆ لە کوێدایە ؟ ئەی رەخنەی شانۆییمان هەیە ؟.*

+ ئەم پرسیارە لە توێی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا بەرچاو دەکەون . ماوەتەوە ئەوەی بڵێم رەخنەی شانۆیی بە پێی بارستایی پێشکەوتنی شانۆ هەڵدەکشێ و دادەکشێ . تا ئەو کاتەی کوردستانم جێهێشت ، ئاگم لێبوو بەپێی پێشکەوتنی شانۆ و نمایشکردنی دەقی جۆراوجۆر وورده وورده رەخنەش هەڵدەکشا . بەڵام وەک لە پێشەوە باسم کرد هێشتا ئەو شێوە ئەکادیمییەی وەرنەگرتبوو وەک ئێمە پێمان دەووترا ئەکتەر یان دەرهێنەر .

کەسـێک نەبوو بتوانین پێمان بووتایە رەخنەگری شانۆ ، چونکە رەخنەی شانۆیی هەروا ئاسـان نییە . قووڵبوونەوە و توێژینەوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە . بەڵام من هەستم بە بوونی ئەم مەرجانە نەدەکرد . ئێستاش کە دەڵێم شانۆ پاشەکشەی کردووە ، بێگومان رەخنەش بە هـەمان شـێوە تووشی ئەم دەردە بووە . هەرچەندە هەتا ئێستا من رەخنەی شانۆییم دیبێت لە بۆچوونێکی رۆژنامەنووسی خێرا تێنەپەڕیوە و دەربڕی ئاستی شانۆ نەبووە . بەداخەوە ئەوانەی رەخنەی شـانۆیی دەنووسـن ، لە روانگەی بۆچوونی خۆیانەوە سەیری دەکەن . رەخنەگرێکی وجودی باوەڕی هـەر بە بیرەکەی خۆیەتی، ئەگەر شانۆیەک ئەو خزمەتە نەکات و لەم تەوەرەدا خول نەخوات ، ئەمیش ویژدانی بۆ هیچ سووکایەتییەک ئازاری نادات . لە لایەکی تریشەوە ئەوەی بۆتە تەنگژە لەم بوارەدا رەخنەگری شـانۆیی ناتوانێت شـانۆی کوردی بکات بە زەمـینەی کارەکـەی ، چونکە لێرەدا شـانۆی شـارەکان جیاوازی زۆریان لەبارەی پێشکەوتن و دواکەوتنەوە لەتەک یەکتردا هەیە .

بـۆ نموونە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا شانۆ یان نییە یان زۆر لاوازە . هەروەها لە باشـووری کوردسـتان دەتوانم بڵێم جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شانۆی شارێکەوە بۆ شارێکیتر زەق بووەتەوە.جا ئەگەر رەخنە هەر بەشێوە ریپۆرتاژییەکەش بێت ، ئەوا دەبێت هەر شارە و بە تەنیا رەخنەگر تێیان بڕوانێت .

لە کۆتاییدا دەڵێم رەخنە وەک خوێندنەوەیەکی قوولی دەق و هەڵمالینی چـەمکە شاراوەکانی و ووروژاندنی و خستنە رەوتی بەرەو کارێکی رەخنەیی زانسـتانە و بابەتییانە ، لەویشەوە ببێتە هاندەرێک بۆ گەشەکردن و داهێنانی نوێ ، نەخێر ئێمە لەم جۆرە رەخنەی شانۆییەمان نییە .

*>< بەرچاونەکەوتنی شـانۆی لاوان و منداڵان ، بەواتایەکی دیکەش نەبوونی هاندان و پشتیوانی لێرە و لەوێوە چۆن دەبینن ؟.*

+ لەبەرئەوەی شـانۆ هونەرێکی نوێیە و لە دێرزەمانەوە کۆمەڵەکەمان ئاشنای نەبووە تێکەڵاوی کولتوورەکـەمان نەبووە ، دەتوانم بڵێم هەمووی سی چل ساڵە بە تێروتەسەلی و خێرایی هاتۆتە ناومانـەوە . لەبەرئەوە وەک بناغە لە شانۆی گەورەوە دەسـتی پێکرد . چاکترین بوار بۆ شـانۆی منداڵ لای ئێمە > مـەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان < بوو . ئەوەی من لێی ئاگدار بووم لە حەفتاکان و هەشـتاکاندا ئەو برادەرانەی لەوێ کاریان دەکرد هەرچەندە بە ژمارە زۆربوون بگرە هەر باخـچەیەکی ساوایان یەک دوواتێکیان سەرپەرشتی دەکردن و بوارێکی چاکیشیان بۆ رەخسـابوو . بەڵام لە تەمەڵی و پشتگوێخستن بەولاوە هیچی وایان ئەنجام نەدا. بەهەزار نـاری عەلی ساڵانە تاکە بەرهەمێکیان لەدەست دەبووەوە ، ئەویش لە بازنەی دائیرەکەیان نەدەچووە دەرەوە . نموونەشم بۆ ئەوە ئەم پرسیارەی بەرێزتانە و زۆرجاری تریش ئەم پرسیارەم لێکراوە .

مـن بەشبەحاڵی خۆم لەم بوارەدا سێ چیرۆکی منداڵانم نووسیوە . یەکێکیان لە باخچەی سـاوایان بەرهەمهێنرا و یەکێکی تریان لە لایەن دەستگاکانی بەعسەوە مۆڵەتی پێنەدرا و خۆشـم لە قوتابخانەی هەردی سەرەتایی دوو بەرهەمم بە نمایش گەیاند . بەڵام وەک تیپە هونەرییەکان دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمی چاک لەو بارەیەوە کراوە.

بە باوەڕی من چەند گرنگی دەدرێت بە شانۆی گەورە ، رەوایە دە هێندە گرنگی بە شـانۆی منداڵ و لاوان بدرێت و هەر لەو تەمەنەوە ئەکتەر و هونەرمەند و تەنانەت بینەری شـانۆش بخەملێت و ئامادەبکرێت . جا جگە

لە نەبوونی ئەوانەی لێی دواین ، هەندێ تەنگژەی تریش دێتە ڕێی ئەو چەمکە . ئەویش چوونە ژێر ئەو ئەرکەوە زۆرگرانە ، بەتایبەتی پسپۆڕی شارەزای گەرەکە . بۆ مامەڵە لەتەک منداڵدا لە لایەنی سایکۆلۆژی و ڕاهێنانیانەوە کارێکی ئاسان نییە . شانۆگەری منداڵ دەبێت چەند مۆسیقاژەنێکی کارامە هاوکاری بکات و دەرهێنەرێکی چیکڵدانە فراوان و لێهاتوو بە ئەنجامی بگەیەنێت . ئەمە کار و خەبات و لێپرساوییەکی گەورە و هێجگار هەستیار و بە بایەخی گەرەکە . کەرەسە و ئێکسواری زۆر و جلوبەرگی ڕێکوپێکی دەوێت ، لەبەرئەوە شانۆی منال دەبێت گرووپێک تەنها بۆ ئەم لایەنە ناسکە بخەبتێ .لەلایەکی ترەوە کۆمەڵی ئێمە وەک وولاتانی ڕۆژئاوا ئەوگرنگییە بە منال نادەن . باوکێک ڕۆژ تائێوارە خەریکی بەدەستهێنانی بژێوی خێزانەکەیەتی و کەمتر ئاگای لە منالە ، دایکەکەش بە دەیەها کاروباری ناو ماڵەوە خەریکە .

ئەمە منالی لە زۆر شتی تریش بێبەش کردووە، هەر بۆیە من باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان بەگۆڕەپان و فێرگەی ڕاستەقینەی ئەم چالاکییە دەزانم .

هەڵبەتە منال کۆکردنەوە و ڕاهێنانیان بۆ دەق لەبەرکردن و هێنان و بردنیان و تێگەیشتن لە جیهانە ناسک و هەستیارەکەیان هەروا ئاسان نییە . دیارە ئەگەر گەورەش نمایش بۆ منال ئەنجام بدات ، ئەمەش هەروا ئاسان نییە و کەم کەس دەتوانێت شارەزایانە لە جیهانی منال نویک بێتەوە . من وای بەچاک دەزانم ئەم کارە دەزگایەکی تایبەتی بۆ دابمەزرێ هەر لە هونەرمەندی شێوەکارو مۆسیقاژەن و دەرهێنەرەوە تا دەگاتە سەر ئەکتەر و ئامادەکەری ڕووناکی و ئێکسوار و تەنانەت شانۆ و هۆلی تایبەت بەوانەوە . ئەمەش خەرجی و هانداتێکی فرەی گەرەکە، دەبێت دەزگا و دامەزراوێکی دەسەڵاتدار پاڵپشتی بکات .

*>< شانۆ چەند نزیک و ئاشنایە بە حەز و خواستی جەماوەر؟ تا چەند دەتوانێت ئاوێنەی بالا نمای ئاواتەکانیان بێت ؟ لە کاتێکدا دەزانین بەڕێزتان بە هۆشیارییەکی تایبەت و سەرنجێکی دیکەوە لەو گووتە بەناوبانگەی برێخت > شانۆ قوتابخانەی گەلە < دەڕوانن ؟.*

+ بینەر تەواوکەری کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شانۆیە . هەموو کارێکی شانۆیی لە کۆتاییدا بە بینەر پێدەگات و دروست دەبێت . هیچ شانۆگەرییەکیش ئەگەر بینەر نەیبینێ بە شانۆگەرییەکی ناتەواو دەژمێردرێت .

شانۆی کوردی خۆشبەختانە شانۆیەکی ئامانج بەخشە و لەو بناغەیەشەوە یەکەم هەنگاوی ناوە و سەرچاوەی گرتووە . ئەگەر کەسێکیش بیەوێت بۆ بێ ئامانجی ئاراستەی کات پێشەکی بیزراو و قێزەوونە و ئەو هونەرمەندانەی شانۆیان بوژانەوە جۆرە جەماوەرێکیان بۆ شانۆ خەملاندووە . داوای مانا و زانیاری لێدەکات . داوای بنەمای کێشەیەکی لێدەکات و لەهەمان کاتیشدا هەست وچێژوحەزەکانی تێرکات .

ئەمەش هەندێ جیاوازی لە نێوان تاکەکانی بینەردا دەبێ ڕەچاو بکرێت ، هەندێ بینەر حەز لە دەقی فۆلکلۆری و خۆمالی دەکات، هەندێ حەز لە نمایشی چەند ئەکتەرێک دەکات . یان ئەم تیپەی لەبەر هەندێ هۆ بە دڵە و بەلای بەرهەمی تردا ناچێت . من پێم وایە و واش لە بینەری شانۆ گەیشتووم ، کاتێک ڕوو دەکاتە شانۆ، ئەگەر یەکەمجاریش وا نەبێت ئیتر دووەمجار و دوای ئەوە تێدەگات ڕوو لە شوێنێکی پیرۆز دەکات . بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە ناخیدا دێتە بەرانبەر ئەکتەرەکان . هەرچەندە ئاستی هەست و تێگەیشتن لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی لە خۆ دەگرێت . کەواتە دەبێت شانۆ زۆر لە پێش جەماوەرە وە نەبێت

شوێنە ونی بکات و ئەوەندەش لە نزیکیەوە نەڕوات هیچی تازەی لێهەڵنەهێنجێنێت و هەوڵی پێهەڵگرتن نەدات . ئـــــــەگەر وا نەکەین زۆر لە جەماوەرەکە وا دەزانن ڕێگەیان هــەڵە کردووە و هاتوونەتە جێگایەکـــــی هەڵەیشەوە . جا ئەگەر بە بارە چاکەکەدا هێنامان و مەبەستەکەمان نیشـــــانەی خۆی پێکا ، ئەوا شانۆکە دەبێتە قوتابخانە .

نەک بینــەر دەتوانم بڵێم هونەرمەندانیش دەبنە قوتابی ئەو قوتابخانەیە لە ڕێگەی بینەری بەتوانا و ڕەخنەگرەوە . ئەگینا شانۆ خۆی لە خۆیدا شمشێرێکی دوو دەمە و دەمەکەی تر زیانێکی بەرچاو بە هەســـــت و ئاگای بینەر دەگەیەنێت . ئــەگەر لـــە مەسەلەکەی دووری بخەیتەوە و دیاردەی نەشیاوی بە شێوازی شیاو بخەیتە بەرچاو و یاری بە سۆزی ساویلکەکانیان بکەیت و ســــەرگەرمی بابەتێکیان بکەیت کە بابەتی ئەوان نییە . نەواز و بێدەرەتانی دنیایەکیان بکەیت ســــەری لێ دەرنەکەن و خۆیانی تێدا بزر بکەن ، ئەو کاتە شانۆ لە قوتابخانەی گەلەوە دەبێتە گەڕەلاوژێ و شــقڵی و پقڵی گەل . چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕەخنەگرێکی خەڵکی کوردســــتان کتێبێکی بە زمانی عارەبی لەسەر شـــــانۆ نووسیووە ، هانی شانۆی کوردی دەدات واز لە دەقی خۆماڵی و شێوازی تەقلیدی بهێنرێت و لـــە جیاتی ئەدەبێکی مەعریفی زانراو شانۆ ئەدەبێکی مەعریفی نەزانراو بگرێتە باوەش . شـــــــــانۆی کوردی بەرەو هونەرێکی بێگیان بەرێت .

ئەم ڕەخنەگرە لەوە دەچێت چێژ لە دەقی خۆماڵی وەرنەگرێت یان هــەر تێینەگات باسی چی دەکات ، بۆیە هاتووە و دەیەوێت ئەم گۆچانە خوارەمان بداتە دەســـــت و دەیەوێت شانۆی کوردیی ئاوارەی نامۆیی بکات و تێکەڵاوی شانۆی عێراقی بکات و بیکاتە پاشکۆی . جا لێرەدا ئەوە دەڵێم کە شـــانۆ قوتابخانەی گەل بێت کام گەل ؟ ئەمە ئەگەر عەرەبێک بیڵێت کەواتە شانۆ قوتابخانەیە بۆ کولتووری عەرەب . هەروەها بە گوێرەی ترکێک و فارسێک و فەرەنسییەکیش . بەڵام کە باس لە شـانۆی کوردی دەکرێت ، دەبێت شانۆ قوتابخانە بێت بۆ کولتووری کورد ، کە زۆر جیــاوازە لەگەڵ کولتووری دەوروپشتەکەیدا . کە قوتابخانەی گەل و کولتووری کـــــوردی بێت ئەمڕۆ کێشەیەکی جیاواز ڕووبەڕوی بۆتەوە . ئەو کێشەیەش هەوڵ و کۆشـــشـــێکی ئامانج داری دەوێت لە بواری هەموو دیاردەکانا کە شانۆش دیاردەیەکە لەوانە .

کەواتە دەبێت قوتابخانە بێت بۆ ئامانجێک ئەو ئامانجەش سەلماندنی شـــــتی دروستە ، ئەگینا نابێتە قوتابخانە بۆ کورد .

*>< توخمی ژن ، بۆ هەڵسوڕانی کاری شـــــــانۆیی بە کوێ گەیشتووە ؟ هـــــەبوونی ئەم توخمە و پێداویستی بەشـــــــــداری و کاریگەرێتی چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟.*

+ ژن ... ئێستا ئەو کەلێنە گەورەیەی کە شـانۆ هەیبوو تا نزیکی لێوا و لێو پڕی کردۆتەوە . هەرچەندە ئەوکەلێنە ساڵانێکی زۆری نەخایاند لەچاو ئەو بارە ناهەموارە و ئەو هەلومەرجە تفت و تاڵەی ســـەپاوە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا . دەنا بە رای من هەر کۆتایی شەستەکان و سـەرەتای حەفتاکان تا ناوەڕاستی نەبێت ئەو کەلێنەی بەخۆیەوە نەدیوە . ژن لە پەنجاکاندا لە سلێمانی ئامادەبوونێکی دیاری هەبوو .

هــەرچەندە جارجار ناچار دەبوون ئەو کەلێنە بە پیاوان پڕ بکەنەوە . بەندە یەکێک بووم لەو کەســـــانەی کە گرنگییەکی زۆرم بەم بابەتە داوە . لە کۆتایی شـەستەکاندا شیعرێکم ( ئافرەت و شانۆ ) لە گۆڤاری > تیشـــــکی

هونەر< دا کە تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی ئەو کاتە دەری دەکرد ، بڵاوکردەوە . ئەم شیعرە کاریگەرێتی خۆی کرد . ئەوکاتانە زۆر لە کچان و ژنانی هونەرویست نامەی خۆشحاڵی خۆیان بەرانبەر ئەو هەڵوێستە بۆ دەربڕیم شیعرەکە ئەمەبوو.

وا شانۆی جیهان گشت رازایەوە ئافرەت بۆ هونەر هاتە کایەوە

ئەی لە لای ئێمە ئافرەت و شانۆ بۆ لەیەک دووربن بۆ دوژمن بن بۆ

خوشکێ دەهەستە دۆش دامەمێنە لە قەفەزەکەت توولێ دەربێنە

لە بەندیخانەی کۆنەپەرستی درەنگە لێدە زەنگی سەربەست

گەلێک لە دوایە هونەری شانۆ هۆی هەرە گەورەی کەوتۆتە سەرتۆ

زۆر خوشک هەیە هونەرپەروەرە بەڵام پەپولەی ناوجانەوەرە

کاکی رۆشنبیر نەکەی رێی بگری شالاوی دەست و دەمی بۆ بەری

بە مانای رەوشت رزگار بە لەبەند رەوشتی بەرز واتا هونەرمەن

ئێستاش کە شانۆ بۆیە لە دوای

 چەپڵە بە یەک دەست دەنگی هیچ نایە <

ئامادەبوونی ژن لە شانۆدا خولیای من ئەو کاتە کەسێک پرکێشی ئەوەی نەکردە خوشکەکەی یان خێزانەکەی یان خزمەکەی بهێنێتە سەر شانۆ هەر کچێک یان ژنێکیش رووی تێبکردینایە ، لەلایەن منەوە رێزێکی تایبەتی لێدەگیرا . تا جارێکیان دەرهێنەرێکم لە شانۆ دوورخستەوە ، چونکە هەڵسوکەوتیم لەو مەسەلەیەدا بە دڵ نەبوو . بە هونەرمەندانی برادەرمم ووت : ئەم دەرهێنەرە نیازی هەیە شانۆ بباتەوە ئەو زەمانەی پیاو دەکرا بە ژن . ئەم خولیابوونەشم هەر دژەکاری ئەوەبوو لەیەکەم بەرهەمی شانۆییمدا ناچار خۆم رۆڵی کچەکەم دی . ئەویش چیرۆکێکی بڕیار و ئەنجامی خوالێخۆشبوو ئەمینی میرزا کەریم بوو ، کە لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی هێنامانە سەر شانۆ . هەر لەو شانۆییەشدا هونەرمەندی خۆشەویست > کەمال دڵشاد < رۆڵی پیرێژنێکی سەرکەوتووانە دی .

ئەو ژنانەی شانۆی کوردیان رازانەوە لەپێش هەموویانەوە خوشکی بەرێزم هونەرمەندی گەورەی کورد > بەدیعە دارتاش < بوو. ئەمڕۆ زیاتر لە سی ساڵە بێوچان و شێلگیرانە لەمەیدانی تێکۆشاندا خزمەت دەکات و شانۆ بۆ پێشەوە دەبات . دوای ئەم فریشتەیە کە خواوەند بە شانۆی کوردی بەخشی چەند ناوێکی بەهرەدار و بەرێزی تریش شوێن پێی ئەم خوشکەیان هەڵگرت . لەوانە ( ئەندازیار پەخشان کەریم ، نەرمین قادر ، شادان فوئاد ، ئاشتی هەرەس ـ خێزانم ـ، گەزیزە عومەر عەلی ئەمین و بەیان رەشید و...) دوای ئەمانیش چەند ئەستێرەیەکی پرشنگداری دیکە ، کە زۆربەیان دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانین .

هەرچەندە هەر لە ساڵانی پەنجاوە کەموزۆر ژن بەشداری شانۆی کردووە ، بەڵام وەک ئێستا و بەم چەندایەتی و جۆرایەتییە نەبووە . ئەمە مایەی دڵخۆشییە بۆ ئایندەی شانۆی کوردی .

هیوام وایە شانۆ لە ئایندەیەکی نزیکدا رەوتە پڕ شکۆمەندەکەی جارانی بگرێتەوە بەر ، چونکە ئەو کەلێنە گەورەیەی نەبوونی ژن دروستی کردبوو ، ئێستا پڕبۆتەوە . ژن لەشانۆی کورددیدا نەک هەر ئەکتەرە ، بەڵکو

دەرهێنەرە ، نووسەرە ، رەخنەگرە ، شـــــرۆڤە دەکات و سیمینار لەمەڕ شانۆوە دەگرێت . جا لێرەدا ئەوە دەڵێم : ئەو ژنەی یان ئەو کچەی ئێستا ســـەربەســـتانە دێتە ســـەر شـــانۆ ، ئەو ئازایەتی و پڕ کێشییەی کچان و ژنانی پێش ساڵانی هەشتاکانی پێویست نییە. بەڵکو ئەوانەی ئەو کاتانە دەهاتنە سەر شـــــانۆ کەساتێکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕبوون . بە جەرگێکی قایمەوە رووبەرووی هەزارەهــــا کۆنەپەرست و مێشک ووشک و دواکەوتوو و نەزان دەبوونەوە . هەر لە خێزان و کەس و کاری خۆیەوە تا تاکە بێفەڕەکانی ناو کۆمەڵ . ئەمە گەورەیی و بڕوا بەخۆبوون و قوربانی خۆنەویستی دەویست .

لەم بەینەدا کتێبێکم بەناوی [ شانۆ .. روانینی نوێ ... داهێنان ]خوێندەوە . ئـەم کتێبە لە ئەنجامی دەمەتەقەیەک لەگەڵ کاک > فازڵ جاف<دا چلوورەی بەستووە .

ئەم زاتە لەگەڵ ئەوەدا هەندێ هەڵەی مێژوویی بە ئەنقەســــــت تۆمــارکردووە، ناشیرینترین هێرشیشی کردۆتە سەر ئەو ژنانەی پێش ئەم لە شانۆی کوردیـدا رۆڵیان بینیوە . ناوبراو ئەو خوشکانە بە > سکراب و بێ توانا< ناوزەد دەکات . من نازانم مەبەستی لە سکراب چییە !؟. من بەئاگادارییەوە ئەوە دەڵێم : سکراب ئافرەت نییە لەسەر شانۆ، بەڵکو ئەو کەسەیە ئەوە تێڕوانینی بێت . هەر لەهەمان لاپەڕەدا>38< دەڵێت : ئەو شـــانۆگەرییەی ( دایکی شەهید ) کە لە ساڵی 1970 دا هێناویانەتە سلێمانی یەکەم شـانۆگەری کوردییە ، کە ئافرەتێکی کچی کورد رۆڵی سەرەکی تێدا ببینێت . لێرەدا ئاگاداری ئەو بەرێزە دەکەم ، کەوا مێژوو شێواندن هەروا ئاسان نییە . هەر ئەوەندەی مــــن ئاگدار بم ، لە ساڵانی پەنجاکاندا مامۆستا > رەحمە < کە مامۆستایەکی سەرەتاییە رۆڵی دایکی شاکری دی لە چیرۆکی > شاکر من دایکم < ی یوسف عانی و گۆڕینی بۆ کوردی لە لایەن ئەمینی میرزا کەریمەوە . هەروەها لە بووکی ژێر دەواری رەش ، گڵکۆی تازە لەیل ، لە پێناوی دادپەروەریدا ، پیســـکەی تەرپیری مولێردا .

کـــۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ساڵانی پەنجاکان کاتێ نەمر > رەفیق چـالاک < سەرۆکی بوو ، زۆر بەرهەمی تری ئەو ساڵانەش کە ژمارەیەکی زۆر ژنانی کــــوردی بەدەورەبوون . هەروەها لە ساڵی 1969 دا هەر یەک ساڵ پێش ئەو بەرهەمە هەرە مەزنەی ئێوە هێناتان ، هونەرمەندی بەتوانا > رووناک کۆیی < لە ســـەرینی باداری ئەحمەد دەنکَ گەورەدا رۆڵی سەرەکی بینی . ئەم چیرۆکە لەهەولێریش نمایش کرا . لام وایە بەرێزتان ئەو کاتانە هیوایەتی شانۆتان لا دروســت نەبوو بوو . وەک ووتم لە ساڵی 1968 دا ئێمە چیرۆکی نەورۆزمان لە بەهۆی بەلەدیەی کەرکوک کرد .

هــونەرمەند ســــــەلمان فایەق کاکەیی دەرهێنەرەکەی بوو. چونکە لەوێ ئەکتەری لێوەشاوە نەبوو ناچــــــار پەنایان بۆ ئێمە هێنا. ئەو دیمیرو لەوحەی رووناکییەی لە لاپەڕە 39 دا لێی دواویت ، هەمووی لەو هـــۆڵەوە هێنرابوو ، نەک لە بـــەرهەم و هەوڵی ئێوەوە . ئەو هۆڵە لە راستیدا بۆ بەرهەمی عەرەبی تەرخان کرابوو .

ئێمە کە یەکەمجار چاومان پێی کەوت سەرمان سووڕما . میری ئەوەی بەسلێمانی رەوا نەدەدی . ئێمە لە چیرۆکی نەورۆزدا دوو ســـــــاڵ پێش بەرهەمــەکەی بەرێزتان بەکارمان هێنابوو . گەر ئێمە لە سلێمانی ئەو پێداویستییانەمان بۆ فـەراهەم بکرایە ، یان خۆمان توانای کڕینیانمان هەبووایە ،وا بەکارمان دەهێنان .

دەربـــارەی ئەوش کە دەفەرموویی ئێمە بۆ یەکەمجار لە هۆڵەکەدا بینەری ژن و پیاومان تێکەڵاوکرد. ئەویش راســـت نییە . تیپی نواندنی سلێمانی لە ساڵی 1969 دا ئەو کاتە ئەندامی دەســــــتەی بەڕێوەبەر بووم ، ئەو دیاردە و کارەمان کرد بە بڕیار و لە چیرۆکی > لە سێبەری دڕکدا < پێش ئەو بەرهەمەی ئێوە بە ئەنجامـان

گەیاند . خۆ گەر وا بێت بۆ لەکەرکوک ئەوەتان نەکرد ؟!. بەهەرحاڵ کاتێک لە کەرکوک ساڵی 1968 چیرۆکی نەورۆزمان کرد ئەم هونەرمەندانە بووین ( عوسمان چێواری خوالێخۆشبوو ، مستەفا ئەحمـــەد ، عەبدولی هەمە جوان ، جەمیل ئەحمەد و بەندە و چەند هونەرمەندێکی دیکەش . وە ئەو هونەرمەندانەی لەویـــش بینیمانن ، نیازی بەرهەمهێنانی چیرۆکی > دڵ و گوڵ < ی > مەدهۆش < یان هەبوو ، قادر مەردانی گۆرانیبێژ وەک ئەکتەر رۆڵی دەبینی ، حەمە رەزای کەمانچەژەن و نەجمەدین بوون .

ئەوکاتــە هونەرمـــەند ێکمان بە ناوی فازڵ جافەوە نەکەوتە گوێ . خۆزگـە لــە رووبەرووبوونەوەیەکی بەردەم بینەردا لەگەڵ کاک فازڵ جافدا بەیەکتر دەگەیەشتین .

نامەوێ ئێرە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو بۆچوونەکانی ئەو بەرێزە تەرخان بکەم .

***>< مەم و زین ، قەڵای دمدم ، لاس و خەزال ، نەورۆز چـــۆن نەکراون بە فلیم !؟. ئەی بۆ هەڵەبجە و ئەنفال و زۆر رووداوی دیکە نەکـــــــراون بە شانۆنامە ؟!.***

+ ئەو کاتەی کوردستانم جێهێشت تاکە یەک فلیمی کوردی بەرهەم نەهێنرابوو . لـە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکانەوە دەستکراوە بە هەوڵدان لەم بوارەدا . ئەویش هێندەی من دیومە زۆر سەرەتایین . کامێرا ئەو زمانە گەرمەی نییە بینەر هەستی پێبکـات و بۆی قووڵ ببێتەوە . سەرەڕای ئەمانە فلیم دەبێت دامەزراوێکی دەست رۆیشـــتوو پێی هەڵسێت . بەدەرامەتی گروپە هونەرییە بچووکەکان ناچێتە سەر. لە هەموویشی گرنگتر کادێری پێشکەوتوو و کارامەی سینەمای گەرەکە . هەر لــە دەرهێنەرەوە تا دەگاتە سەر کامێرامان و سیناریست و دیکۆرکێش و رووناکی و جــلوبەرگی زۆر و ... هتد . ئەمانە هەمووی وەک تاکیش بگرین هەریەکە و کۆمەڵێک شـــــارەزای گەرەکە . بۆ نموونە هەر کامێرا گروپێکی پســــــپۆڕی دەوێت . ئینجا یەک دوو پسپۆڕی تر سەرپەرشتی ئەوانە بکەن . بێجگە لە دەرهـێنەری سەرەکی ، یاریدەدەری زۆری دەوێت . جا ئەو چیرۆکانەی دەستنیشانتان کردووە زیاتر پێویستی بە دیکۆر و جلوبەرکَ و شـارەزایان هەیە ، چونکە ئەمانە بابەتی مێژوویین و دەبێت ئەو هەموو بینراوانە تێکڕای بینەر بەرەو رۆژانی دێرین ببەنەوە . ئەمانەش هەروا ئاسان نین .

هەر وەک لەپێشدا ئاماژەم پێکردووە ، هیچی وا لە سینەما نازانم . هەر ئەوەندە بـــــە خۆم شک دەبەم . ئەگەر بۆ بەرهەمهێنانی فلیمێکی کوردی وەک ئەکتەرێک دەستنیشـــان کرێم ، ئەوا لە خۆم رادەبینم کارەکەیان بۆ ئەنجام بدەم و زۆریشـــــم پێخۆش دەبێت .

هەڵەبجە و ئەنفال و کارەساتەکانیش کە نەکراون بە شانۆنامە . من بەش بە حاڵی خۆم لە بوودەڵەیی نووســەرانی دەزانم . هەروەهاش ئەو هونەرمەندانەی بۆ شـــــانۆ دەنووسن ، وەک لە پێشدا لێی دووام ، دەتوانم بڵێم یەکەم کەس بووم کارەســـــاتی هەڵەبجەم لەسەر ئەو شانۆیەی >> ئەتینا << لە یۆنان بەرجەستەکرد . تا ماویشم شانازی پێوە دەکەم .

جـــا لە روویەکی تریشەوە دەبێ ئەوە بڵێین لە کوردستانی رزگارکراودا تا ئێستا وەک راگـــەیاندنیش پڕکێشی ئەوە نەکراوە بە قووڵی شرۆڤەی هەلومەرج و ئەو بارە بکرێت ، کە هەڵەبجەی بەو دەردەبرد . سەرەڕای ئەمانەش دەسەڵاتەکانی کوردستان دەست لە دامێنی بەغا بەرنادەن . لەبــەرئەوە ئەم چەمکە هونەرمەندی چاو نەترسی دەوێت ..... بەڵام من ئەو بەڵێنە دەدەم کە چوومەوە کوردســـــتان لەو بەرهەمانە بترازێت ، ناچمە بەلای هیچ

بابەتێکی تردا .

>< ئەم هونەرمەندانە چۆن دەبینن ؟.

+ رەفیق چالاک ... ووشـــــەی هونەرمـەندی بە هەموو مانایەکیەوە دەگرتە خۆی ئەگەر سیاسەتی نەکردایە .
یەلماز گۆنای ... هەر وەک لە شـــــیعرێکدا کە لە گۆڤاری بەربانگی سویددا بۆم ووتووە ، پێشمەرگەیەکی
کامێرا لە شـــــان بوو .کامێراکەی وەک قەناسێک جەرگی کەمالیستی هەڵتەکاند .
ئەحمەد سـالار ... هونەرمەندێکە ووشک ناکات .
حاجی مەکـــی... لە کوردستان هەتا ئێستاش جەماوەری ماوە .
تەهـــا بـابـان ... ئەکتەرێکی لێوەشاوەیە .
ســـمکۆ عـەزیز ... هەر لەسەرەتای چوونە ناو شانۆمەوە ئاشنایەتیم لەگەڵی هەیە . کەسایەتییەکی
تایبەتە.خزمەتی شانۆی زۆر کردووە. شانۆش خزمەتی ئەوی کردووە .
تەهـــا خەلیل ... هونەرمەند و خاوەن هەڵوێست .
تەلعەت سامان ... لە بوژانەوەی هونەری شانۆدا لە شاری هەولێر پشکێکی مەزنی بەرکەوتووە .

>< *گرانترین ئەرک و گەورەترین بەرپرسیارێتی لەکاری هونەریدا چین ؟.*

+ دەســــتخەرۆ نەکردنی بینەران و گەیاندنیانە بەو مەبەســــتەی کە بەتەمابوویت بیگەیەنیت . کات بە فیرۆدان هەروا ئاســـــــان نییە . هونەرمەند کاتێک بینەرانی لێکۆدەبێتـــەوە چاوەڕێی ئەوەی لێـــدەکەن ، جگـــە لە هونەرەکە وەک شـــێوە ، ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندیش بدات بەدەســـتەوە و لە هاتنی بۆ بینینی ئەو بەرهەمە پەژیوان نەبێتەوە . هەڵکردن لەگەڵ هونەرمەندانی بەشدار لە بەرهەمەکەدا . ئەمەش هەروا ئاسان نییە، چونکە هونەرمەندان هەر یەکە و بۆچوون وروانگەی خۆیان هەیە . چۆن دەگەیتـــە خاڵی بەیەک گەیشـــــتن لە تێوان کۆمەڵێ ئاراســـتەی جیاواز و بەیەکداچوودا بۆ خۆی دژوارە .

هەلومەرج و پێداویســـتییەکانی چۆن دەکەیت ؟ چۆن هونەرمەندانە مەســـەلەکەت قوتار دەکەیت و دەیدەیت بە جەماوەر ؟ گرنگیدان بە خۆ رۆشـنبیرکردن لەو بوارەدا و رووبەرووبوونەوە و قووڵبوونەوە بۆ نهێنییەکانی بەرپرسیاری و دابینکـردنی بابەتە شانۆییەکان . ئەمانە هەمووی لە کاری هونەریدا رووبەرووت دەبنەوە .

ســــــەرەڕای ئەمانەش هونەرمەندی کورد ، وەک زۆر جەختم لەسەرکردووە .کێشە نەتەوایەتییەکە زوو زوو بەرۆکی دەگرێ ودەبێ بیرێکی سەرەکی بەویشەوە بێت وفەرامۆشی نەکات .

جا هونەرمەندی شـــــانۆ ئەگەر ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کردوو لە هەموویان پشـــت ئەستوور بوو ئەوجا چەند خۆش دەبێت بە هەنگاوی پتەوەوە و بە لەخۆ راپەرموونەوە بەرەو شـــــانۆکە دەچێت . پیـّش وەخت دەزانێت پـــلە پـــلە بە پەیژەی ســـەرکەوتنا ســـــەردەکەوێت و داهێنان دەدات بەدەســـــتەوە . ئەرکی هـــاتنی جەماوەرەکە و ماندووبوونی خۆیشی بە فیرۆ نەداوە و بەرهەمەکەی جێی شیاوی خۆی لە شـــــانۆی نەتەوەکەیدا دەکاتەوە .

>< *بە باوەڕی ئێوە چـــەند رێز لە شانۆکارانی دوێنێمان نراوە و ئەمرۆ چ بەهایەکی بۆ دادەنرێت ؟.*

*بە کورتی شـــــــــانۆی کوردی چی بۆ کراوە ؟ بزاڤێکی شانۆیی دەبینن ؟.*

+ من وەک کەسێکی ئەم بوارە لە بارەی ڕێزلێنانەوە هەســت بە تێری دەکەم . زۆرم پێخۆشە جەماوەرەکە بایەخ بە بەرهەمەکـانم دەدات و پێی دەزانن . بە تایبەتی لەو گەشـــتەمدا کە بۆ کوردســــتانم کرد ، ئەوەی بۆ من کرا لە لایەن هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانەوە هەستم کرد هیچ ماندووبوونێکم لەو بوارەدا بە فیڕۆ نەچووە . بە چاوی ڕێزەوە تێیان دەڕوانیم و بەرهەمەکانمیان لە جێگەی شیاودا لەبەرچاوگرتبوو .

هەرچەندە ئەمە بۆ هەموو کەسێک وا نییە ، بەڵام من بێگومانم ئەوەی لەبەرەی نەتەوەکەیدا بوو بێت و بەرهەمەکانی لەبازنەی کێشەکەیدا بووبێت ، هەرگیز ڕەنجی بە با ناچێت و ئەو میللەتەش نەتوانێ قەرزی بداتەوە ، وا مێژوو هــەرگیز لــە بیری ناکات . بۆ نموونە من کاتێک لە سلێمانی بووم هەرگیز دانیشتوانی ئەو شــــــارە خۆشەویستەم نەیانهێشتووە لەسەرەدا بۆ کار رایی کردن یاخود شت کڕین ڕابوەستم .

هـەر کارێکم ویستبێ بێ ئەوەی بیانناسم بە ڕێزەوە بۆم جێبەجێ کراوە. لەناو بازاڕو لەسەر ڕێگاوبان رایان گرتووم بێ ئەوەی ناسیاوم بن پرسیاری جۆراوجۆری هونەرییـان لێکردووم و هەستی پێزانین و ڕێزی خۆیان بۆ دەربڕیوم . لە سەیرانگایەکدا پیاســـەم کردووە ، ئەوەندەم زانیوە کەسێک بە شیشێک گۆشـــتەوە بەرەو رووم هاتووە ڕێزی خۆی بۆ هونەرەکەم بە پێشکەشکردنی ئەو شیشە گۆشتە دەربڕیوە وداویەتە دەستم .

لەکاتی نمایشدا دیاریەکم بۆ هاتۆتە سەر شانۆ یان نرخی بلیت ئەو کاتە نیو دینار بوو ویســـتوویەتی بۆ ڕێزلێنانمان پێنج دینار بدات و ئامادەگی خۆشـــیان بۆ شتی گەورەتر دەربڕیوە .شۆفێری تاکسی یان جابی پاســـێک پارەی لێوەرنەگرتووم . وەک ڕێزلێنان ئەمانە هەموو ئاوێکی فێنک بوون دەکران بە گەرمایی ماندوبونمدا .

لــە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی وەک کوردەواریدا ئەمانە بەها و بایەخ و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی و کولتووری خۆیان هەیە . من بەشبەحاڵی خۆم ئەمانەم بە هاندان زانیوە و ئەوەندەم بەسبووە بۆ ئەوەی نەکوژێمەوە و ووشک نەکەم .

خواڵێخۆشـــبوو باوکی بەرێزم بە ئاشکرا هەرگیز بێزاری خۆی بەرانبەر ئەم کارەم دەرنەبڕیووە، بەڵام کە لە دەرەوە دەیبیســـت خەڵکەکە ڕێزیان بۆ هونەرەکەم هەیە ، هەستم دەکرد ئەویش زیاتر هانم دەدات . ئیـــدی دەبێت هونەرمەندێک لەوە زیاتر چی لە جەماوەر چاوەڕوانی بکات ؟.بۆ بابەتی بزاڤی شانۆیی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا هەلومەرجێکی تـایبەت ڕووبەرووی شانۆ بووەوە . ئێمە کاتێک بڕیار و ئەنجاممان هێنایە بەرهەم ، جـەماوەرێکی لەبن نەهاتوو ڕووی تێکردین . تا ڕۆژێکیان لەبەر قەرەباڵغی بەردەم هۆڵـــــــەکە بواری ئەوەم نەبوو بچمە ژوورەوە و تەنانەت سەرجادەکەش جمەی دەهات . وەک ووتم ئەوە مانگی یەکی 1968 بوو . دواتر بە پاڕانەوە خەڵکەکەمان دوورخســـــتەوە . دواجار ناچار بووم بەچەند کەسێکم ووت لە دیواری دەرەوەی هۆڵەکەوە سەریان خســـتم لە دەرگاوە ڕێی چوونە ژوورەوە نەبوو . کار بەو ڕادەیە گەیشــــــــت ناچار پەنامان بۆ پۆلیس برد بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەرەکە . دوای ئەوەش بە هەمـان شێوە چیرۆکی سەرینی بادارێمان خستە سەر شانۆ .

جـــــا ئەگەر دەقەکان بەو شێوەیە هەڵبژێردرانایە جەماوەرەکە هەر لە زیادبووندا بوون . بـــــــەڵام دوای ئەو دوو سێ بەرهەمە لە ڕێی خۆویستی و دیکتاتۆری هەندێ دەســــــەڵاتدار لە تیپەکەدا، هەدەقی لاواز و نەزۆک

هاتە بەرهەم . وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا ئەمە کارێکی وای کرد جەماوەر ئەو > ئەرێتی <یەی بەرانبەر بە شانۆ نەمێنێ و لـێیبتەکێنەوە . دوای ئەوە هەوڵێکی بێئامان درا تا جەماوەرمان بە شانۆ ئاشناکردەوە . زۆر بەرهەم هەبوو من بەشبەحاڵی خۆم زیاتر لە سەد بلیتم لە گیرفانی خۆم دەکڕی و رووم لە دۆستەکانم دەنا کە بێن بۆ سەیری بەرهەمەکە. تاوای لێهات لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا دڵی خەڵکمان لێ دەڕەنجا ، چونکە هۆڵەکە پڕدەبوو و جێگای بەتاڵیان بۆ نەدەمایەوە . شانۆ هونەرێکی بەخشندەیە ، دڵسۆزی بۆی دەستەبەری پێشکەوتنێتی . زۆر بە راشکاوییەوە دەڵێم لە ئەنجامی دڵسۆزی و هەوڵدانی هونەرمەندانی شانۆ و جەماوەرەکەوە توانرا ئەو هونەرە نوێیە بە کۆمەڵگای کورد ببەینە ئاستی شانۆکانی دەوروبەرمان و بگرە باڵاتریش . لەبەرئەوە من گەشبینم هەر کاتێک هونەرمەندانی شانۆ لە کوردستاندا بیانەوێت ووزە و توانای راستەقینە و دڵسۆزی بەکاربهێنن ، ئەوا شانۆ و بزاڤی شانۆیی هیچ کێشەیەکی نییە .

کۆمەڵەکەمان هەر لە دێرینەوە کۆمەڵێکی هونەردۆستە . هەر هونەرێکی رەسەن لەسەرشانیان داناگرن و بەرەو هەڵدێری نابەن . ئێستا لە کوردستان ئەو زەمینەیە هەر پتەوە و شانۆ هێشتا هەر زیندووە .

دەمێنێتەوە سەر ئازادی و سەربەستی هونەرمەندان و خۆنەبەستنەوەیان بە دەسەڵات و باروودۆخی لاوەکییەوە و خۆتەرخانکردنیان بۆ شانۆی رەسەن ، نەک شانۆی پروپاگەندە وهەراجخانەی دروشم و هاشە و هووشەی کاتی .

*>< پەیوەندی هونەریت بە هونەرمەندانەوە چەندە. تا چەند ئاگاداری جموجوڵ و چالاکی شانۆکارانی بەشەکانی دیکەی کوردستانن ؟.*

+ بە هۆی ئەم دووری و پەراگەندبوونە خنکێنەرەوە بە دەگمەن ئاگام لە کوردستانە ، تەنها لەرێگای ئەنتەرنێت و هەندێ کاسێت و ڤیدیۆە جارەوجار ئۆخەیەک دەکەم . سەتەلایت کە ئەمڕۆ باشترین رێگەیە بۆ شوێنکەوتنی هونەر لە کوردستاندا ، ناگاتە کیشوەری ئەمەریکا . زۆر دوورم زۆر . ناچاری و خۆدانە دەست چارەنووس بەدەست خۆم نەبوو . ئەم پەرشوبڵاوییەی کورد بە هونەرمەندانیشەوە زیاتێکی زۆری بە بزاڤەکە گەیاندووە. خۆمان وەک ئەو ماسییەمان لێهاتووە کە لە ئاو هاتۆتە دەرەوە و کەوتۆتە سەر لمی گەرم و هونەرەکەشمان وەک خۆمان لە کەنار و تەنکاودا مەلە دەکات . ئەمانە دادمان نادات و قایلمان ناکات .

هونەر بە شوێنەواری کولتوورەکەیدا زیاتر گەشە دەکات ، ئیدی لەوە زیاتر هەر هەوڵێک هەیە پەلەقاژەی نەکوژانەوە و سست نەبوونە . سەبارەت بە شانۆ لە بەشەکانی تری کوردستان ، لەو باوەڕەدا نیم هەتا ئێستا جگە لە باشووری کوردستان شانۆ هێندە لە تەکاندان و پێشکەوتندا بێت و هونەرمەنداتێکی دیار و گەشەکردوو هەڵکەوتبێتن . خۆ هەرچی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دوای باشوور چاوەڕوانی بزافێکی لێبکرێت ، ئەوە لەژێر سیستەمی دواکەوتووی مەلاکاندا یخدراوە و ژن بە عەباداپۆشراوە و توانای بەشداربووتێکی سەربەستانەی نییە . بەمە نیوەی ووزە و بەهرە و داهێنانی شانۆیی قووتداوە . سەرەڕای ئەوەی سانسۆرێکی کوشندە دەستی لە بینی هەموو دیاردەیەکی پێشکەوتنخوازی گیرکردووە . تا ئەم دواییانەش زمانی کوردی وەک راگەیاند قەدەغەبوو . ئەوەی ئێستاش رێی پێدراوە ، ئەوە بۆ سیاسەتە و کاتییە و رقی پیرۆزی کوردەکەی پێدەمژن . دوور لەهەر ئەملاولایەک گەر تەنها مافی کولتووریش لەو بەشەدا لەبەرچاو بگرین ، وا مافی نزیکەی 10 ملیون

مـرۆڤ زۆر لەوە زیاترە کە بە کورد دراوە ، یاخود بەراوردی پلە و کاریگەری ئازەری و کورد لە ئێراندا بکەین ، وا بۆمان دەردەکەوێت چەند جیاوازی هەیە . ئـــەگینا هەر وەک ووتم هەر هەلومەرجێکی باش لەوێش بێتە پێشەوە، بالاوگەشە بکەن، ئەوانیش سود لە ئـــەزموونەکانی باشوور وەربگرن ، دێنە هەمان ئاستەوە . باکووری کوردستانیش وەک ئاشـــکرایە زمانی کوردی تێیدا قەدەغەکراوە و مافی هەبوونیشی تێدا یاساغ کراوە ، کە ســەرئەنجام کۆمەڵگایەکی سەرکوتکراوی خستۆتەوە . وەک دەزانین شانۆ هەلومەرجی ئازادی دەوێت بۆ ئەوەی هەڵکشـێ و پەرەبسەتێت .

بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و رەخســاندنی ئازادی یارمەتیدەری لە دایکبونی هونەری سەرکەوتون لەم بەشەدا. رۆژئاوای کوردستان مەخابن مەگەر وەک شانۆیەکی عەرەبی تێیبڕوانین ، دەنا تا ئێســتا نەمبیستووە شــانۆی بە کوردی تێدا کرابێت . هێندە نەبێت بڵێین ئەو ئـەکتەرە بە نەژاد کوردە و فلانــە گۆرانیبێژ کوردە .

دیارە ئەمەش هەمووی لە ماکی بندەســتی نەتەوەی کوردەوە سەریان هەڵداوە . گەر کورد خاوەنی دەسەلاتی خۆی بوایە وا ژیانی لە دنیایەکی دیکەدا دەبوو!!.

*>< هونەرمـەندی خاوەن هەڵوێســت و شانۆی رەسەن هەمیشە یاساوڵ و جەللاد و دەســەلاتدار هەڕەشەی لێکردووە؟. ئێوە لــە ئاکامی کارەکانتان چەند رووبەرووی ئەم هەڕەشەیە بوونەتەوە ؟.*

+ وەک لە پێشەوە لێدوام ، شــانۆ هونەرێکی کاریگەر و هەستهەژێنە . من ئەوەندە لە شانۆ رادەپەرمووم ئەگەر نمایشەکە بەهێز بێت و هونەرمەندەکانی شۆرشگێربن و لەسەر ژیی رووداو و بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوون یاری بکەن ، ئەوا زۆر بە ئاســانی هەر لە هۆڵەکەوە راپەرین و بەرەنگاربوونەوە سەرچاوە دەگرێت . ئەوەی شــانۆ پێی دەکرێت لام وایە هیچ بابەتێکی تری هونەری و تەنانەت راگەیاندنیش پێیان نـاکرێت . ئەم راستییەش مەترسییەکی گەورەی بۆ رژێمە فاشستەکان لەهەر شوێنێ دروســت کردووە . جــا لە رژێمی بەعــس دڕندەتر نەبوو ، ئێمەش ســــوارەی ئەو گۆڕەپانە پیرۆزەبووین . لەبەرئەوە هەمیشە دەنوکیان لەسەرمان بوو، لە کـاتێکدا وەک رۆژی نیوەڕۆ لایان ئاشکرابوو ، هەرچی ئێمە دەیکەین دژ بەوانە و جگە لـە دژایەتی ئەوان هیچ مەبەستێکی دیکەمان نەبوو . ساڵی 1982 لە هۆڵی کارگەی جـگەرەکە کۆیان کردینەوە و لێپرسراوی بەعس کەوتە چەنەدان و بەشان و باڵی بەعســـدا هەڵدان و هانی هونەرمەندان و ئەدیبان بۆبەرەی بەعسی فاشست . منیش هەســــتامە ســەر شانۆکە و ئەوەی بەدەممدا هات ووتم . هەرچەندە ئەوە کارێکی ژیرانە نەبوو ، بەلام دەڵێ کە جام پڕبوو لێی دەرژێ ، لەو بێدەســــــــەلاتییەی خۆم تێدا بینیەوە هیچ دەرەتانیکی دیکەم بۆ نەمابۆوە بۆیەکا کوشــــتنم بۆ خۆم مسـۆگەر کرد .

هەر وەک چۆن >متنبی< بە > سیف الدولە < دەڵێت : وەک ئەوە وابوو لە پێڵوی مردندا بوو بێت و مردن خەوی لێکەوتبێت . منیــش لەو کاتـــەدا مردن و کوشتنم خەویان لێکەوتبوو . کاک حەمە ئەمین پێنجوێنی کۆڕەکەی دەبرد بەڕێوە . هـــــەر لەهەمان کۆڕدا دوو ئەدیبی تریش هەمان هەڵوێستی دژایەتییان لە بەعس بۆ خۆیان تۆمارکرد . ئەوانیش کاک حەمە سەعی حەسەن و کاک حەمە فەریق حەسەن بوون . کەچی هەندێ هـــــونەرمەندی بودەڵە و باوەڕ لەرزۆک پێیان دەگوتین ئەوانە بەعس هانی داون وا بڵێن بۆیە هیچیان لێناکەن .

وەک باســــم کرد لە ساڵی 1979 دا کابرایەک بەناوی عبدالغفار سایغ ئەوکاتە ئەمینداری رۆشـــــنبیری و

لاوان بوو لەسەر نمایشکردنی چیرۆکی پەروانەی دڵشاد مەریوانی فـــەرمانی گرتنی بەندە و دڵشـــاد و جەلیل زەنگەنەی دەرکـرد . بـــەوە تاوانبارکرابووین ئەم نمایشە بە ئاشـــکرا دژی بەعـــس بەرهـــــەمهێنراوە . چـــەند ئەمیندارێکی تر کـــە لەوێ ئامادەبوون داکۆکییان لێکردین بە تایبەت پارێزەر کاک حەمە سدیق رزگاری کردین .

هـەروەها لەسەر چیرۆکێکی مـناڵان بە ناوی > سوورە ماسی< مشتومڕێکی زۆر کەوتبووە تێوان رێکخراوی بەعس وبرادەرانی هونەرمەندم لە چالاکی قوتابخانەکان . هەرچۆتێک بێت توانیبوویان ناوەکەم بکەن بەژێر لێوەوە ، دەنا خوێنم کرابووە کاسەوە . بۆ هەر یەکێک لە چیرۆکەکانی کابرا ســـــــەیرەکە و گوڵاڵە و میراتی پێش نمایشکردنی بۆ ئاســـــــایشی رژێم بانگ دەکرام و پەیمانی دەستنوســـــیان پێ پڕدەکردمەوە ، کە ئەو چیرۆکانە ئەوە ناوەرۆکەکەیانە و بە هیچ جۆرێک خراپ شـــیناکرێنەوە . جا عەرەبێک ئەم هەمـوو مانا و پێچوو‌پەنا و ئەدەبە سیمبۆڵییە لەکوێ دەزانێت وتێدەگات، ئەگەر کاکەی خۆفرۆش> نەیدابم بەدەمەوە< لەم دواییانەدا لە ئاسایشەوە فەرمان بۆ کۆمەڵەی هــونەرە جوانەکان دەرچوو بوو بۆ هەر نمایشــێکی شـانۆیی دەبێت ریزی پێشەوە هەمیشـــە بەتاڵ بێت بۆ پیاوانـــی ئاسایش . ئەوانیش دەهـاتن لە کاتی نمایشکرندا چرک ، چرک وێنەی ئەکتەرەکانیان دەگرت و لەنیوەیدا بەجنیودان وبۆڵەبۆڵ ملیان وورد دەکردوهۆڵەکەیان جێدەهێشت .

ئـــــا بەم شێوازە و لەو بارودۆخەدا کارمان دەکرد و شانۆ گەشەی کرد و بوو بەو شـــــانۆیەی هەمیشە جێی شانازییە . بەڵێ بەرهەمەکانی ئێمە رسکاوی ئەو هەمـوو ژان و ئازار و ئەندێشانە بووە .

کـــــەچی لە هەنووکەدا پێویست بوو شانۆ شەقاو و قەڵبەزەی گەورەتر و بە پێزتری بهاویشتایە !! . بەتەمای ئێزدان دەبین .

*>< خـــــــوێندنەوەی ئێوە بۆ شـــــانۆی کوردی چۆنە و سەرەتای بۆ کەی دەگەڕێتەوە ؟ چ ئاستۆیەکی لەبەردەمدا دەبینن ؟.*

+ زۆرجار لەسـەر ئەم باســـە دووام و نووسـیومە و شرۆڤەم کردووە . کەی شانۆ بە ئێمە ئاشنا بووە گرنگ نییە ، بەڵکو ئەوە گرنگە ئێســتا لە چ بار و ئاستێکدایە .

ئەگەر یەکێ لە ســـاڵانی حەفتاشدا شانۆی کوردی بدیبایە ، نەیدەووت ئەم شانۆیە هونەرێکی تازە کوورەیە بەم کۆمەڵە لە ئاییندەدا پێویســــــــــتی بـە رۆژگارێکی دوورودرێژ هەیە تێیدا پێش بکەوێت . خۆ گریکییەکان لە هەمـوو جیهاندا سەرچاوە و دایکە گەورەی شـــــــانۆن ، کەچی ئێســـــتا زۆر لە دوای ئینگلیز و فەرەنســـی و رووسییەوەن . تەنانەت ئەمڕۆ شانۆیەکی وا پێشکەوتوویان نییە شانازی پێوە بکەن .

شـــــانۆ هەرچەندێکی بهێنیت و بکشێنیت و ببەیت لە سـییەکانی ئەم سەدەیەی رابردوو زیاتر ناچێتە دواوە . تا پەنجاکانیش ئەوانە هەر بەناو شـانۆبوون . ئەگینا لە ماڵە باجێنەی منـاڵان و چێشتە قولێی جاران تێپەڕی نەکردووە . بۆ یەکەمجار لــە مێژووی شانۆی کوردیدا وەک هونەرێکی شایســـــتە و پوخت و بێ مشـــــتومڕ ئەو بەرهەمەبوو کە لێی دوام> بڕیاروئەنجام <ی خوالێخۆشبوو ئەمینی میرزا کەریم .

ئەمە زۆر بە تێر و تەســـــەلی کرا و دیکۆر و رووناکـــی و مــاکیاج و دەرهێنان و ئێکسوار و نمایشێکی شیاوی تێدا درا بەدەســـــتەوە ، ئەگینا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نمایشەکانی کاتی هونەرمەندی مەزن رەفیق چالاک ، ناتوانین بڵێین شانۆ نەبوون . بەڵام لە رووی نمایش و دیکۆر و ماکیاج و توخمـــەکانی شـــانۆوە کاڵ و کرچی

پێوە دیار بووە . جگە لەمانەش زۆر ساکارانە مامەڵەی لەگەڵ بینەردا دەکرد . هەرچەندە وەک دەڵێن کاڵا بە قەد باڵا بووە . بینەری ئەو کاتانە ئەوەیان لە لا زۆر بووە . خۆ دەتوانم بڵێم ئەگەر رەفیق چالاک نەبوایە ئەوا ئەو شانۆیەش نەدەبوو .

ئەمەش کەمکردنەوەی مەزنایەتی ئەو نییە ، بەڵکو ئەوە تواناکە بووە لەناو کۆمەڵێکی ژێرکارتێکردنی زۆر نەرێتی بەرانبەر بە پێشکەوتن . جا لێرەدا دەتوانین بڵێین رەفیق چالاک بنەمایەکی بۆ شانۆی کوردی رەخساند .

مێژووی شانۆی کوردیش لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ئەو کاتەوە جەختی لەسەر دەکرێت ، ئەم هونەرمەندانەش شۆڕەسواری ئەو مەیدانە پیرۆزەبوون : رەفیق چالاک ، نووری وەشتی ، تەها خەلیل ، سمکۆ عەزیز ، بورهان مەسرەف ، دڵشاد مەسرەف ، کەمال قەرەداغی ، ئیسماعیل بەرزنجی ، فوئاد حمەئەمین ئاغا و رەئووف یەحیا و چەند ژتێکی هونەرمەندی وەک نەرمین ناکام و مامۆستا رەحمە و پاکیزە عەبدوڵڵا. هەندێ هونەرمەندی دیکەش ئەوانە هەر زوو کوژانەوە . بێگومان لە سالانی پێش ئەمانیشدا مامۆستای بەرێز خوالێخۆشبوو فوئاد رەشید بەکر و مەجید فەنی برایی و حاجی عەلی کەبابچی و چەند بەرێزێکی تریش لە مێژووی شانۆی کوردیدا لە سەرەتاکانن و هەوڵ و کۆششی خۆیان هەیە . ئیتر لەمانە بترازێت یەک ناوی کۆنتر شک نابرێت کە لە پێش ئەمانەدا کاری شانۆییان ئەنجام دابێت .

هەرچی هەوڵێ بۆ ئەم چەمکەش درابێ لە زیادەرۆیی زیاتر هیچی دیکە نییە . بەزم و رەزمی دیوەخانان و سەیرانگاکان وبۆنە و زەماوەندەکان ئەمانە هیچی درامایەکی تێدا نەبووە و لەشەو چەرە و حیکایەتخوانی زیاتر هیچی دیکە نەبووە . کۆمەڵی کوردەواری پێویستی بە شانۆیە .

چۆن رۆژانە قوتابی دەڕواتە قوتابخانە و دوارۆژی خۆی کۆنترۆڵ دەکات ، ئاواش جەماوەر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجی دەوروپشتی و جیهان و شرۆڤەکردنی ئەو بارودۆخە و لە هەست و نەستیدا رەنگَ بداتەوە و شتی لێوە فێر ببێت ، پێویستی بە ئامشۆکردنی شانۆیە و خۆی ئامادە و گەڵاڵە بکات ببێتە بینەرێکی رۆشنبیر بە نهێنییەکانی شانۆ . ئەگەر شانۆکاران ئەم دیاردەیەیان رەخساند ئیتر خوای دەکرد شانۆ دوێنێ هاتبێتە ناومانەوە. گرنگَ ئەوەیە ئەمڕۆ چەند خەملیوە و گەشاوەتەوە و رۆڵی خۆی دیوە و ئەرکەکانی بەجێگەیاندووە وکوردایەتی بۆ ئەو هەلومەرجەی نەتەوەی کوردی تێدایە چەند هەوێنی کارەکانی بووە وچەند و چۆن سەرکەوتنی تۆمارکردووە ؟.

*>< کوردایەتی چەند هەوێنی کارەکانی ئێوەیە ؟ بۆ ئێوە بیری نەتەوەیی و جیهانبینی نەتەوەییانە چەند پێوەر و مەبەستە و شوناسی ئێوەی پێکهێناوە ؟ لە کارەکانتاندا چەند کارتان پێوە کردووە و دەکەن ؟.*

+ تا سەر ئێسقان من ئەگەر ئەو بیرە نەبوایە نەدەچوومە سەر شانۆ . لە یەکەم شانۆگەرییەوە بەتەمای ئەوە چوومەتە سەر شانۆ ، کە ئەم هونەرە لەناوکۆمەڵی کوردەواریدا بگەشێتەوە و پەرەبسێنێت . تەنانەت بەوە قایل بووم رۆڵی کچێک ببینم و رووبەرووی جەماوەر ببمەوە و داهێنانیش لە رۆڵەکەدا بکەم . کەسیش هەست بەوە نەکات کە رۆڵەکە هی کچە و کوڕێک پێی هەڵدەستێت .

بیرمـــە ئەوەندەم دیاری بۆ هاتە سەر شانۆ نەمدەزانی چییان لێبکەم . هەرچەندە ئەو کـــاتە بۆ یەکێکی وەک من ئەوە ئاســـــــان نەبوو ، بەڵام ئەگەر من ئەو رۆڵەم نەدیبایە ، چیرۆکەکە ئەو سەرکەوتنەی بەخۆیەوە نەدەدی . لە راســـــتیدا زۆر برادەر خۆیان تاقیکردەوە ، بەڵام توانایان بەسەردا نەشکا . ناچار من وازم لـە رۆڵێکی خۆم هێنا و رۆڵی ئەو کچەم بینی . وەک ووتم لەم چیرۆکەوە هونەری شـــــــانۆ لای ئێمە کەوتەوە گەڕ . ئێمە لە ژێر فشاری رژێمی داگیرکەری بەعسـدا لە شـــــــــانۆ نزیک بووینەوە . هەر لەژێر ئەو فشارەشدا برەومان بە شـــانۆکەمان دا بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک لەبەرەی نەتەوەکەمان لامان دابێت . جـــــــــا ئەمە هەندێجار بە زەقی و هەندێجار وەک سیمبۆڵ و هەندێجار بە روونکردنەوەی دۆزی ئەو نەتەوەیەی نزیکە لە دۆزی کوردەوە . وەک ( چاوی ڤێتنام و پەروانە و میراتی و گوڵاڵە و دوژمنی گەل ) وە هتد کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداریم تێیاندا کردووە .

جەماوەرەکەشمان وا خەملاندبوو لە خۆمان چاکتر شارەزابوون لە چ ژێیەک دەدەین و چارەســـەری بۆ دەستنیشان دەکەین . دەرئەنجام کار بەوە گەیشت سانسۆریش رێی نمایشکردنی بەرهەمێکی پێ بدایناية وا لەئاسایشەوە زۆرجار بەرهەمەکـانیان قەدەغە دەکردین . خۆ بینەرێکیش نەشی زانیبایە ئێمە چی دەڵێین زیاتر تامەزرۆی نمایشەکانمان دەبوو و لە رۆشنبیرەکان زیاتر هەڵپەی بوو بۆ بینینی شانۆگەرییەکان ، چونکە دەیزانی هەرچی بکەین لەبەرەی ئەوداین .

شانۆ هەناسەیەکی درێژ بوو، بینەر هەستی دەکرد دەست لە بینە قاقای بووەتەوە و وەک نەتـەوەیەک بونی خۆی تێدا دەردەبڕ و هەستی بە بوونی خۆی دەکرد . ئێمەش تا توانیمان و زیـــــاتریش ئەو رێگایەنەمان بۆ نەتەوەکەمان تەخت دەکرد ، کە وایان دەزانی لێیان گیراوە و رێ دەرناکەن . تین و تەوژمی نوێمـــــان دەدانێ . نموونـــەی نەتەوەکانی ترمان نیشان دەدان ، کە چۆن خۆیان لە دەست داگیرکەر رزگار کردووە . مرۆڤی گەندەڵ و خۆفرۆش و نا کوردپەروەرمان تێدا ریسوا دەکرد و مرۆڤی بەجەرگ و کوڕی نەتەوەمان تێدا سەربڵند دەکرد . تەنانەت ئەگەر گروپێکی دیکەش لەســـەر ئەو رێ و شـوێنە نەرۆیشــــــتایە و لەسەر تەلی فەلسەفەی قرپۆک برۆیشتایە ، ئەوا دەستەکانیمان دەخســـــتە روو و مەبەستە قرچۆکەکانییانمان لەقاو دەدا ولەبەرەی نەتەوەکەماندا جێی کارەکانیان نەدەکرایەوە.

هــونەرمەندی نەتەوەیی و رەسەن سەنگی مەحەکی بەرهەمی رەســەنە . هــــەر هونەرمەندێکی رەسەن پێش وەخت دەزانم چی دەخاتە ســـەر شـــانۆ و چی دەدات بەدەستەوە ، چونکە ئەمە وەک ئەوە وایە کەچاوەڕوانی دەنگی کـــــەناری لە قاژوو

بکەیت و بە پێچەوانەشەوە >< >< ><

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

'' مـــن ... شـــــانۆ بەو گۆڕەپانە پیرۆزە دەزانم لە ویژدانی بینەرم نزیک دەخاتەوە و لەگەڵ بینەردا لەناو یەکتریدا تێکەڵ دەبین . هــــەروەک چۆن دیندارێک لە جێگایەکــــی پیرۆزی وەک مزگەوت و کەنیســـــــــە لەگەڵ خۆشەویســـــــتی خواوەندەو پێغەمبەراندا ئاوێتەی یەکتر دەبن ، ئێمەیش ئاوهاین. خۆ میحرابی مزگەوت وکەنیسەش هەر شانۆیە، بۆیە منیش هەر شانۆیەک راستی بکاتە ئامانجی و جەماوەر چەواشـــە نەکات و لەبەرەی نەتەوەکەیدا بێت ، ئەوە وەک ئەو شوێنە پیرۆزانە

وان بۆ من (... . . . .)

شـانۆ..لای من ، مـنی کوردی وڵات داگیرکراو و پارچەپارچەکراو ئەمڕۆ ئەبێ ئەو مـەچەکە نەترســــــــە بێت یەخەی جەماوەر راتەکێنێ ، جاڕی رووخاندنی فەلسەفەی چەواشەکەر و ریسواکردنی بیروباوەڕی تێکـــــدەری هـــاوردە بدات. لە هەمان کاتدا جاڕی بنیاتنانی رێگاچارەی راســـت و دروستی نەتەوەیی بدات و هەڵوێســـت لەو تاقیکردنەوانەی نەتەوەکەمان وەربگرێت ".

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

SOKSE : P.F. 100 673 10566 Berlin- germany
E- mail : SOKSE @ gmx .de
دەزگـــای چـــاپەمەنی شــــەهید فـــەرهـــــــــاد






پاسکیلخانەی عەزیز



××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

" من ... شانۆ بەو گۆڕەپانە پیرۆزە دەزانم لە ویژدانی بینەرم نزیکێ دەخاتەوە و لەگەڵ بینەردا لەناو یەکتریدا تێکەڵ دەبین . هەروەکێ چۆن دینداریکێ لە جێگایەکی پیرۆزی وەکێ مزگەوت و کەنیسە لەگەڵ خۆشەویستی خواوەندەو پێغەمبەراندا ئاوێتەی یەکتر دەبن ، ئێمەیش ئاوهاین. خۆ میحرابی مزگەوت وکەنیسەش هەر شانۆیە، بۆیە منیش هەر شانۆیەکێ راستی بکاتە ئامانجی و جەماوەر چەواشە نەکات و لەبەرەی نەتەوەکەیدا بێت ، ئەوە وەکێ ئەو شوێنە پیرۆزانە وان بۆ من (... ....)

شانۆ..لای من ، منی کوردی وڵات داگیرکراو و پارچەپارچەکراو ئەمرۆ ئەبێ ئەو مەچەکە نەترسە بێت یەخەی جەماوەر راتەکێنێ ، جاڕی رووخاندنی فەلسەفەی چەواشەکەر و ریسواکردنی بیروباوەڕی تێکدەری هاوردە بدات. لە هەمان کاتدا جاڕی بنیاتنانی ڕێگاچارەی راست و دروستی نەتەوەیی بدات و هەڵویست لەو تاقیکردنەوانەی نەتەوەکەمان وەربگرێت " ●

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××


SOKSE : P.F. 100 673   10566 Berlin- germany

E- mail : SOKSE @ gmx .de



دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد


======================================